دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦١٠

پێنج‌شەممە
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

### ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور:
## ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگنووسان ئازاد بکرێن

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ڕاگەیەنراوێکدا داوا لە رووحانی سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خولی یازدەم دەکا ٥٤ رۆژنامەنووس و وێبلاکنووسی دەسبەر ئازاد بکرێن. لەم راگەیەنراوەدا وێڕای ئاماژە بە سەرکوتی ساڵی ٨٨ رووحانی ئامۆژگاری دەکرێ کە بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ئێران؛ پێویستە ئەو وڵاتە بەڵێنە نێونەتەوەییەکانی خۆی بەرێتە سەر و، بە تایبەت ئازادی راگەیاندن و رادەربڕین رەچاو بکا. هەروەها بیر دەخاتەوە کە یەکێک لە پرۆپاگەندەکانی ناوبراو پێش هەڵبژاردن؛ رەچاوی کرانەوەی ئەم بنەما سەرەکییانەی بووە بۆ خەڵک.

# گەلانی ئێران داواکاری گۆڕان و چاوپێداخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتن

بەیاننامە

## ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ڕێفراندۆمێکی واتادار

**هاونیشتمانە ئازادیخوازەکان!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**تینوان وهۆگرانی ئاڵوگۆڕ لە ئێران!**

رۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ، خەلکی ئێران بۆ جارێکی دیکە چوونەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا وێڕای هەڵبژاردنی شووراکانی شار و دێ، لە نێو ٦ کاندیدای پۆستی سەرکۆماریی ئێران دا، یەکێکیان هەڵبژێرن.

هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێران دا لە بارودۆخێک دا بەڕێوە چوو کە:

– دوو لە بەهێزترین کاندیداکانی خولی پێشوو(میرحوسێن مووسەوی و مێهدیی کەڕروبی) کە یەکەمیان براوەی هەڵبژاردنی خولی پێشووی سەرکۆماری بوو، وێڕای سەدان ناڕازیی دیکە لە دەسکاریی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە هەر وا لە دەستبەسەری و بەندیخانە دابوون،

– زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کاندیدایانەی دەیانتوانی نوێنەرایەتیی بەشێک لە ویست و داخوازەکانی خەڵک یان تەنانەت ریفۆرمخوازانی دەرەوە و ناوەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن، لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، سەلاحیەتیان رەت کرابۆوە و مەیدانەکە بە تایبەتی بۆ کۆنەپارێزان و ئوسوولگەراکانی نزیک بە ناوکەی ئەسلیی دەسەڵات، ئاوەڵا هێشترابۆوە،

– حیزب و و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، هەر وەها زۆر کەسایەتیی جۆراوجۆر و چالاکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات ، بە هۆی دژەدیموکراتیکبوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی و ڕێزدانەنانی ڕێبەری و دامەزراوە داسەپاوەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە بۆ ئاکام و پەیامی هەلبژاردنەکان، هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی جۆزەردانیان تەحریم کردبوو.

لە لایەکی دیکەوە خەڵکی وڵاتی ئێران لە هەلومەرجێک دا بەرەو دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکانی شار و دێ چوون کە:

– ئەزموونی تاڵی ٨ساڵ دەسەڵاتدارەتی و بەڕێوەبەرێتیی سەرکۆمار و دەوڵەتێکی گوێ لە مستی بەیتی رێبەری و سوپای پاسداران و دەزگا و دامەزراوە نیزامی و ئەمنییەتییەکانیان بە نرخێکی گران تێدەپەڕاند ،

– لە ئاکامی هەرچی یەکدەستکرانی دەسەڵات لە هەر سێ بیاڤی یاسادانان و بەڕێوەبەرێتی(دەوڵەت)، قەزایی دا،سەرکوت و دەمکوتکردنی نەک هەر چەشنە دەنگێکی جیابیر و ناڕازیی نێو خەڵک، بەڵکوو هی نێوخۆی نیزامیش، ببووە رەواڵێکی ئاسایی و، خەفەقان و زەبروزەنگ باڵی بە سەر هەموو ولات دا کێشابوو،

– سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد و دەزگا و دامەزراوەکانی دیکە لە هەر دوو ئاستی نیوخۆیی و دەرەوە دا، کە شەخسی ڕێبەری نیزام هاندەر و پشتیوانیان بوو، خەڵک و وڵاتی ئێرانیان لە گەڵ گوشار وتەحریمی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەی جیهانی و کێشە و قەیرانی جۆراوجۆریی نیوخۆیی بەرەوڕوو کردبوو.

بەم جۆرە هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی جۆزەردان، وێڕای بەربەستە جۆراوجۆرەکان لە سەرڕێی خۆپالاوتنی کاندیداکان و سەرەرای موهەندیسی کرانیان لە لایەن بەیتی رەهبەری و فەرماندەرانی سوپای پاسداران و شووڕای نیگابان، دەرفەتێک بوون لە بەردەم خەڵکی ئێران دا. جارێکی دیکە دەنگدەرانی ئێران کەوتنەوە سەر دووڕییانێک. لە خێری هەڵبژاردنێکی نائازادی پڕ لەکەموکووڕی و بەربەست، چاوپۆشی بکەن و مەیدانەکە بۆ تاقمێک بڕیاربەدەستی نیزامی کۆماری ئیسلامی چۆل بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی موهەندیسیی کراوەوە، بێ هیچ گرفتێک پاشماوەی بەرنامەکانیان ببەنە پێش؟ یان بە وشیاری و زیرەکییەوە بێنە نێو مەیدانەکە و لە چوارچێوەی زەرفییەتی بەرتەسکی هەرئەو جۆرە هەڵبژاردنانەش دا، ئیرادە و پەیامی خۆیان بە شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی بە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بە دنیا نیشان بدەن؟

ل ٤



لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا کە ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان بەڕێوە چوو، کاندیداکانی قۆڵی توندڕەو و کۆنەپارێزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گەڵ شکستێکی سەرسوڕهێن بەرەوڕوو بوون.

ئەگەرچی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کاندیدایانەی دەیانتوانی نوێنەرایەتیی بەشێک لە ویست و داخوازەکانی خەڵک یان تەنانەت ڕیفۆرمخوازانی دەرەوە و ناوەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن، لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، سەلاحیەتیان ڕەت کرابۆوە و مەیدانەکە بە تایبەتی بۆ کۆنەپارێزان و ئوسوولگەراکانی نزیک بە ناوکەی ئەسلیی دەسەڵات ئاوەڵا هێشترابۆوە، بەڵام خەڵکی وڵاتی ئێران، ئامادە نەبوون مەیدانەکە بۆ تاقمێک بڕیاربەدەستی نیزامی کۆماری ئیسلامی چۆل بکەن. ئەوان بە وشیاری و زیرەکییەوە چوونە نێو مەیدانەکە و لە چوارچێوەی زەرفییەتی بەرتەسکی ئەو هەڵبژاردنەدا، ئیرادە و پەیامی خۆیان بە شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی بە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بە دنیا نیشان دا.

نزیکەی ١٩ میلیۆن دەنگدەر، دەنگیان بە حەسەن ڕووحانی، تاکە کاندیدایەک دا کە خوازیاری «ئیعتدال ومیانەڕەوی» و چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن زۆربەی چاوەدێرە سیاسییەکانی نیوخۆ و دەرەوە وەک ڕەتکردنەوەی سیاسەتی توندڕەوانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نیوخۆیی و دەرەکی دا لێک درایەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە بەیاننامەیەکدا کە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دا بڵاو بۆتەوە، ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنەوەی وەک ریفراندۆمێکی واتادار ناوبردوە کە پێویستە هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزیسیۆن، هەڵوێستەی جیددی و بەرپرسانەی لە سەر بکەن و پەیامەکانی خەڵکی ئێران بە شیوەیەکی واقیع بینانە و بوێرانە بخوێننەوە.

## سەرکۆماری ئامریکا: خەڵکی ئێران خوازیاری گۆڕانن



باراک ئۆباما سەرکۆماری ئامریکا لە یەکەمین دژکردەوەی رەسمی خۆی بە نیسبەت هەڵبژاردنی حەسەن ڕووحانی گوتی: خەڵکی ئێران گۆڕانیان دەوێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز ئۆباما کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی هەشت وڵاتی سەنعەتی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ وێلادیمیر پووتین هاوتای ڕووسیی خۆی قسەی دەکرد گوتی: هیواداره بەم هەڵبژاردنە ڕێگە بۆ کرانەوەی وتووێژگەلێک خۆش بکرێ کە چارەسەری قەیرانی ناوکی ڕێژیمی ئێرانی لێ بکەوێتەوە.

ئۆباما هەروەها لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی «پی بی ئێس»ی ئامریکادا گوتی

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە لە ئێران نیشانەی ئەم مەسەلەیە کە خەڵکی ئێران خوازیاری گۆڕانن.

ئۆباما لە وتوویژ لەگەڵ بەرنامەی بەناوبانگی «چارلی رۆز»دا گوتی: خەڵکی ئێران بەم هەڵبژاردنە وڵامی «نا»یان بە توندڕەوەکان دایەوە، ئەم توندڕەوانەی کە لە هیچ شوێنێک و سەبارەت بە هیچ مەسەلەیەک ئامادەی سوڵح و ئاشتی کردن نین.

## یەکەمین کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسیی حەسەن ڕووحانیو بەڵێنیەکانی



چاکسازی لە بواری ئابووری، پیشگرتن بە سەپاندنی گەمارۆی نوێو کەمکردنەوە لە گەمارۆکانی ئێستا گرینگترین بەڵێنی‌یەکانی رووحانی بوون.

لە وڵامی هەواڵنێری ئەلجەزیرە سەبارەت بە پێوەندیەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی عەڕەبی بە تایبەت وڵاتانی کەنداوی فارسو بارودۆخی سووریە رووحانی گوتی: ئەولەویەتی دەوڵەت لە سیاسەتی دەرەوەدا، گرێدانی پێوەندی‌یەکی دۆستانەو نزیک لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێ‌یە.

سەبارەت بە پێوەندی‌یەکانی ئێران لەگەڵ سووریەدا گوتی: چارەسەری کێشەکانی سووریە لە ئەستۆی خەڵکی ئەم وڵاتەیەو دوایین بڕیاریش هەر دەبێ لەلایەن ئەوانەوە بدرێ. حەسەن رووحانی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران گوتی: ئێمە پێمان وایە کێشەی ناوکی تەنیا لە ڕێگەی دانووستانو متمانە کردن بەلایەنی بەرانبەر چارەسەر دەکرێ. ئێمە هەوڵ دەدەین کە هەنگاو بە هەنگاو گەمارۆ لە سەر خەڵک لابەرین.

ناوبراو لە وڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکدا کە باسی لە بەرنامەی رووحانی بۆ کێشەی ناڕازیان و کەسایەتی‌یە رەخنەگرەکان، بە تایبەت مووسەوی و کەڕووبی، گوتی: زۆرێک لە کارەکانی دەزگای قەزایی بە تەنیایی جێبەجێ ناکرێو دەبێ هەر سێ دەزگای حکومەی بەیەکەوە هەوڵی بۆ بدەن. رووحانی گوتی: بارودۆخ دەگۆڕدرێ و بواری لەبار بۆ وەدیهاتنی زۆربەی ویستو خواستەکان خۆش دەکرێ.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی «تاوتوێی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران و دەرئەنجامەکانی»



دەسبەکاربوونی حەسەن رووحانی تەرخان کردو رۆڵ و لێهاتوویی دەوڵەتی داهاتووی حەسەن رووحانی هەڵسەنگاند.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی جۆزەردان سمینارێک لە لایەن کومیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژێر ناوی «تاوتوێی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران و دەرئەنجامەکانی» بەڕێوەچوو. لەم سمینارەدا ئارەش لورستانی لە سێ بەش‌دا باسی لە بارودۆخی پێش هەڵبژاردنی ئێران، رۆژی هەڵبژاردن، بارودۆخی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەنگدەران تاوتوێ کرد.

هەروەها لە دوایین بەشی ئەم سمینارەدا باسەکانی وەک داهاتووی هەڵبژاردنی دوای


لێکدانەوەیەک بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٩٢و دوورەدیمەنی داهاتوو
٥


باسکردن لە «حقوقی اقوام» لەلایەن کاندیداکانی سەرکۆماری ئێرانەوە بۆ؟
٦


« تەقسیم»و ئاڵۆزییەکانی چەقی شارەکانی تورکیە
٦


رادیۆ دەنگی کوردستان، هاوارێک لە بێدەنگیی سەرەرۆیی‌دا
٧


ستراتیژیی زلهێزەکان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە
٨

## سەردانی هەیئەتێکی کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان بۆ باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن

هەیئەتێکی کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە لەندەن سەردانی باڵوێزخانەی عێراقی کرد. لەوکۆبوونەوەیەدا هەیئەتی کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان کە بە مەبەستی خۆناساندنو بە خێرهێنانی باڵویزی نوێی عێراقی فیدراڵ ئەو سەردانەی رێک خستبوو، لەلایەن دکتۆر فایەق نێروەیی‌و کاربەدەستانی باڵویزخانەوە بە گەرمی وەرگیران.

لەو دانیشتنەدا کە شیروان دزەیی، نوێنەری سیاسیی باڵوێزو خاتوو تانیا قادر، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانە تێیدا بەشدار بوون، کورتە باسێک لەسەر کارو چالاکییەکانی کومیتەی هاوکاریی‌و بەرنامەو پلانی داهاتوویان کراو، لەسەر رەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت بارودۆخی نالەباری سووریە، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێرانو دوایین گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.شایانی باسە کە مەولوود سوارە، ئەندامی رێبەریو نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لەم دانیشتنەدا بەشدار بوو .

## پێشوازیی سکرتێری سوسیال ئینترناسیۆنال لە سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبنکەی سەرەکیی سوسیال ئینترناسیۆنال لە لەندەن پێشوازیی لێکرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ ی جۆزەردان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کۆبۆوە.

لەو دیدارە دا سەرەتا کاک خالید عەزیزی بەناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتەوە بەداخبونی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی « پییەر مۆڕوا»، ڕێبەری پیشووی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو هەروەها سەرۆکی پێشووی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دەربڕی.

پاشان هەردوولا باسێکی تێروتەسەلیان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە سووریە کردو جەختیان کردەوە کە چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیە لەڕێگای وتووێژو دیالۆگەوە، هەنگاوێکی عەمەلی‌و گونجاو بۆ کۆتایی بەو پرسەیە.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە لەسەر داهاتووی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بوو.



لەو دیدارەدا لە پێوەندی لەگەڵ کۆبونەوەی گرووپی کاری کوردان لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان، کە هەر لەوێ ناوەکەی بە «کۆمیتەی پرسی کورد» لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست گۆڕدرا ، بە وردی قسە کراو دوولایەن چالاککردنی زیاتری ئەم کۆمیتەیەیان بە گرنگ دانا.

بەشێکی دیکەی باسەکانی نێوان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لەپێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بوو، کە بەشێک لە حیزبە سوسیالیستو سۆسیال دێموکراتەکانی ئوروپاو لایەنەکانی بەشدار لەم بنەماڵەیەدا، ڕۆژی ١٢ ی بانەمەڕ لەشاری لایپزیکی ئەڵمان، ڕێکخراوێکی دیکەیان بە ناوی هاوپێوەندیی پێشکەوتن‌خواز پێک هێنا، کە لەم بەشەدا لویس ئەیالا بە ئاماژە بەو ئاڵۆزییانەی لە ئەنترناسیونال سوسیالیستو هەروەها چالاکییەکانی لەم ماوەیەدا کراون، باسێکی چڕوپڕی پێشکەش کرد.

## پێشوازیی حیزبی لیبڕاڵ دێموکراتی بریتانیا لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی دەفتەری سەرەکیی حیزبی لیبڕاڵ دێموکڕاتی بریتانیای کرد.

ڕۆژی هەینی، ٢٤ ی جۆزەردان خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتیی مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا بە مەبەستی نۆێکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی لیبڕاڵ دێموکراتی بریتانیاو، هەروەها دانی زانیاریی زیاتر لەبارەی دۆخی نالەباری ئێرانو کوردستانو حەقکوژییە بەردەوامەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دژ بە گەلی کورد سەردانی دەفتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزبی ناوبراو لە شاری لەندەنیان کردو لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەرپەسانی ئەو حیزبە بەرەورروو بوون. لەو دیدارەدا جیا لەو باسانەی ئاماژەیان پێکرا، تیشک خرایە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی یازدەهەمین گەڕی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووراکان لە ئێرانو نادێموکڕاتبوونی ئەو هەڵبژاردنانە. مەسەلەی کورد لەئێرانو پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو.

لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەردووکلا پێیان لەسەر پتەوترکردنی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتو حیزبی لیبڕاڵ دیموکراتی بریتانیا داگرتو و نوێنەری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزبی لیبرال دیموکرات بە ڕەسمی داوای لە حیزبی دیموکڕات کرد کە لە کۆنگرەی داهاتووی ئەو حیزبەدا بەشدار بێ. پێویست بە ئاماژەیە کە هەردووک حیزبی لیبڕاڵ دیموکرات و حیزبی عەوامی بریتانیا حکوومەتێکی هاوبەشیان پێک هێناوەو ئێستا دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی بریتانیا لە دەست ئەو دوو حیزبەدایە.



## بەڕێوەچوونی کۆڕێک لە ژێرناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا

کۆمسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ « حیزبی دێموکراتی کوردستانو پرسی هەڵبژاردن لە ئێران»دا کۆڕێکی بۆ کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێک هێنا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٢ ی جۆزەردان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دێموکرات، کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەرپرسی کۆمسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزب بابەتێکی لە ژێر ناوی « حیزبی دێموکراتی کوردستانو پرسی هەڵبژاردن لە ئێران»دا خستە بەر باس.

کەماڵ کەریمی لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌و شووراکانی شارودێدا کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەڕێوە چوون، خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی شیکردەوە.

کەریمی لە درێژەی باسەکەیدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە دەقی بەیاننامەو هەڵوێستەکانی حیزب لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا، پێی وابوو کە وێڕای ئەوەیکە ڕێبەریی حیزب وەک پرسێکی سیاسی روانیویەتە پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێران، بەڵکوو واقیعبینی و خوێندنەوەی دروستی هەلومەرجەکەش بەم هەڵوێستەو بەیاننامانەوە دیارە.

هەر لەم پێوەندییەدا کەماڵ کەریمی بە ڕوانینێکی رەخنەگرانەوە ئاشکرای کرد کە هێندێک جاریش حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدوای خوێندنەوە واقعبینانەکانی خۆی بە نیسبەت هێندێک لە هەڵبژارنەکان‌دا نەچووەو لە دەرفەتەکان کەلکی وەرنەگرتوە.





کەماڵ کەریمی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە ئاماژەدان بە قۆناغێکی نوێ لە ناکۆکی‌یەکانی نێوان دامودەزگاکانی ڕێژیمو گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران‌داو زەقبوونەوەی سەفبەندیی سیاسیی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات لە ئێران، باسی لە فازێکی نوێ لە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانی نێوخۆی ئێرانەوە کرد.

بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا گوتیان بە دەرکێکی واقیعبینانەتر لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای ئێرانو ناکۆکی‌و سەفبەندییەکانی نێو نیزامی دەسەڵات‌دار، حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی نوێی بەبەر هەڵوێستەکانی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی هەڵبژاردنەکان‌دا کرد.

کەماڵ کەریمی لە دوایین بڕگەی باسەکەی‌دا بە ئاماژەدان بە دوایین‌هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دوایین‌هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران ڕای‌گەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە بەرژەوەندیی پرسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بکاتە جەوهەرو نێوەرۆکی هەڵویستەکانی خۆی.

شایانی باسە لە بەشێکی دیکەی کوڕەکەدا چەند کەسێک لە بەشداران بە خستنەڕووی ڕاوبۆچوون‌و هێنانەئارای پرسیارەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ باسەکەدا کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد کە دواتر لەلایەن کەماڵ کەریمی‌یەوە وەڵامیان درایەوە.

## کۆبوونەوەی بەرینی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگەی سلێمانی

لە سەر داوای کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی١٧ی جۆزەردان کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، لە شارو شارۆچکەکانی پارێزگەی سلێمانی، بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە شاری سلێمانی پێک هات، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قسەی بۆ بەشداران کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە سەرەتای قسەکانی‌دا، باسی لە بارودۆخی سیاسی‌و ئابووریی ئەمڕۆی ئێران کردو لەم پێوەندی‌یەدا، ئاوڕی لەو خەفەقانو سەرەڕۆیی‌یە دایەوە کە بەرۆکی خەڵکی ئێرانیان گرتوەو گوتی نەک هەر کەسایەتی‌و حیزبو ڕێکخراوە جیابیرەکانی دەرەوەی نیزام، بەڵکوو ئەو کەسانەش کە لە سیما دیارەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، سەرۆکوەزیرو سەرکۆمارو سەرۆکی مەجلیس بوون، ئەمڕۆ دەستبەسەرن، سەلاحییەتیان تەئیید ناکرێ‌و ئەمنیەتیان نیە. لە باری ئابوورییشەوە، گرانی، بێکاری، نەبوونی پێداویستی‌یەکانی خەڵکو هاتنەخواری نرخی دراوی ئێران، کە بەشێکن لە ئاکامەکانی گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران، خەڵکی ئێرانیان خستۆتە نێو تەنگوچەڵەمەی جیدی‌یەوە. کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بە زەبری زۆرو سەرکوت دەسەڵاتداری بە سەر خەلکی وڵات‌دا دەکا، لە گەڵ کۆمەڵگەی نیونەتەوەییش لە کێشەو ململانێ‌دایەو بە هۆی لاساری‌و بەردەوامبوونی لە سەر بەرنامە ناوکی‌یەکانی، بە هۆی درێژەدان بە پشتیوانیی گرووپە تیرۆریستی‌یەکان‌و بەبۆنەی سووربوون لە سەر پێشێلکردنی مافە بنهڕەتی‌یەکانی خەڵکی ولاتەکەیەوە، لەگەڵ گوشارو گەمارۆی سیاسی‌و ئابووریی کۆمەڵگەی جیهانی بەرەوڕوویە.

قادر وریا، باسی هەڵبژاردنەکانی رۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵی کردو گوتی، دەسەڵات‌بەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیان‌توانی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانەکان بە کار بێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە، سپای پاسداران‌و خامنەیی، دەیانەوێ ئەوەندەی دیکە دەسەڵات یەکدەست بکەن‌و لە دەستی خۆیان‌دا کۆی بکەنەوە. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پاشان باسی هەڵوێستی حیزبی دیموکرات لە بارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کردوگوتی بەو هۆیەوە کە کاندیداکان، بەرنامەیەکی جیددی‌یان بۆ پرسی کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکە پێ نیەو لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای نادیموکراتیک‌بوونی هەڵبژاردنەکان،هیچ گەرەنتی‌یەکیش نیە کە ئەمجاریش سناریۆی ساڵی ١٣٨٨ دووپات نەبێتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم هەڵبژاردنانەی بایکۆت کردوە.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات، بە ئاماژە بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو بێداهاتوویی رێژیمە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکان، ئاسۆی داهاتووی پرسی کوردو بزووتنەوەی دیموکراسی‌خوازیی لە ئێران بە گەش‌و رووناک دانا. ئەم راستی‌یەشی دووپات کردەوە کە قۆستنەوەی دەرفەتەکانی داهاتوو، لە گرەوی یەکگرتوویی هێزە خەباتکارەکان‌و پەرەپێدانی خەباتو تێکۆشانی ئەوان‌دایە. لەم پێوەندی‌یەدا، داوای جێبەجێ‌کردنی هەرچی باشتری ئەرکی حیزبی‌و نەتەوەیی‌و خەباتگێڕانەی لە ئەندامانی حیزب کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، بەرپرسانی کۆمیتە حیزبی‌یەکان‌و ئەندامانی حیزبیی بەشدار لەم کۆبوونەوەیەدا، پرسیار، پێشنیارو داواکانی خۆیان خستە روو و بە بۆچوونەکانی خۆیان باسە سیاسی‌و حیزبی‌یەکانیان دەوڵەمەند کرد.





کوردستان
ژمارە: ٦١٠
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣



## دامەزرانی کومیتەیەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری بیڤرتۆنی ئەیالەتی ئۆریگێنی ئەمریکا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ ی جوونی ٢٠١٣، لە شاری بیڤرتۆنی ئەیالەتی ئۆریگێن، هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای ئەمریکا، کۆبوونەویەک بە بەشداریی زۆربەی ژنانی دێموکرات، حەسەن حاتەمی- ئەندامی ڕێبەریی حیزبو کاک محموود تاجگەردوون بەرپرسی کۆمیتەی حدک لە ئۆریگێنو خاوەن قادرزادە بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات. لەوکۆبوونەوەیەدا، کۆمیتەیەک بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەوکۆبوونەوەیە بە خولەکێک بێدەنگیی بۆ یادی نەمرانی ڕێی ئازادی کوردو کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز حەسەن حاتەمی بەرپرسی کۆمیتەی باکووری ئەمریکا لەبارەی پێویستیی لێککۆبوونەوەی ژنان بەگشتیو ژنانی دێموکرات بەتایبەتی، ژنانو تواناکانیان، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە، پاراستن و پەرەپێدانی زمانو کەلتووری کوردی، بەتایبەتی لەنێو منداڵانو مێرمنداڵانو پێوەندیی ژنان، لاوانو پیاوان لە تێکۆشاندا دوا. دواتر بەشداران سەرنجو تێبینییەکانی خۆیان هێنایە زمانو ئامادەیی خۆیان بۆ کارو چالاکی لەو کۆمیتەیەدا ڕاگەیاند. لە برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەیەکی کاتی هەڵبژێردرا کە هەتا پێکهاتنی کۆنفرانس کارەکان بەڕێوە بەرن.

# بەڕێوەچوونی سمیناری «کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو داهاتوو»








بە دەسپێشخەریی ١٨ ڕێکخراوی سینفیی سەر بە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێمینارێک لە ژێر ناوی «کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو داهاتوو» لە سالۆنی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای کاری ئەو سیمینارەدا کە ڕۆژی شەممە،١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی بهرێوەچوو، پەیامی کرانەوەی سێمینار لە لایەن کەیهان یوسفی بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوە مەدەنییەکان پێشکەش کرا.

ئەم سێمینارە کە لە دوو پانێل پێک هاتبوو، بە پێشکەشکردنی باسێک لە لایەن دوکتور سەعید شەمس، مامۆستای زانکۆو چاوەدێری سیاسی دەستی پێکرد. تەوەری پانێلی یەکەم کە بریتی بوو لە «گرنگیی پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش لە نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا»، لە لایەن دوکتۆر شەمسەوە شرۆڤەو لێکدانەوەی بۆ کراو ناوبراو بە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕەخنە لە ستراتیژی حیزبە سیاسییەکان لە ژێر هەژمۆنیی شەڕی ساردا نەبوونی گوتاری هاوبەشی بە کۆمەڵێک هۆکاری بابەتییەوە بەستەوە.

لە درێژەی پانێلی یەکەمدا، نوێنەرانی حیزبەکانی بەشدار لە سێمینارەکەدا خوێندنەوەی حیزبەکانیان لە سەر ئەو تەوەرە خستە ڕوو، کە هەر یەک لە بەڕێزان جەلیل ئازادیخواز، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هیدایەت قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، محەممەد ساحەبی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بێهرووز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، عوسمان جەعفەری سکرتێری یەکیەتیی دیمۆکراتی کوردستان لە ماوەی ٢٠ خولەکدا ڕاو سەرنجیان لەسەر باسەکە بۆ بەشدار بووان خستە بەر باس.

لە پانێلی دووەمدا کە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەڕێوە چوو، تەوەری «بارودۆخی ئێران لە داهاتوداو ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان» لە لایەن لێکۆڵەر بێهزاد خۆشحاڵییەوە کرایەوە. ناوبراو لە باسەکەیدا ئاماژەی بە پرۆژەیەک بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کردو لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرۆژە پێشنیارییەکەی شی کردەوە.

پاشان لە فەزایەکی دۆستانەدا نوێنەرانی حیزبەکان بە هەمان شێوەی پانێلی یەکەم، ڕوانینی حیزبەکانیان لە سەر ئەو بابەتەش خستە بەر باس.

لە کۆتایی هەرکام لە پانێلەکاندا دەرفەت بە بەشداربووان درا سەرنجو تێبینیو پرسیارەکانیان بەرەوڕووی نوێنەرانی حیزبەکانو کۆڕگێڕەکان بکەنەوەو وەڵامیان درایەوە.

شایانی باسە پەیامی کۆتایی سیمینارەکە کە ئاماژەیەکی کورت بە ئامانجو مەبەستەکانی بەڕێوەبردنی سیمینارەکە بوو ، لە لایەن کیارەش شەهسەواری بە نوێنەرایەتیی ١٨ ڕێکخراوەکە خوێندرایەوە.

# بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردان ، هەیئەتێکی دەفتەری نوینەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر، پێکهاتوو لە بەڕێزان: برایم زێوەیی و حسن کاکیلی بەشداری لە ٥٦ هەمین ساڵیادی دامەزرانی پارتی دێمۆکراتی کوردی سووریە کرد.

لەو ڕێورەسمەدا، نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ، پەیامی پیرۆزبایی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی بە بۆنەی ٥٦ ساڵەی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە گەیاندە سکرتێری گشتیی حیزبی ناوبراو، بەڕێز عەبدولحەکیم بەشار و لە سەر بەردەوامیی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە پێداگریی کردەوە.

شایانی باسە کە لە پەراوێزی ئەم ڕێوەرەسمەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوی بە بەشیک لە کەسایەتییەکان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە بەشدارەکانی ئەم ڕێوەرەسمە کەوت.



# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ

کۆنفڕانسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ پێک هات.

ڕۆژی شەممە، ١٨ ی جۆزەردان کۆنفڕانسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ، بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی حیزب لەو وڵاتەو ئامادەبوونی محەممەد ئیسماعیلیو سەید ئەحمەد حسێنی، نوێنەرانی کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵاتو کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەتی ٥٩ لاوی شەهیدی مهاباد دەستی پێکرد.

ئەو کۆنفرانسە بە قسەکانی حاجی حوسێن حەداد، وەک بەتەمەنترینو کۆنترین ئەندامی حیزبیی بەشدار لەو کۆنفڕانسەدا کرایەوەو پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسێکی گشتیی لەسەر بارودۆخی هەر چوار پارچەی کوردستان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیو ئەو ئاڵوگۆڕە خێراو چاوەڕواننەکراوانە کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دێنە پێش، پێشکێش کردو نەخشو کاریگەریو جێگەو پێگەی گەلی کورد لەو ئاڵوگۆڕانەیدا دەستنیشان کردو ڕۆڵو نەخشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەو نێوەدا بە گرنگ ناوبرد.

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسێکی تەشکیلاتیی پێشکەش کردو جارێکی دیکە پێی لەسەر ئەو خاڵە گرنگە داگرتەوە، کە هەموو ئەندامێکی حیزب لە دەرەوەی چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزب، مافی ئەوەی هەیە کە ڕوانگەو تێڕوانینی خۆی لەسەر سیاسەتو بۆچوونەکانی حیزب بە ڕاشکاوی دەرببڕێو داکۆکی لە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بکا.

دوای قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبو پرسیاری چەند بەشداربوویەکی کۆنفڕانسەکە لە بەڕێزیانو وەڵامەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بە پرسیاری ئامادەبووان، کۆنفڕانس بەڕەسمی دەستی بە کارەکانی کردو هەر کۆمیسیۆنەو ڕاپۆرتی کاری خۆی بە کۆنفڕانس دایەوە.





دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان، بەشداران ڕاو بۆچوونو پێشنیارەکانی خۆیان لە کەشو هەوایەکی تەواو دێمۆکراتیکدا هێنایە بەر باسو خاڵە بە هێزو لاوازەکانی ڕاپۆڕتو کاری کۆمیتەیان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەستنیشان کردو ڕێزیان لە زەحمەتو ماندووبوونی ئەو ماوەیەی ئەندامانی کۆمیتە گرت.

شایانی باسە کە دوابەشی کۆنفڕانسەکە بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێ تەرخان کراو لەو بەشەشدا ئەندامان چالاکانە بەشدار بوونو کۆمیتەیەکی نوێیان بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی کومیتەی نۆڕوێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژارد.

# بەشداریی حدک لە یادی ٣٨ ساڵەی دامەزراندنی ی ن کدا

**سویس**


کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە وڵاتی سویس، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨-٦-٢٠١٣ بە بۆنەی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتییەکەیانەوە ڕێوورسمێکیان بەڕێوە برد. بۆ ئەو ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی سەدانکەس لە کوردستانییانی دانیشتووی وڵاتی سویس بەڕێوە چوو، بەفەرمی بانگهێشتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرابوو، شایانی باسە بەڕێز عەزیز ئەحمەدی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان پێشکەش کرد.

ئەحمەدی لە پەیامەکەیدا هەڵوێستەی لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستانو عێراقو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردو یەکیەتیو تەبایی هێزە کوردستانییەکانی بە ڕەمزی سەرکەوتنی زیاتری نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان زانی. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی حدک ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان کردو بە گرنگو بایەخدار بۆ گەلەکەمان ناوی برد.



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی جونی ٢٠١٣ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە ناوەندی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کنزینگتۆن هال لەشاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا، یادی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردەوە. لە سەر بانگهێشتنی فەرمیی ناوەندی دەرەوەی یەکیەتی لە دەرەوەی وڵات، بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریو نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداریی ئەو ڕیوڕەسمەی کردو چەپکە گوڵو پەیامی پیرۆزبایی حیزبمانی پێشکەشی هەڤاڵانی یەکیەتی کرد.





**هولەند**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی٢-٦-٢٠١٣ی زایینی، لە سەر بانهێشتی فەرمی کومیتەی یەکێتی نێشتمانی کوردستان لە وڵاتی هولەند، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرەستی شۆڕش سوڵتانی لە ڕێوڕەسمی ٣٨مین ساڵیادی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی دا کە لە شاری لەیدێنی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو بەشداریان کرد و چەپکە گوڵ و پەیامی پیرۆزبایی حیزبیان پێشکەشی هەڤاڵانی یەکێتی کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە هەر لەو دیدارەدا، هەیئەتی حیزبی چاویان بە هەڤاڵانی کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کەوت و باس لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لا لە وڵاتی هولەند کرا.

**ئەمریکا**

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٨/٠٦ لە لایەن کومیتەی ڕێکخستنی ئەمەریکا،ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردپستانەوە، ڕێورەسمێکی پڕشکۆ بە بۆنەی یادی ٣٨ سالەی دامەزرانیەوە لە جەیمز لۆنگ پارک لە ویلایەتی ڤیرجینیا بەرێوە چوو. نوێنەرانی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئەم دەڤەرە تێیدا بەشدار بوون. شایانی باسە کە هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە واشینگتۆن بەشداری ئەو ئاهەنگە بوونو بروسکەی پیرۆزبایی حیزبیان پێشکەش بە کومیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکا کرد.

**بریتانیا**

# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

ڕۆژی شەممە، ٢٥ ی جۆزەردان کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان سێهەم کۆنفڕانسی خۆی بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی خۆی لەو وڵاتە پێک هێنا.

ئەو کۆنفرانسە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی نەتەوەکەمانو هەموو شەهیدانی ڕێگای یەکسانیی کۆمەڵگا دەستی پێکردو کۆنفرانسەکە بە وتارێکی کورت لەلایەن سۆزان ئەمینی، ئەندامی لاوی پێگەیشتووی یەکیەتیی ژنان کرایەوە.

پاشان خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی بە ناوی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە باسێکی کورتی لە سەر زەرووڕەتی بوونو شێوەی کاری ئەو ڕێکخراوەیە لە دەرەوە پێشکەش کرد.

پاشان پەیامی کۆمەڵەی ژنانی سەنتەر پارتی لەلایەن خاتوو سۆلڤیە زاندار، نوێنەری ئەو پارتەوە پێشکەش کرا.



لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانسدا ڕێز لەو کوڕوکچە کوردانە گیرا کە بەتازەیی دیپلۆمیان وەرگرتوە، یان زانکۆیان تەواو کردوەو دواتر گۆرانییەک بە دەنگی خۆشی باوان کەریمی، ئەندامی لاوی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرا.

لەبەشی دیکەی کاری کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنان لە لایەن خاتوو شوعلە قادری، بەرپرسی ئەم کۆمیتەیەوە خوێندرایەوەو دواتر ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن خاتوو جەمیلە کرمانج، بەرپرسی ماڵیی کۆمیتە پێشکێش کرا.

دوابە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانو دەربڕینی ڕاو بۆچوونو تێبینییەکانی بەشداران لەسەریان، هەر دوو ڕاپۆرتەکە بە تێکڕای دەنگ پەسند کران.

بەشی کۆتایی کاری کۆنفڕانس بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی تازە لە وڵاتی سوئێد تەرخان کرابوو.

شایانی باسە کە هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی هەڵبژێردراودا بە تێکرای دەنگ خاتوو شلێر حەسەنپور وەک بەرپرسی کۆمیتەی تازە دیاری کرا.

کوردستان
ژمارە: ٦١٠
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣

پەیام

پێشەنگان و چالاکانی خەباتی هێمنانە و مەدەنی لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆڵیان لە خستنە ڕووی پرسی کورد و سەرنجڕاکێشانی کاندیداکانی سەرکۆماری بۆ لای ستەملێکراویی نەتەوە بندەستەکان و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە ئێران دا هەبووە، پێویستە بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە کاری خۆیان درێژە بدەن.

هەڵوێستی تەحریمی هەڵبژاردن و پشتکردن لە سندووقەکانی دەنگدان، جۆرێکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین لە دەسەڵاتی وڵات و نیشاندەری نادیموکراتیکبوون و وڵامدەرنەبوونی پرۆسە و سیستەمی هەڵبژاردنە، بەشداریی واتاداری خەڵک لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستەمێکی داخراوی وەک کۆماری ئیسلامییش دا، وەک بە تەجرەبە دەرکەوتووە، جۆرێکی دیکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین و «نا»گوتنە بە دەسەڵاتی وڵات و سیاسەتەکانی، کە لە هێندێک قۆناغ دا دەتوانێ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەبێ.

درێژەی:

## بەیاننامە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ڕێفراندۆمێکی واتادار

لە گەڵ ئەوەی ئەندازیارانی هەڵبژاردن لە ئێران، کاندیدایەکی ئەوتۆیان لە مەیدانی ململانێ دا نەهێشتبۆوە کە پێکهاتە و توێژ و تەیفە جیاوازەکانی خەڵکی وڵات، داخوازەکانی خۆیان لە دروشم و بەرنامەکانی ئەو دا بدۆزنەوە، زۆرینەیەکی گەورە لە دەنگدەران، دەنگیان بە ئاغای حەسەنی رووحانی دا کە دروشم و بەرنامەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە دروشم و بەرنامەکانی ٥کاندیدای دیکەی سەرکۆماری، جیاواز بوون. نزیکەی ١٩ میلیۆن دەنگدەر، کە لە نێویاندا زۆر کەس هەبوون بەرنامە و کاندیدایەکی تەواو دڵخوازی خۆیان شک نەدەبرد، لە ڕێگای دەنگدان بە تاکە کاندیدایەک کە خوازیاری» ئیعتدال ومیانەڕەوی» و چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، شکستێکی گەورە و تاڵیان بە ئوسوولگەراکان و کۆنەپارێزانی نێو کۆماری ئیسلامی چێشت و ئاکامی هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی سەرکۆمارییان، بە زیانی ویستی خامنەیی و بەیتی ڕەهبەری وسوپای پاسداران و هتد گۆڕی.

دیارە لە هەڵبژاردنی شووڕاکانی شار و گوندەکانیش دا، ئەگەر چی سەلاحیەتی ژمارەیەکی زۆر لە کاندیداکانی جێی پەسەند و پشتیوانیی خەڵک، لە لایەن دامەزراوەکانی سەر بە ڕێژیم ڕەتکرابۆوە و پێشگیری لە خۆپاڵاوتنی ڕێژەیەکی زۆر لە کەسانی جێی متمانەی خەڵک کرابوو، کۆمەلانی خەڵک بە ئیمکاناتی خۆماڵی، پشتیوانییان لە کاندیداکانی خۆیان کرد و لە گەڵ دەست و پێوەندەکانی دام و دەزگا سەرکوتکەر و سیخوڕییەکانی ڕێژیم، کەوتنە ململانێ و سەرەڕای نایەکسانبوونی توانا و ئیمکانات و شانسەکان، لە زۆر شار و ناوچە و گوند، توانیان ڕێژەیەکی بەرچاو لە کاندیداکانی خۆیان سەرخەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی جۆزەردان، هەر وەک پێشتریش ڕای گەیاندبوو بۆ تەشخیش و بڕیاری خەڵکی کوردستان و ئێران لە پیوەندی لە گەڵ ئەم هەڵبژاردنانەدا ڕێز دادەنێ. هەڵوێستی پێشترمان بەرامبەربەم هەڵبژاردنانە، ئێمە لە دەرکی گرنگیی ئاکامەکانیان بە تایبەتی ئاکامی یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران ، دوورناخاتەوە. بە باوەڕی ئێمە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە، پێویستیی بە لێکدانەوەیەکی واقیع بینانە و بوێرانەی هەموو لایەک و هەڵوێستەکردنی جیددی و بەرپرسانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە سەر پەیامەکانی خەڵکی ئێران هەیە. بە لێکدانەوەی ئێمە:

– ئەوخەڵکەی چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، نەک بۆ نیشاندانی پشتیوانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خولقاندنی «حەماسەی سیاسی» بەو جۆرە کە خامنەیی وراگەیەنەکانی ڕێژیم ئیددیعای دەکەن، بەڵکوو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان کە داوای گۆڕان وناڕەزایەتیدەربڕین لە سیاسەتە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی چەندساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارانە، لە هەڵبژاردن دا بەشداربوون.

– هەروا کە هەڵوێستی تەحریمی هەڵبژاردن و پشتکردن لە سندووقەکانی دەنگدان، جۆرێکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین لە دەسەڵاتی وڵات و نیشاندەری نادیموکراتیکبوون و وڵامدەرنەبوونی پرۆسە و سیستەمی هەڵبژاردنە، بەشداریی واتاداری خەڵک لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستەمێکی داخراوی وەک کۆماری ئیسلامییش دا، وەک بە تەجرەبە دەرکەوتووە، جۆرێکی دیکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین و «نا»گوتنە بە دەسەڵاتی وڵات و سیاسەتەکانی، کە لە هێندێک قۆناغ دا دەتوانێ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەبێ.

– دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا و بە تایبەتی چڵەپۆپەی ئەم دەسەڵاتە واتە وەلیی فەقیە، دەبێ پەیامی نزیکەی ١٩میلیۆن دەنگدەری ئێرانی بە دروستی تێ بگا و ئەم هەڵبژاردنە وەک ڕێفراندۆمێک سەیر بکا کە زۆرایەتییەکی گەورە لە دەنگدەران، لە ڕێگای دەنگەکانیانەوە پەیامێکی روونیان بەوان داوە. خەڵکی ئێران خوازیاری گۆڕانن. گۆڕان لەو سیاسەتانە دا کە وڵاتەکەی ئەوانی لە جیهان دابڕیوە و بەرەورووی گوشار و گەمارۆی جیهانی و هەژاری وبرسیەتیی کردوونەوە، گۆڕان لە جۆری دەسەلاتدارەتییەک دا کە کەمترین ماف و ئازادی بە هاونیشتمانان ڕەوا نابینێ و ولاتی خۆیانی لێ کردوون بە زیندان و دۆزەخ. گۆڕان لەو قانوون وچوارچێوە و ڕێوشوێنانە دا کە بەرهەمی بڕیار و ئیرادەی خەڵک نین و تاقمێک بە ناوی دین وشەریعەتەوە بە سەر ئەوانیان دا سەپاندوون.

– سەرکۆماری هەڵبژێردراو ئاغای حەسەنی ڕەوحانی، کە توانیویەتی دەنگ و متمانەی ئەم ژمارە زۆرەی دەنگدەران بە دەست بێنێ و لە ململانێ لە گەڵ٥ کاندیدای دیکە دا سەربکەوێ، بەرپرسیارەتییەکی میژوویی کەوتۆتە سەر شان.ئەگەر ترۆپکی ئەو نیزامە وسروشتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییش، هاندەر و یارمەتیدەری نەبن و تەنانەت لە بەردەمی دا ڕێگر بن، لە سەریەتی بە بەڵێنەکانی خۆی وەفادار بێ. ئەزموونی سەرکۆمارەکانی پێشوو، کە ڕەزامەندیی وەلیی فەقیە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نیهاد و ناوەندە ناخەڵکی و داسەپاوەکانیان خستە سەرووی پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵک وهەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییەکانیان، دەتوانێ زۆر دەرسی بە نرخی بۆ ئەم سەرکۆمارە تێدا بێ. دەنگدانی خەڵک لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦، ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨ و ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا،دەریان خستوە کە هەر کاندیدایەکی سەرکۆماری،ئاوڕ لە ویست و داخوازەکانی خەلکی وڵاتەکەی بداتەوە، خەڵک بوێرانە بە پێشوازییەوە دەچن و سەری دەخەن. شاراوەش نییە کە هەر سەرکۆمارێک خەڵکی لە پشت بێ، تەنانەت ئەگەر لە نیوخۆی سیستەمی دەسەڵاتیش دا کارشکێنیی بکەن، هەم لە ئاستی نیوخۆیی و هەم لە ئاستی نیودەوڵەتی دا،دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

– خەڵکێک کە سەرەڕای هەموو کۆسپ و لەمپەرەکان، بە یەکگرتوویی و وشیاریی سیاسی و دەنگدانی واتاداری خۆیان، توانیان ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا تووشی شکستێکی سەرسوڕهێن بکەن، دەبێ ئەم سەرکەوتنە بکەنە دەسمایەی خەبات و ململانێی لەمەودوای خۆیان لە گەل دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی. بە تایبەتی پێشەنگان و چالاکانی خەباتی هێمنانە و مەدەنی لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆڵیان لە خستنە ڕووی پرسی کورد و سەرنجڕاکێشانی کاندیداکانی سەرکۆماری بۆ لای ستەملێکراویی نەتەوە بندەستەکان و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە ئێران دا هەبووە، پێویستە بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە کاری خۆیان درێژە بدەن. دەنگەکانی ڕێژەیەکی جێگای سەرنجی خەڵک لە کوردستان بە ئاغای حەسەنی روحانی، هەڵگری واتا و وپەیامێکی زۆر ڕوونن. ئەو دەنگانە، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەو مافانەی نەتەوەی کوردەوە هەیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، پشتگوێ خراون و ئێستا سەرکۆماری هەڵبژێردراو بەرعۆدە بووە، لانی کەمێک لەوان، دابین و دەستەبەر بکا. نەک هەر نابێ ڕێگا بە سەرکۆماری نوێ بدرێ ئەم بەڵێنانە لە بیر خۆی بباتەوە، بەڵکوو دەبێ هان بدرێ ڕێخۆشکەری هەنگاوی گەورەتر و ئالوگۆڕی زیاتر بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم لێکدانەوە و خوێندنەوەیە ڕیزبۆ بڕیاری خەڵکی ئێران و ئاکامی هەڵبژاردنی ئەوان دادەنێ. هەر لەو کاتەش دا بە پێی ئالوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران، ڕوانگە و هەڵوێستی خۆی بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنێ.

> **سەرکۆماری هەڵبژێردراو ئاغای حەسەنی ڕەوحانی، کە توانیویەتی دەنگ و متمانەی ئەم ژمارە زۆرەی دەنگدەران بە دەست بێنێ و لە ململانێ لە گەڵ٥ کاندیدای دیکە دا سەربکەوێ، بەرپرسیارەتییەکی میژوویی کەوتۆتە سەر شان.ئەگەر ترۆپکی ئەو نیزامە وسروشتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییش، هاندەر و یارمەتیدەری نەبن و تەنانەت لە بەردەمی دا ڕێگر بن، لە سەریەتی بە بەڵێنەکانی خۆی وەفادار بێ**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی**
**١٧ی ژوئەنی ٢٠١٣**


## کۆچی دوایی پییەر مۆڕوا، ڕێبەری سۆسیالیستی فەڕانسەیی‌و دۆستی گەلی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕۆژی ٧ ی ژوئەنی ٢٠١٣ ی زایینی، پییەر مۆڕوا گەورە ڕێبەری سۆسیالیستی فەڕانسە لە تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

پییەر مۆڕوا ڕابردوویەکی دووردرێژی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی عەداڵەت‌و ئازادی‌و یەکسانیی مرۆڤەکان‌دا چ لە فەڕانسە‌و چ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی هەیە. ناوبراو کە هەڵقوڵاوی خانەوادەیەکی مامناوەندی بوو، نموونەیەکی دیاری ئەو مرۆڤانەیە کە لەگەڵ ئەوەی هەمیشە سیستمی مەوجوودیان بردۆتە ژێر پرسیارو بەدژی خەباتیان کردوە، بەڵام بە هەوڵو خەباتی بێ‌وچانی خۆیان‌و بە پشتبەستن بەو دەرفەتانە کە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بۆ هاونیشتمانانی خۆی پێکیان دێنێ، توانیویانە بە پۆستە هەرە بەرزەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بگەن.

پییەر مۆڕوا ژیانی سیاسیی خۆی لە فێدراسیۆنی لاوانی سۆسیالیستی فەڕانسەوە دەست پێ‌کردوەو دواتر پلە جۆربەجۆرەکانی کاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی لە بنەماڵەی بەرفراوانی سۆسیالیستەکانی فەڕانسەدا تا پۆستی سکرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیست تێپەڕاندوە. پاش هەڵبژێرانی فرانسوا میتڕان بە سەرکۆماری فەڕانسە لە ساڵی ١٩٨١دا، پییەر مۆڕوا وەک یەکەمین سەرۆک وەزیری حکوومەتی ئیئتلافیی سۆسیالیست‌و کۆمۆنیستەکانی فەڕانسە دیاری کراو بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە. ساڵی ١٩٩٢، پاش ئەوەی پییەر مۆڕوا، وازی لە پۆستە بەڕێوەبەری‌و سیاسی‌یەکانی خۆی لەسەر ئاستی وڵات‌و ناوچەی خۆی لە باکووری فەڕانسە (لیل) هێنا، ڕووی کردە مەیدانی نێونەتەوەیی خەباتی عەداڵەتخوازانەو هەتا ساڵی ١٩٩٩ وەک سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کاری کرد.

پییەر مۆڕوا مرۆڤێکی زاناو بوێرو خاوەنی بیروباوەڕو هەر لەو کاتەدا پراگماتیک بوو. ئەو کە وەک سۆسیال‌دێموکڕاتێکی ڕاستەقینە تا سەر بە ئیدئالەکانی خۆی لەبواری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌دا وەفادار مایەوە، هەر لەو کاتەدا سەرسەختانە دژایەتیی لەگەڵ دۆگماتیسم‌و توندوتیژی‌و چەقبەستوویی دەکرد. یەکێک لە وتە هەرە ناسراوەکانی ناوبراو وەک ڕیفۆرمیستێکی بەکردەوە ئەوە بوو کە دەیگوت «گۆڕانی کۆمەڵگا بەوە دەست پێ‌دەکا کە واز لە تەوەهومی ئینقلاب بێنین».



پییەر مۆڕوا هەروەها پشتیوانێکی وەدیهاتنی ئازادی‌و دێموکڕاسی لە وڵاتانی دیکەدا بوو و سەمپاتی‌یەکی تایبەتییشی بۆ خەباتی گەلی کورد هەبوو. ئەو چەند ساڵ پێش ئینقلابی ئێران لە ڕێگای ڕێبەری شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوکتور قاسملووەوە– کە لەو ساڵانەدا پێوەندیی لەگەڵ سۆسیالیستەکانی فەڕانسە دامەزراندبوو و هاموشۆی کۆنگرەکانیانی دەکرد– لەگەڵ کێشەی دێموکڕاسی‌و مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێران ئاشنا ببوو. هەر لە سەردەمی کابینەی مۆڕواش‌دا بوو کە بە موافەقەتی ناوبراو بۆ یەکەمجار حیزبی دێموکرات توانی دەفتەرێکی نوێنەرایەتی لە پاریس بکاتەوە. لە پەیامێکدا کە پییەر مۆڕوا بەبۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی نارد، ناسیاری‌و هۆگریی پییەر مۆڕوا بۆ خەباتی گەلی کوردو ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی‌و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی بەجوانی خۆی دەنواند.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆچی دوایی پییەر مۆڕوا بەداخەو بەبۆنەی لەدەستچوونی ئەو سیما مێژوویی‌یەی سۆسیالیستەکانی فەڕانسە هاوخەمیی خۆی بە بنەماڵەو دۆستان‌و هاوبیرانی ناوبراو ڕادەگەیەنێ‌و هیواداره کە ئەو ئیدئالانەی پییەر مۆڕوا باوەڕی پێ‌هەبوون‌و خەباتی بۆ دەکردن زیاتر ئیلهام‌دەری ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی‌و یەکسانیی مرۆڤەکان بن.

## هەنگاوی ئازایانەی پارلمانی کانادا بەرز دەنرخێنین

ڕۆژی ٥ی ژوئەنی ٢٠١٣، لەئاکامی بەدواداچوون‌و لۆبیگەریی چالاکان‌و داکۆکیکارانی ئێرانی‌و کانادایی مافی مرۆڤ‌و دێموکڕاسی‌دا، پارلمانی کانادا لەسەر بنەمای گەڵاڵەیەک کە لەلایەن حیزبی دێموکراتیکی نوێی کانادا (ئێن دی پی)یەوە پێشکەش کرابوو، بەشێوەیەکی یەکدەنگو بەبێ جیاوازیی لایەن‌و فراکسیۆنە پێکهێنەرەکانی، ئێعدامی بەکۆمەڵی هاوینی ١٣٦٧ی زیندانی‌یانی سیاسیی ئێران لە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوەی وەک جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی ناسی‌و پشتیوانیی خۆیشی بۆ دیاری‌کردنی ڕۆژی ١ی سێپتامبر وەک ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ زیندانی‌یانی سیاسی لە ئێران ڕاگەیاند.

واقیعییەتێکی تاڵ ئەوەیە کە بێدەنگیی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی یان لانی‌کەم نەبوونی دژکردەوەی کارای ناوەندە بڕیاردەرە جیهانی‌یەکان لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستی هەتاوی‌دا دەستی ئەو ڕێژیمەی بۆ ئەنجامدانی جینایەتە هەرە سامناکەکان‌و پێشێلکردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بەشێوەی بەربڵاو سیستماتیک ئاوەڵاتر هێشتبۆوە. لە ڕەوتێکی جیاوازو پێچەوانەدا ئەمڕۆ دەبینین کە هاتنەبەرباسی زیاتری پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یە سیاسی‌و بەشەردۆستەکان‌دا ئەگەر کۆماری ئیسلامیی نەشهێنابێتە سەر ئەوە کە بە ڕەفتاری نامرۆڤانەو دژە دێموکراتیکی خۆی‌دا بچێتەوە، هەرنەبێ ئەو ڕێژیمەی لە ئاکامە سیاسی‌و قانوونی‌یە درێژخایەنەکانی جینایەت لەسەر ئاستی بەربڵاودا نیگەران کردوەو ئەو هەستەشی لەنێو دڵی خەڵکو ئازادیخوازانی ئێران‌دا دروست کردوە کە نە خەباتو خۆڕاگریی وان‌و نە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕووی جیهانی دەرەوەدا شاراوەو سەرپۆشکراو نامێننەوە.

لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەلای کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌و بەشەردۆستو مێدیا جیهانی‌یەکان‌و بەنێونەتەوەیی‌کردنی ئەو جینایەتانە لەسەر بنەمای بەڵگەو زانیاریی وردو گشتگیر، جیا لەوە کە یارمەتی بە دروست‌بوونی بەرچاوڕوونی‌و لیبراویی زیاتر بۆ بڕیاری سیاسیی شێلگیرانە لەبەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا دەکا، ڕێکارێکی گرنگی بنەماسازی بۆ بەدواداچوونی قانوونی‌و قەزایی بەرپرسیارێتیی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەش لەپێوەندی لەگەڵ جینایەتە دژە مرۆیی‌یەکانیان‌دایە.

هەڵوێستی پارلمانی کانادا پێویستە لە هەردوو گۆشەنیگای سیاسی‌و عەداڵەتخوازی‌یەوە چاو لێ‌بکرێ. کانادا کە لەسەر ئاستی دامەزراوە سیاسی‌یەکانی چەند ساڵێکە ڕاشکاوانەترین‌و بێپەردەترین سیاسەتی مەحکوومکردن‌و لەقاودانی گرتووەتە بەر، بەم هەڵوێستەی ماڵی نوێنەرانی گەلەکەی ئەو شانازی‌یەشی بۆخۆی تۆمار کرد کە یەکەمین دەوڵەتی جیهان بێ کە هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەبواری مافی مرۆڤ‌دا بگوازێتەوە فازێک کە لەڕووی حقوقی‌یەوە مانابەخشترو ئاکامدارترە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسیی خۆی بەرامبەر بەم هەنگاوەی پارلمانی کاناداو پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لەو چالاکە ئێرانی‌و کانادایی‌یانەی لەو پێناوەدا کاریان کردوە، هیواداره کە هەم دەوڵەتی کانادا لەپێوەندی لەگەڵ جینایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییش‌داو لەنێو وان‌دا جینایەتە دژە مرۆیی‌یەکانی دەرهەق بە گەلی کورد (بۆ نموونە قەتڵوعامی خەڵکی قاڕنێ‌و قەڵاتان‌و ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢دا) هەڵوێستی هاوشێوە وەربگرێ‌و هەم ئەو بڕیارەی پارلمانی کانادا ئیلهام بداتە پارلمانی دەوڵەتانی دیکەی جیهان‌و ئەوانیش هەنگاوی لەو چەشنە هەڵبێننەوە.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٠ ی ژوئەنی ٢٠١٣**

**ئارەش لۆرستانی: ڕووحانی نەتوانێ بەڵێنەکانی بێنێتە جێ کە لەو حاڵەتەدا هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی کێشەو گیروگرفتی زۆر قووڵتریان دێتە پێش‌و بە کردەوە ڕاکێشانی سەرنج‌و بەشداریی خەڵک تێچووی زۆرو قورسی دەوێ**

**سمایل شەرەفی: سەرەکی‌ترین‌و کاریگەرترین هۆکاری ئاوڕدانەوە لە «حقوق اقوام ایران» لە لایەن هێندێک لە کاندیداکاری سەرکۆماری لە ئێران خودی نەتەوەکانی ئێرانن. بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی‌و ڕوانینی نەتەوەیی خودی نەتەوەکان لە سەر ئەساسی شوناسخوازی‌و گەڕان بە دوای ناسنامەیەکی بەتاڵان‌براوی حاشالێکراودا، ئەو پەیامە بەهێزە بووە کە بەشێک لە نوخبەکانی ئێران‌و کۆڕوکۆمەڵی نێوخۆی ڕێژیمی ناچار بە بیرکردنەوە کردوە.**

# لێکدانەوەیەک بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٩٢و دوورەدیمەنی داهاتوو



ئارەش لورستانی

وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان.موساپوور

هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران دەرخەری چ ڕاستی‌یەکە؟ ئەم هەڵبژاردنە چ بایەخێکی بۆ خەڵکی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵگەی جیهانیی هەیە؟

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، کاتێک خاتەمی ئامادەی ناونووسی لە هەڵبژاردنەکان‌دا نەبوو و ڕێگەش بە هاشمی ڕەفسەنجانی نەدرا وەک پاڵێوراوی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان بێتە مەیدان، ڕیفۆرمخوازانی لایەنگری خاتەمی‌و «کارگزاران سازندگی» کە هاشمیی ڕەفسەنجانی وەک باوکی مەعنەوی‌یان دێتە ئەژمار، بۆ پاراستنی پێگەو پایەی خۆیان لەنێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی‌دا بە تەئییدکردنی لێهاتوویی محەمەدڕەزا عارف‌و حەسەنی ڕووحانی بە شێوەیەکی فەرمی هاتنە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردنەکان‌و بە کردەوە لە بەرامبەر شەش بەربژێری ئوسوولگەرای ڕێژیم‌دا ڕاوەستان. نەبوونی هاوپەیمانی لەنێو ئوسوولگەراکان‌داو کارنامەی زۆر خراپی هەشت ساڵەی ئەحمەدی‌نەژاد کە پەسندی شەخسی عەلی خامەنەیی بوو، بە کردەوە کەشێکی تاڕادەیەک لەباری بۆ لایەنگرانی خاتەمی‌و ڕەفسەنجانی خوڵقاند. لەڕاستی‌دا بە هۆی لەمپەرەکانی بەردەم ڕیفۆرمخوازان بۆ ئامادەبوونی پلەیەک لە هەڵبژاردنەکان‌داو ناساندنی عارف وەک پاڵێوراوی هاوپەیمانی‌یەکە کە پرسیارو داخوازی زۆری لەلایەن کۆمەڵگەوە دەخستە بەردەمیان، حەسەنی ڕووحانی وەک پاڵێوراوی سەرەکیی ئەم بەشە ناسێندرا، چونکە ڕووحانی لە حاڵەتی نێوان ئوسوولگەراکان‌و ڕیفۆمخوازەکان‌دا ڕاوەستابوو و هەروەها لە زۆر بابەت‌دا پاڵپشتیی عەلی خامەنەیی لە پۆست‌و بەرسایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان‌دا کەشێکی هێمنی بۆ ناوبراو دەڕەخساند. ڕووحانی بە کەڵکوەرگرتن لە سێ فاکتەری سەرەکیی خستنەڕووی مافی نەتەوەکان، «قەوم»ەکان، کردنەوەی کەشی سیاسی ـ مەدەنی‌و هەڵبژاردنی ڕەنگی بنەوشی کە هێمای مافەکانی ژنانە، توانی بە دەمپاراوی‌و باڵادەستی‌یەکی زۆر باش‌و هەروەها پشتیوانی‌لێکرانی لەلایەن خاتەمی‌و ڕەفسەنجانی‌یەوە بە شوێنگەیەکی زۆرباش بگا.

هەنووکە پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە لەبنەڕەت‌ڕا بۆچی لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆنی دەرەوەی وڵات نەیان‌توانی بە دروستی پێشبینی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بکەن؟ داخوا ئۆپۆزیسیۆن لە کەشێکی ناواقیعی یان دوور لەکۆمەڵ چالاکیی دەکاو یەک‌لایەنە لە مەسەلەکە دەڕوانێ؟ بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە باسکردنی چەند فاکتەرێک پێویستە، یەکەم ئەوە کە بەربژێرە ئوسوولگەراکان بە ڕادەیەک لە بارودۆخی هەڵبژاردنەکان‌و لەسەرتربوونی خۆیان‌و هەروەها هەوڵەکانی چوار ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی دڵنیا بوون کە هیچ پێویستی‌یەکیان بە هاوپەیمانی نابێ بۆیە بە خراپکردن‌و هێرش‌کردنەسەر یەکتر بە نیازی سەرکەوتن لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان‌دا بوون، دووەم ئەوە کە لێکدانەوە و پێشبینی‌یەکانی وڵاتانی دەرەوەو دامەزراوە توێژەرەکانیشیان نەیان‌توانیبوو هەلومەرجەکە بە دروستی هەڵسەنگێنن، سێهەم ئەوە کە بە سەرنجدان بە کارنامەی کۆماری ئیسلامی‌و توندڕەوی‌یە نائەقڵانی‌یەکانی عەلی خامەنەیی کە بە قبووڵکردنی گرانترین تێچووەکان لەهەوڵی بەدەستهێنانی تەواوی دەسەڵات‌دا بوو، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش چاوەڕوانیی سەرکەوتنی ڕووحانییان نەدەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو چەند لایەنە سیاسی‌یە بوو کە لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا بە شێوەیەکی هوشیارانە هەڵسوکەوتی کردووەو سەرەڕای تەواوی ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانە کە چەند مانگ پێش هەڵبژاردنەکان ئەنجامی دابوون، بەڵام بارودۆخەکەی بۆ ناڕەزایەتی‌دەربڕینی خەڵک بە شێوەگەلی جۆاوجۆر بە لەبار دەزانی، بۆیە لە بەیاننامەکەی خۆی‌دا وێڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بە ئاشکرا ڕای‌گەیاند کە ڕێز بۆ بۆچوونی ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی کوردستان‌و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دادەنێ کە بڕوایان بە چاکسازیی لەڕێگەی مۆرەکانی نێوخۆی ڕێژیمەوە هەیەو ناڕەزایەتیی خۆیان لەڕێگەی پشتیوانی لەو پاڵێوراوانە دەردەبڕن کە قسەی ئەوان‌و داخوازە ڕەواکانیان دەخەنە ڕوو و، هەروەها هەر هەنگاوێک کە لە پێناو گۆڕینی سیستەم‌و حەڕەکەت بەرەو دێموکراسی‌و یەکسانی هەڵبگیرێ، جێگەی پەسندو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ.

ئێستا دەوڵەتی حەسەنی ڕووحانی ئۆلتیماتۆمێکە لەلایەن خەڵکەوە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکە خەڵک جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز ناڕەزایەتیی خۆیان ڕاگەیاندوەو خوازیاری گۆڕان لە کارو بەرنامەکانی ڕێژیم‌دان. هەڵبژێرانی ڕووحانی لە دوو ڕوانگەوە شیاوی تێ‌فکرینە، لەسەرەتادا ئەگەر ڕووحانی بتوانێ بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ‌بکا کە بێ‌گومان کەشی چالاکیی سیاسی ـ مەدەنی دەکرێتەوەو گیروگرفتە ئابووری‌یەکان تاڕادەیەک کەم دەبنەوە کە ئەم حاڵەتە بە نۆبەی خۆی هیوایەکی زیاتر بە خەڵک دەدا تا زیاتر وەشوێن وەدیهاتنی داخوازەکانیان بکەون، دووهەم حاڵەتێکە کە ڕووحانی نەتوانێ بەڵێنەکانی بێنێتە جێ کە لەو حاڵەتەدا هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی کێشەو گیروگرفتی زۆر قووڵتریان دێتە پێش‌و بە کردەوە ڕاکێشانی سەرنج‌و بەشداریی خەڵک تێچووی زۆرو قورسی دەوێ، چونکە خەڵک بە شێوەیەکی توندوتیژانە دژکردەوە نیشان دەدەن، یان ئەوان بە کردەوە بارودۆخەکە بەڕادەیەک ئەمنییەتی دەکەن کە خەڵک وەک بوڕکان بتەقنەوە. بە شەهامەتەوە دەتوانین بڵێین بە سەرنجدان بە تێپەڕبوونی چەند دەیە لە شۆڕشی ١٣٥٧کە وەڵامی زۆربەی داخوازەکانی خەڵک نەدراوەتەوەو هەروەها گەشەو ئامادەبوونی ئەو وەچانەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لەو شۆڕشەدا نەبووەو گرنگترین شت بۆ وان خۆشگوزەرانی‌و ئازادیی خۆیان‌و کۆمەڵەکەیانە، کۆماری ئیسلامی بەسەر لێوی تیخێک‌دا دەڕوا کە بێ‌ئاگایی، توندڕەوی‌و تەواوخوازی بە ئاسانی دەتوانن برینی وەها بخەنە جەستەی سیستەمی دەسەڵاتدارو خەڵکی ئێران کە سارپێژبوونەوەی کاتێکی زۆری بوێ.

**گرنگترین خاڵی هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢ی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە خەڵک بەتوندی بەدوای ئاڵوگۆڕەوەن‌و لە بچووکترین دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان کەڵک وەردەگرن. ئەرکی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش ئەوەیە ڕێز بۆ ویست‌و داخوازەکانی خەڵک دابنێن، بە خوێندنەوەیەکی وردتری کۆمەڵگەی ئێران خۆیان لە پەنا نەتەوەکانی ئێران‌و سەلیقە جیاوازەکان بە تایبەت داخوازەڕەواکانی ژنان ببیننەوەو هەوڵ بدەن بە پێوەندی‌و کاریگەری‌دانان لەسەر کۆمەڵگە، خەسارناسی‌یەکی وردی هەڵسوکەوتی خۆیان، بارودۆخی خەڵک‌و سیستەمی کۆماری ئیسلامی بکەن.**

گرنگترین خاڵی هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢ی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە خەڵک بەتوندی بەدوای ئاڵوگۆڕەوەن‌و لە بچووکترین دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان کەڵک وەردەگرن. ئەرکی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش ئەوەیە ڕێز بۆ ویست‌و داخوازەکانی خەڵک دابنێن، بە خوێندنەوەیەکی وردتری کۆمەڵگەی ئێران خۆیان لە پەنا نەتەوەکانی ئێران‌و سەلیقە جیاوازەکان بە تایبەت داخوازەڕەواکانی ژنان ببیننەوەو هەوڵ بدەن بە پێوەندی‌و کاریگەری‌دانان لەسەر کۆمەڵگە، خەسارناسی‌یەکی وردی هەڵسوکەوتی خۆیان، بارودۆخی خەڵک‌و سیستەمی کۆماری ئیسلامی بکەن.

لەبیرمان نەچێ کە ئەزموونەکانی بەهاری عەرەبی‌و ئاڵۆزی‌و پشێوی‌یە زۆرەکان بە تایبەت ڕووداوەکانی سووریە‌و میسر وەک زەنگێکی مەترسی خەڵکی ئێرانیان ئاگادار کردۆتەوەو زیاتر لە پێشوو ئەوانی بەرەو خۆڕاگری‌و هەڵبژاردنی چاکسازیی هەنگاوبەهەنگاوو بەرەبەرە پاڵ پێوە ناوە. ئاڵۆزی‌یەکانی ئاسیاو هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقایی بارودۆخێکیان ڕەخساندوە کە کۆماری ئیسلامی بەنیازە کەڵکی باشی لێ‌وەربگرێ‌و وەک ئامرازێک لەپێناو کۆنترۆڵکردن‌و سەرکوتی خەڵک‌دا کەڵکیان لێ‌وەرگرێ، هەروەها مەسەلەی ناوکی‌و گوشارە تاقەت پڕوکێنە ئابووری‌و فەرهەنگی‌یەکانیش چەند بابەتێکی دیکەی جێگەی فکرو باسوخواسی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران‌و کوردستانن. لە دۆخێکی وادا ئەگەر نەتوانین بە باشی هەست بە بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێران بکەین، بێ‌شک ناتوانین پێوەندیی باش‌و دروستیان لەگەڵ دامەزرێنین‌و بەرەو گۆڕینی سیستەم‌و هەنگاونان بەرەو دێموکراسی، خۆشگوزەرانی‌و ئازادیی بجووڵێینەوە.

# باسکردن لە «حقوقی اقوام» لەلایەن کاندیداکانی سەرکۆماری ئێرانەوە بۆ؟



سمایل شەڕەفی

گرنگی‌دان بە باسی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران — کە بە مەسەلەی «اقوام» ناوی لێ هێنرا– لە یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران، یەکێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم دەورەیە بوو. ئەوە بەو مانایە نیە کە لە دەورەکانی پێشوودا کاندیداکان باسی ئەو مەسەلەیەیان نەکردبێ. بەڵام لە سەر ئاستی پڕوپاگاندای کاندیداکان وەک لە مونازەرەو بەرنامە تەبلیغی‌یەکانیان‌دا دەرکەوت، هەر هەشت کاندیداکەی پۆستی سەرکۆماری لە ئێران هەر کام بە تەعبیرێک باسیان لەو مەسەلەیە کرد.

لەم نووسینەدا بە خۆدوورخستنەوە لە لایەنی ئەرزشیی بابەتە دەپرسین کە ئایا لە بنەڕەت‌ڕا ئەو کاندیدایانە چەندە باوەڕیان بە «حقوق اقوام» هەیە ، باسێک لەو هۆکارانە دەکەین کە بوونەتە هۆی ئاوڕدانەوەی ئەم کاندیدایانە لە مەسەلەی نەتەوەیی (بە وتەی ئەوان «قومی»).

ڕۆڵ‌ونەخشی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکان لە ناوچەداو بەشداری پێدانی بەشێک لە نەتەوە حاشالێکراوەکان لە بەڕێوەبەریی دەوڵەتان لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا لە هێندێک وڵاتی دەورووبەر، یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانەیە کە دەکرێ لە زەقکردنەوەی ئەم پرسەدا نەخشی بەرچاوی گێڕابێ.

رووخانی دەسەڵاتی دژ بە کوردی بەعسی سەدامی لە عێراق‌و بەشداری پێدانی کورد لە بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی نوێی عێراق لە چوارچێوەی سیستەمیکی فرەجۆریی فیدراڵ‌دا یەکێک لەو ڕووداوە مێژوویی‌و عەینی‌یانە بوو کە جیا لە تەشویقی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران بۆ بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی دروستکردنەوەی ئێرانێکی فرەجۆری فیدڕاڵ، پەیامێکی تاڵیشی بە گوێی نوخبەی ئێرانی‌و دەسەڵاتی ئێرانی‌دا دا کە لانی‌کەم ناچار بە بیرکردنەوەی کردن.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر هەر کورد بە نموونە بهێنینەوە – پێداگریی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان لەسەر گوتاری سڕینەوەی ناوەندگەرایی لە سەر شێوازی دەسەڵاتداری لە داهاتووی ئێران (فیدرالیزم) و وەرگرتنی ئەم پەیامە لە لایەن چالاکان‌و هەڵسووڕاوانی کوردی نێوخۆی وڵات‌و سەرەنجام فۆڕموولەکردنەوەی بەشێک لە ویست‌و داخوازەکانی خەڵک لە چوارچێوەی ئە گوتارەدا قۆناغێکی دیکەی ئەم پرۆسەیە بوو.

لە دەربڕینێکی ڕوونتردا ڕۆڵی چالاکان‌و هەڵسووڕاوانی کورد لە نێوخۆی وڵات چ بە تاک‌و چ لە چوارچێوەی بەرەو ڕەوتی جۆراوجۆردا لەم پێوەندی‌یەدا بەرچاو و شوێندانەر بووە.

دەکرێ بە ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵی چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی کورد لە هێنانەگۆڕی بەشێک لە ویست‌و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە مەجالەکانی وەک هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا، زیاتر لە سەر ڕۆڵی ئەم هۆکارە لە ئاوڕدانەوەی کاندیدەکانی سەرکۆماری لە پرسی «حقوقی اقوام» هەڵوێستە بکەین.

دوای دەسپێکردنی پرۆسەی ڕیفۆڕمخوازی لە ئێران‌و هاتنە سەر کاری دەوڵەتی خاتەمی، بەشێک لە چالاکانی کورد لە نێوخۆی وڵات پێوە بوون کە بە پێناسەیەکی کوردستانی‌یەوە هاوڕێ‌یەتیی ئەم پرۆسەیە بکەن. هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەم تەیفە لە چالاکانی سیاسیی کوردلە زۆربەی دەرفەتەکان‌دا بە فورموولەکردنی ویستە کوردستانی‌یەکانی خۆیان لە گەڵ کاندیداکان کەوتوونەتە وتوێژەوەو زۆر جار ناچاریان کردوون کە لەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی لە ئێران‌و مافی نەتەوەکانەوەا لە چوارچێوەی بەیاننامەی ڕەسمی‌دا ڕوانین‌و بۆچوونی خۆیان لەم پێوەندی‌یەدا دەربڕن.



بەڵام سەرەکی‌ترین‌و کاریگەرترین هۆکاری ئاوڕدانەوە لە «حقوق اقوام ایران» لە لایەن هێندێک لە کاندیداکاری سەرکۆماری لە ئێران خودی نەتەوەکانی ئێرانن. بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی‌و ڕوانینی نەتەوەیی خودی نەتەوەکان لە سەر ئەساسی شوناسخوازی‌و گەڕان بە دوای ناسنامەیەکی بەتاڵان‌براوی حاشالێکراودا، ئەو پەیامە بەهێزە بووە کە بەشێک لە نوخبەکانی ئێران‌و کۆڕوکۆمەڵی نێوخۆی ڕێژیمی ناچار بە بیرکردنەوە کردوە.

لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان بەدانی نرخێکی قورس‌و گران لە سەر داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان‌و سەرەڕای مێژوویەک لە چەوسانەوەو حاشالێکرانی، بەڵام هیچ کات هەڵوێستەکانیان خاڵی لە جەوهەری نەتەوەیی نەبوون‌و دەستیان لە داخوازەکانیان بەر نەداوە.

هەرچەند ئەو دەرفەتەی لە قۆناغی نوێی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان‌دا لە تورکیە بۆ کورد ڕەخساوە، جارێ لە ئێران بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی نەهاتوە، بەڵام گۆڕانێکی ئەوتۆ لە وڵاتێکی دراوسێی ئێران‌و هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسێکی حاشا لێکراو لە تورکیەو کاریگەری‌یەکانی لە سەر بیرکردنەوەی نەتەوەکانی ئێران، ناتوانرێ لە لایەن کەسانێکەوە کە ئێدیعای چارەسەری قەیرانەکان لە ئێرانی داهاتوودا دەکەن‌و وادەی پێکەوەژیانی ئاشتی‌خوازانە بە بەردەنگەکانی خۆیان دەدەن، هەروا بە ئاسانی پشت گوێ بخرێ.

ئەوی لەم پێوەندی‌یەدا دەتوانێ دروشم‌و پڕوپاگاندای کاندیداکانی دوێنێی سەرکۆماری‌و سەرکۆماری ئەمڕۆ و بە گشتی دەسەڵاتی تاران، بکاتە ئەمری واقیع ڕێکخستنی هێزی خەڵک‌و بەدواداچوونی ئەو داخوازانەیە کە لە لایەن چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی نێوخۆی وڵاتەوە هاتوونە گۆڕێ.

ژمارە: ٦١٠
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣

**عەزیز مەعروفی: سیاسەتو هەوڵەکانی پارتی دادوگەشەپێدان، لە ماوەی دەسەلاتی‌دا، لە گەڵ دنیای دەرەوەو دەرو دراوسێکانی‌دا، پڕ بووە لە هەڵکشانو داکشانو پێچو قۆرتی جۆراوجۆر. هەر ئەوەندە بەسە، ئاوڕێک لە هەڵوێستی سەرۆکوەزیرو پارتەکەی لە ئاست شۆڕشو کێشەی سووریەو لە ئاست ئەو هەوڵە نەزۆکانەی بۆ کپکردنی دەنگی کورد لەو بەشەی کوردستان بدەینەوە**

**سەرۆک وەزیری تورکیە لە سەرەتادا، پێی‌وابوو ئەگەر بە گوللەو گازی فرمێسکڕێژو ئاوی بەتەوژم ڕووبەڕووی خەڵکی ناڕازی ببێتەوەو خۆپێشاندەران بکوژێو ڕاپێچی گرتووخانەکانیان بکا، دەتوانێ بەردێک لە سەر قەڵشتی کێشە کۆنو تازەکانی تورکیە دابنێ. عەزیز مەعروفی**

# « تەقسیم»و ئاڵۆزی‌یەکانی چەقی شارەکانی تورکیە



**عەزیز مەعروفی**

لە ٢٧ی مانگی ڕابردووەوە، واتە بۆ زیاتر لە سێ حەوتوو دەچێ، مەیدانی « تەقسیم» لە شاری ئیستانبوڵو دەنێو ئەویش‌دا، پارکی « گەزی» بۆتە چەقو ناوەندی خۆپێشاندانی ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانو چینو توێژەکانی خەڵکی شاری ئیستانبوڵ. دەسپێکی ناڕەزایەتی‌یەکان لە لایەن ژینگەپارێزانەوە، بە ڕواڵەت بە دژکردەوە بەرانبەر بڕینو هەڵکەندنی ١٣ داری پارکەکەو تێکدانی ناوەندی کەلتووریی ئەتاتورکو دروستکردنی ناوەندێکی بازرگانی لەو شوێنە سەری هەڵدا، بەڵام بەردەوامیی خۆپێشاندانەکانو هەر بە زوویی پەڕینەوەی بۆ ٧٧ شارو شارۆچکەی تورکیە، هەروەها وەڵامدانەوەی توندو سەرکوتی بێ‌بەزیی‌یانەی پۆلیس، ئەو ڕاستی‌یەی دەرخست کە هۆیەکانی دەستپێ‌کردنو بەرینبوونەوەو بەردەوامیی ناڕەزایەتی‌یەکان، ململانێی توندی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیەو چینو توێژو ڕەوتو لایەنەکانی نێوخۆی تورکیە لە لایەکو پارتی دەسەڵاتدار، پارتی دادو گەشە پێدان بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە لایەکی دیکەو هەروەها ڕیشەدار بوونی ئەو کێشانەن کە کۆماری تورکیە لە دامەزرانیەوە تائێستا پێیانەوە دەناڵێنێ. سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی‌یەکان بە دژی پارتی دەسەڵاتدار کە ماوەی ١١ ساڵە — لە ٣ی نۆامبری ٢٠٠٢-ەوە حوکمی تورکیە دەکاو لە دوایین هەڵبژاردنیش — ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١-دا، ٤٩٪.٩ی دەنگەکانی هێناوەتەوە، بۆ هۆیەکانی ژێرەوە دەگەڕێتەوە: جیا لەو گۆڕانو پێشکەوتنانەی ئەو پارتە لە درێژایی ١١ ساڵ دەسەڵاتی‌دا، لە تورکیە وەدیی هێناون، سیاسەتو هەڵوێستی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە ئاست پارتەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، لە ئاست فرەڕەنگی‌و فرەچەشنیی تورکیەو ڕاستی‌یەکانی فرەئایینی‌و فرەنەتەوەیی‌و لە ئاست کێشەو ململانێ نێوخۆیی‌و هەرێمی‌یەکان‌دا، بەردەوام سیاسەتو هەڵوێستێکی پاوانخوازانەو بەرزەفڕانەی ڕەچاو کردوە، تێ‌کۆشاوە، سەلیقە، مۆرک، خەتو ڕێبازی خۆی بە سەر تورکیەدا بسەپێنێ. بەرتەسک کردنەوەی ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکان، داتاشینی کۆسپو لەمپەرو دانانی ڕێساو بەندو کۆتو دەستتێ‌وەردانی نۆرمو بایەخەکانی ژیانی خەڵک، هەوڵ بۆ وەلانانی بیرو ڕوانگەی کەمالیستی- ئەمە بۆ ڕەگەزپەرستەکان هێڵی سوورە- بۆ نموونە ئەردۆغان هانی کۆمەڵگەی تورکیە دەداو ئامۆژگاری‌یان دەکا ڕێژەی زاوزێ زۆر بکەن، قانوون دەردەکا کە خواردنەوە ئەلکولی‌یەکان کەم بکرێنەوەو خەڵک ڕوو لە خواردنەوەی دۆو ماستاو وەک خواردنەوەیەکی میللی بکەن. ئاکەپە، لە چوارەمین کۆنگرەی دا — ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٢- دا، وێنەی ئەتاتورکی لە ساڵۆنی کۆنگرەکەی‌دا هەڵنەواسی، هەوڵ بۆ لابردنو هەڵکەندنی قسەی ئەتاتورک دەدا کە دەڵێ: «چەندە تورکێکی شادم»و گۆڕینی بە وتەی « ئاشتیی ماڵ ئاشتیی جیهانە» قەڵسی‌و توورەیی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بە دوای خۆی‌دا دێنێ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەگەر پارتو لایەنێکی کوردی کارێکی وەها بکا، ئەوە خودی ئەردۆغان، بەرلەوەی تورکە توندڕەوەکان دەنگیان لێوە بێ، وەک ئەوەی پردی قیامەت پسابێ، بە هەموو شێوەیەک هەڵدەکوتێتە سەر کوردو بە قسەو قسەڵۆکی نەگونجاو تەوانباریان دەکا. سەرۆکوەزیر، مەیلی یەکجار بەهێز لە خۆی نیشان دەدا، پرۆژەکانی بە دڵی خۆی بەرەو پێش ببا، ڕاکێشانی سێهەم پردی گەورە لە شاری ئیستانبووڵ هەم بەو هۆیە کە ناوی سوڵتان سەلیمی لە سەر دادەنێو هەم لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی تێکچوونی ژینگە، لەگەڵ ناڕەزایەتیی عەلەوی‌یەکانی کورد بە تایبەتو کورد بە گشتی‌و ژینگەپارێزانی تورکیە بەرەوڕوو دەبێتەوە، لەوەش زیاتر ترس لە دڵی وان‌دا پێک دێنێ کە نەکا سەرۆک وەزیر، تورکیە بەرەو سەردەمی عوسمانی‌یەکان بگەڕێنێتەوە، جگە لەوەی ئەو پارتە بە تاقی تەنیا وەک تاقە پارت ناتوانێ لەگەڵ کێشە کەڵەکەبووەکانی تورکیە بەرەوڕوو بێ‌و لە گەڵ دەنگو ڕەنگە جیاوازەکانی نێو تورکیە هەڵبکا، بەڵکوو نەقوستانی‌یەکانی، سیاسەتو ئامانجەکانی، بە برەودان بە گەشەی ئابووری، کردنەوەی پرۆژەی گەورەی ئاوەدانی‌و ڕێژەو پشتیوانیی نیوەی دەنگدەرانی تورکیە لە پشت خۆی‌و پارتەکەی، پاساو دەداتەوە. ڕەنگە بە گشتی خەڵکی تورکیە لەوەی کە سەرۆکوەزیرەکەیان، هەموو ڕۆژێ هەورازچوونی داهاتی وڵات، کەم‌کردنەوەی ڕێژەی بێکاری‌و لەکەمی‌دانی ڕێژەی هەڵاوسانو ئاستی گەشەی ئابووریی وڵاتەکەی بە چاویان‌دا دەداتەوە، جاڕز بووبن. ئەمانەش خوێندنەوەیەکی سەقەتی ئەو پارتە لە سەر کۆمەڵگەی تورکیەو ویستو داخوازی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی تورکیەن.

ئەردۆغان، دەیەوێ سیستمی سیاسی‌و ئیداریی تورکیەش بگۆڕێ. گۆڕینی سیستمی پاڕلمانی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، ئەو هەوڵە چڕوپڕە، وای لە ناوبراو کردوە لە ٢٠١٤ دا، خۆی لە وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری بە ڕێگای دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵکدا، وەک یەکەم سەرکۆماری هەڵبژاردە لە مێژووی تورکیەدا، خۆش بکا. ئەمەش، هەوڵێکی بە بڕشتی ئەردۆغان بۆ ڕەگداکوتانی هەرچی زیاتری پارتەکەی لە تورکیەو ناوچەو هەروەها ڕێگری لە دەرکەوتنی دەنگە کپ کراوەکانی نێوخۆی پارتەکەی‌و هەیبەتو ئیشتیای مەزنی‌خوازانەی ئەو لە سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەدایە.

سیاسەتو هەوڵەکانی پارتی دادوگەشەپێدان، لە ماوەی دەسەلاتی‌دا، لە گەڵ دنیای دەرەوەو دەرو دراوسێکانی‌دا، پڕ بووە لە هەڵکشانو داکشانو پێچو قۆرتی جۆراوجۆر. هەر ئەوەندە بەسە، ئاوڕێک لە هەڵوێستی سەرۆکوەزیرو پارتەکەی لە ئاست شۆڕشو کێشەی سووریەو لە ئاست ئەو هەوڵە نەزۆکانەی بۆ کپکردنی دەنگی کورد لەو بەشەی کوردستان بدەینەوەو سەیری تێۆەگلانی وڵاتەکەی لە کێشەکانی سووریەدا بکەین کە نەی‌توانیوە وەڵامی پەلامارو هەڕەشەکان بداتەوەو سنوورەکانی خۆی بپارێزێ.

سەرۆک وەزیری تورکیە لە سەرەتادا، پێی‌وابوو ئەگەر بە گوللەو گازی فرمێسکڕێژو ئاوی بەتەوژم ڕووبەڕووی خەڵکی ناڕازی ببێتەوەو خۆپێشاندەران بکوژێو ڕاپێچی گرتووخانەکانیان بکا، دەتوانێ بەردێک لە سەر قەڵشتی کێشە کۆنو تازەکانی تورکیە دابنێ. ئەو، لە جیاتی گوێ‌گرتنو بەپیرەوەچوونی داخوازەکانی خۆپیشاندەران، ئەوانی بە «ترۆریست، هێزی پاتاڵ، ئاژاوەگێڕو پیاوی دوژمنانی دەرەکی» ناو برد. لە درێژەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پۆشتەو تەیاری پۆلیس‌دا، تاکوو ئێستا هەزاران کەس دەستبەسەر کراون ، ٤ کەس گیانیان لە دەست داوەو سەدان کەسیش بریندار بوون. بەڵام لە ڕاستی‌دا، کێشەو ڕاستی‌یەکان ئەوەندە بچووک نین، وەک ئاکەپە بیری لێ‌کردۆتەوە. پشتیوانیی کوردەکان لە خۆپێشاندەرانو بەشداری‌یان تێیدا — هەرچەند زۆریش بەرچاو نەبێ-، بەشداریی کرێکاران، مامۆستایان، پزیشکەکان، چەپەکان، ژنان، پیاوان، بە تایبەت توێژی لاو، قوتابی‌یان، تورکە ڕەگەزپەرەستەکانو لایەنگرانی کەمالیزم، کە هەموویان بە تێکڕایی بە دژی سیاسەتو هەڵوێستەکانی ئەردۆغانو پارتەکەی ڕژاونەتە مەیدان لە بناغەدا بریتین لە چەندین بیرو باوەڕی جیاواز، ئەمانیش وەک کێشەی لە مێژینەو ڕەوای کورد کە خاوەن ڕەگی مێژوویی‌یە وململانێی ڕەگەزپەرستو کەمالیستەکان لە گەڵ ئاکەپە وەک پارتێکی میانەڕەوی ئیسلامی‌و بیری چەپیش کە کێشەی ئایدۆلۆژیی لە گەڵ سیستمی کەمالیزمو پارتێکی وەک ئاکەپە هەیە، دەکرێ بە ناڕەزایەتی‌یەکی گشتی ناو بەرین.

پاش سێ حەوتوو دەبینین، خۆپیشاندەران لە داواکانی خۆیان نایەنە خوارو گرژی‌و ئالۆزی‌یەکان بە تایبەت لە شارە گەورەکانی وەک ئانکارا، ئیستانبووڵو ئیزمیر قووڵتر دەبنەوە. یەکیەتیی ئوورووپاو کۆشکی سپی، بەرانبەر بە خۆبادانی ئاکەپە لە ئاست خۆپێشاندەرانو ڕیژەی بەرزی بەکاربردنی گازی فرمێسکڕێژو توندوتیژیی لە ڕادەبەدەری پۆلیس، ڕەخنەی زۆر توندیان ئاڕاستەی ئەو وڵاتە کردوە. ئەردۆغانیش، دەڵێ: «ئەو ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە ناگۆڕێ»و چەند ڕۆژێکیشە لە شارە گرنگەکانی تورکیە، متینگ بۆ لایەنگرانی دەگرێ،و بولەند ئارنج، وەک جێگری یەکەمی سەرۆکوەزیر، دەڵێ « ئەگەر پێوست بکا، ئەوە داوا لە ئەرتەش دەکەین، بێتە مەیدان». لە ٢٧ی مەی واتە لەوەتەی، گازی فرمێسکڕێژ چاوی پیرو لاوەکان، ژنانو کچان لە شارەکانی تورکیە دەبرژێنێتەوەو گوللە گیان لە خەڵک دەستێنێ، سەرۆکوەزیرانی تورکیە باوەش بۆ خەڵکی، « ڕامەڵڵا»، «شام»،» بۆسنی»، «بەغدا»و» هەولێر» ناکاتەوەو «تورکیەی بەهێز» و « دێموکڕاسیی تورکیە» گوێمان نازرینگێنێتەوە. کەواتە کاتێک چاو لە ڕاستی‌یەکانی سەرەوە دەکەینو ئاوڕ لە چۆنیەتیی هەڵویستو ڕوانگەکانی پارتی دەسەڵاتداری ئێستاو پارتەکانی تورکیەو نێو کۆمەڵگەکەی بە تایبەت لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا دەدەینەوە، بە هەڵە نەچووینە ئەگەر بڵێین :»ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە«.

# دوو ڕووی دراوێک، لووتبەرزی‌و تێکشکانی سیاسی



**ڕێبوار مەعروف‌زادە**





هۆکارو دەرئەنجامەکانی ناڕەزایەتی‌یەکانی زیاتر لە دوو هەفتەی ڕابردووی تورکیە چین؟ بە چ هۆیەک پارتی دادو گەشەپێدان کە براوەی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک بووەو ڕەوایی جەماوەریی هەیە، ڕووبەڕوی ڕەخنەو ناڕەزایەتیی توندی بەشێک لە جەماوەری تورکیە دەبێتەوە؟ دیارە ئەو ناڕەزایەتی‌یانە ئەگەر بەردەوامیش نەبنو نەش‌بنە بەهاری تورکی، هەر هەتا ئێرەش کاریگەری‌یان لە سەر پێگەی ئەردوغان لە نێو پارتەکەی‌و جێگەی ئەو پارتە لە نێو کایەی سیاسیی تورکیەو دواجار پێگەی ناوچەیی‌و جیهانیی تورکیە لە ئاستی جیهانی‌دا دەبێ. ڕامانی ئێمە لەو ناڕەزایەتی‌یانە نەک هەر لەو ڕوانگەیەوە پێویستە کە تورکیە وڵاتێکی گرنگی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوەش پرپایەخە کە زۆرترین حەشیمەتی کوردو خاکی کوردستان لە پراکتیکی سیاسیی ئێستادا لە تورکیە هەڵکەوتوون.

هۆکارەکانی ئەو ناڕەزایەتی‌یانە

١- چالاکانی مەدەنی‌و ژینگەپارێز ئەو هەوێنو توانایەیان هەبوو کە پشتگیری‌یەکی هەمەلایەنەی بەرەی ناڕازی‌یانی پارتی دادو گەشەپێدان بە دەست بێنن. سەرەتا ژمارەیەکی کەم لە ژینگەدۆستانو چالاکانی مەدەنی بە نیسبەت کردنی پارکی گەزی ئیستانبووڵ بە ناوەندێکی بازرگانی ناڕەزایەتی‌یان دەربڕی. دیارە ئەوە ڕاستە کە ئەو ناڕەزایەتی‌یانە دوای ئەوەی ئەو ژمارە کەمە لە ناڕازی‌یان ڕووبەڕوی سەرکوتی توندی پۆلیسی تورکیە بوونەوە ڕەهەندێکی جەماوەریی بەرینی پەیدا کرد، بەڵام هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی‌یەکان ئەوە بوو کە ئەوکارە لە لایەن هیچ یەک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕێک نەخرابوو. کۆمەڵگەی تورکیە لە نێوان حەشیمەتی کورد، عەلەوی‌یەکان، بڕوادارانی ئاتاتورکو حەشیمەتی موسوڵمانی تورک دابەش بووە، بەڵام ئەو دابەشبوونە ڕەهەندێکی سیاسیی بەهێزتری هەیە. دوو حیزبی MHP و CHP وەک دوو حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیە بە هۆی نادێموکراتیک‌بوونیان حیزبی BDPیان لە خۆیان دوور کردۆتەوەو هەروەها بە هۆی نەبوونی هاوکاریی سیاسی لە نێوان خۆشیان‌دا پارتی ئەردوغانیان بەهێزتر کردوە. پارتی ئەردوغان لە تەنیشت ئەوەی کە پارتێکی براوەی هەڵبژاردنە، پارتێکیشە کە ڕکەبەرو هاوتایەکی سیاسیی لە تورکیە نیە. هەربۆیە ناڕەزایەتی لە پارتی دادو گەشەپێدان شتێکی تازە نیە، ئەوەی تازەیە ڕێککەوتنی ناڕازی‌یان لە سەردەستی ژینگەدۆستانو چالاکانی مەدەنی‌یە.

٢- گەشەکردنی ئابووری‌و پێویستیی گەشەکردنی زیاتری سیاسی

لە سالی ٢٠٠٢ وە کە پارتی دادو گەشەپێدان دەسەڵاتی لە تورکیە بە دەستەوە گرتوە، تورکیە لە بواری تووریسم، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی، گەڕاندنەوەی نیزامی‌یان بۆ پادگانەکانیانو دابین‌کردنی خزمەتگوزاریی گشتی‌دا، سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە. ئەوەی پێویستە سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە ئەو گەشەکردنە ئابووری‌یە نە تەنیا قەرەبووی گەشەنەکردنی سیاسیی ئەو وڵاتە ناکاتەوە، بەڵکوو پێویستیی گەشەی سیاسیی ئەو وڵاتە زیاتر دەکا. زۆر لەو کەسانەی ئێستا داوای لاچوونی ئەردوغان دەکەن لە دەورانی گەشەی ئابووریی توکیەدا گەورە بوونو دەورانی نیزامی‌یەکانیان نەبینیوە. هەروەها دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە ئەمڕۆ خەڵکێکی زیاتر کارمەندە، خوێندکارە، لە بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەت‌دا کار دەکا واتە لەو قۆناخەدا چینی مامناوەندیی تورکیە گەشەی کردوە. ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی تورکیە حکوومەتی تورکیە لەگەڵ دەورانی پێشووی تورکیە بەراورد ناکا، بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی

**سیامەک قەوی‌پەنجە: ئەم ڕادیۆیە کە بە هەوڵو هیممەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەباتگێڕانی حیزبو لە سەرووی هەمووشیانەوە دوکتور قاسملوو و بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد، لە ماوەیەکی کورتدا توانی جێی خۆی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە**

**لە ڕاستی‌دا ئایدیای مۆدێلی ئیسلامی‌و دێموکراسیی تورکیە نەک هەر بە تەنیا بە هەوڵی خۆی، بەڵکوو بە پشتگیری‌یەکی میدیایی‌و سیاسیی ڕۆژئاوا لەو شوناسە ناوچەیی‌و جیهانی‌یە بەهرەمەند بووە. هەر چەند خوێنی زیاتر بڕێژرێ ئەو ئایدیایە لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا سیمایەکی ناشیرینترو ناپەسندتر پەیدا دەکا.**

# ڕادیۆ دەنگی کوردستان،
# هاوارێک لە بێدەنگیی سەرەڕۆیی‌دا





سیامەک قەوی پەنجە

وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

سی‌وسێ ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩دا ڕادیۆیەک دەستی بە کار کرد کە بە دەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە بەشێک لە کوردستان دەهاتە ئەژمار.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی، خەڵکی کوردستانی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، خۆشحاڵ بە ڕووخانی ڕێژیمێک کە بێجگە لە بێ‌بەشی‌و زوڵم دیکتاتۆری شتێکی دیکەی بۆ ئەوان بە دیاری نەهێنابوو، داخوازەکانی خۆیان خستەڕوو و چاوەڕوان بوون حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، وەڵامی ئەرێنی‌یان پێ بداتەوەو کۆتایی بە ڕەنجو ئازاری چەندین ساڵەیان بێنێ، بەڵام ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتوو زۆر زوو ماهییەتی خۆی دەرخستو نەتەنیا هیچ گرنگی‌و بایەخێکی بە داخوازەکانی نەتەوەی بێ‌بەش‌و زوڵم‌لێ‌کراوی کورد نەدا، بەڵکوو بە ڕەوانەکردنی هێزو وەڕێ‌خستنی شەڕو توندوتیژی دەستی بە سەرکوتی ئەم خەڵکە کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناردنی هێزی سەربازیی، بۆمبارانو وێرانکردنی کوردستان هەوڵی‌دا خەڵکی کوردستان لە سووربوون لەسەر گەیشتن بە داخوازەکانیان کە شتێکی جیا لە ئازادی‌و ژیانێکی مرۆڤانە نەبوو، پەژیوان بکاتەوەو دەستیان پێ لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەڵبگرێ.

بەڵام خەڵکی کوردستان بڕیاری یەکجاریی خۆیان دابوو، ئامادەنەبوون لەژێر هیچ ناوێک‌دا مل بۆ ویستو داخوازە دژە مرۆیی‌یەکانی ئەم دەسەڵاتە ڕابکێش. هەربۆیە لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هێزەکانی دیکەی کورددا، دەستیان بە خەباتێکی سەختو دژوار لە سەراسەری کوردستان کرد. بە پەرەئەستاندنی شەڕو تێکهەڵچوونەکان لە کوردستان ڕێژیم هەوڵی دا بە پیادەکردنی سانسۆرێکی توند و هەمەلایەنە، پێش بە بڵاوبوونەوەی هەواڵو ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کوردستان بگرێ. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێتە سەر ئەو باوەڕەی لەم مەیدانەش‌دا خەباتو بەربەرەکانی بە دژی ڕێژیم دەست پێ‌بکا. بۆیە بڕیاری دا لە پەنا چاپو بڵاوکردنەوەی نامیلکەو هەواڵنامەو ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژانە، ڕادیۆیەک دامەزرێنێ تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێ ڕووداوەکانی کوردستان بەو جۆرە کە هەن، بە ئاگاداریی خەڵک بگەیەنێ.

ئەم بڕیارە گرنگەو ئەم ئەرکە پیرۆزە، لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی‌دا بە ئەنجام گەیشت. ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە پەیامی ڕێبەری هەرگیز نەمری نەتەوەی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەستی بە کار کرد. ئەم ڕادیۆیە کە بە هەوڵو هیممەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەباتگێڕانی حیزبو لە سەرووی هەمووشیانەوە دوکتور قاسملوو و بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد، لە ماوەیەکی کورت‌دا توانی جێی خۆی لە دڵی خەڵکی کوردستان‌دا بکاتەوەو لە بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان‌دا وەک یەکێک لە باوەڕپێ‌کراوترین سەرچاوەکانی هەواڵ گوێی بۆ ڕابگیرێ. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب تێ‌بکۆشێ پانتایی وەرگرتنی شەپۆلەکانی ئەم ڕادیۆیە پەرە پێ‌بداو بە دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست کارێک بکا نە تەنیا خەڵکی کوردستان بەڵکوو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بتوانن ئەم دەنگە حەقخوازانەیە ببیستن.

ڕاستگۆیی‌و حەق‌بێژیی ئەم ڕادیۆیە لەگەڵ خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵو زانیاری بە شێوەی ڕۆژانە، ئەم ڕادیۆیەیان کردە خۆشەویستترین هاوڕێی خەڵکی کوردستانو چەقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی‌و بەختەوەریی نەتەوەی کورد. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ڕێژیم بێجگە لە بۆمبارانی هەوایی‌و تۆپبارانکردنی شوێنی جێگیربوونی ڕادیۆکە، بە ناردنی پاڕازیت بۆ سەر شەپۆلەکانی،هەوڵی دا پێش بە بڵاوبوونەوەو گەیشتنی ئەم دەنگە حەقخوازانەیە بە گوێی بیسەرە وەفادارەکانی بگرێ. بەڵام تەواوی ئەم هەوڵانە نە تەنیا ئەم ڕادیۆیەیان بێ‌دەنگ نەکرد، بەڵکوو بوون بە هۆی ئەوەی کارگێڕانی ئەم ڕادیۆیە لە سەر درێژەدانی کارەکانیانو بیسەرانیشی لە سەر گوێ‌گرتن بۆ بەرنامەکانی شێلگیرتر بکەن.

هەر وەک گوترا ڕادیۆی دەنگی کوردستان جێگەی بڕواو متمانەی دۆستو دوژمن بووەو هەیە چونکە بەردەوام بە ڕاستگۆیی‌و خۆدوورگرتن لە قسەو قسەلۆکی ناشیرین بەتایبەت لە وتارو لێکدانەوە سیاسی‌یەکانی‌دا هەوڵی دا هەروا جێگەی باوەڕی خەڵک بمێنێتەوە.

ئەگەر خێرایی لە گواستنەوەی بابەتو باوەڕپێکراویی لە داتادا بە تایبەتمەندی‌یەکی گرنگی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن بێتە ئەژمار، بێ‌زیادەڕۆیی دەبێ بگوترێ دەنگی کوردستان لە ساڵانی سەرەتای دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و هەتا پێش هاتنەمەیدانی ئینتەرنێتو تەلەڤیزیۆنە ماهوارەیی‌یەکانو پێشکەوتنی خێرای ڕاگەیە گشتی‌یەکان، خاوەنی هەردووکی ئەم تایبەتمەندی‌یانە بوو. چونکە کۆمیتەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەواڵو ڕاپۆرتی خەبەری‌و زانیاریی هەمە جۆریان بۆ ڕادیۆکە دەناردو ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش دەسبەجێ بە گوێی خەڵکی دەگەیاندن. هەموو ئەمانەش بە هەوڵو هیممەتی ماندوویی‌نەناسانەی خەباتگێڕانی حیزبی‌و پێرسۆنێلی ڕادیۆو بەشی ڕاگەیاندنو چاپەمەنیی حیزبو بەتایبەتی گەورە پیاوانی شەهید دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی جێبەجێ دەبوون کە سەرەڕای کێشەو گیروگرفتو کەموکووڕی زۆر لە سەر بەڕێوەبردنو درێژەدان بە کارەکانی ڕادیۆ پێداگر بوون.

**سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو خەباتکارانەی لە دامەزراندنو درێژەدانی کاری ڕادیۆی دەنگی کوردستان‌دا ڕۆڵیان هەبوو و پێیەوە ماندوو بوون بەڵام ئێستا لە نێومان‌دا نەماون.**

**دەستخۆشی بۆ هەموو ئەو ئازیزانە کە لە ڕۆژی دەست بە کاربوونیەوە هەتا ئەمڕۆ لە قۆناخە جیاجیاکانی کاروچالاکیی ڕادیۆی دەنگی کوردستان‌دا، ئەرکیان لە ئەستۆ بووەو زەحمەتیان پێوە کێشاوە.**

**سڵاو لە خەڵکی کوردستان کە هەمیشە یارو یاوەرو پیشتیوانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوون**

**ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە سەرجەم خەباتگێڕانی حیزبو بەتایبەت کارگێڕانو پێرسۆنێلی ئەم ڕادیۆیە پیرۆز بێ.**

درێژەی

# دوو ڕووی دراوێک، لووتبەرزی‌و تێکشکانی سیاسی

ئوروپایی بەراورد دەکا. پارتی دادو گەشەپێدان لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆی‌دا جگە لەوەی سەرکوتی هەمەلایەنەی کوردستانی کردوە، بوارەکانی ئازادیی میدیا، چاپەمەنی‌و ڕێکخراوە مەدەنی‌یە تورکەکانیشی بەرتەسک کردۆتەوە. ئەژمارێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی تورکیەو بە تایبەتی کوردەکانی خستۆتە زیندان. هەنووکە ژمارەیەکی زۆر پارێزوان، بە هۆی تۆمارکردنی ناڕەزایەتیی قانوونی لە دژی توندوتیژی‌یەکانی دوو هەفتەی ڕابردووی پۆلیس، ڕاپێچی زیندان کراون. ئەوەی کە دەڵێم گەشەی ئابووریی تورکیە پێوستی گەشەی سیاسیی ئەو وڵاتە زیاتر دەکا بەو هۆیەیە کە تورکیە لە سەر سفرەی نەوت ناژی‌و ڕۆیشتنی سەرمایەی دەرەکی گوشارێکی گەورە دەخاتە سەر دەوڵەت. ئەو ناڕەزایەتی‌یانەی دوو هەفتەی ڕابردوو ئابووریی دوو شاری ستراتژیکی تورکیە واتە ئانکاراو ئیستانبووڵیان وەستاندوەو هەروەها ئەو وێنانەی لە تورکیە بۆ جیهان بەرێ کراون سەرمایەی دەرەکی لە تورکیە دوور دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەردوغان دەبێ کۆتایی بەو نائارامی‌یانە بێنێ، ئێستا کە زمانی هەڕەشەو تۆقاندن کاریگەر نیە، جگە لە نەرمی نواندنو پاشەکشە چارەیەکی نیە. ئەو هەزاران ناڕازی‌یەی لە ئیستانبووڵ و ئانکاراو شارەکانی دیکە بە دژی ئەردوغان دروشم دەدەن کێشەکەیان تەنیا کردنی پارکی گەزی بە ناوەندێکی بازرگانی نیە، بەڵکوو ئەوان پارکی گەزی وەک دەرفەتێک دەبینین تا لووتبەرزیی ئەردوغان، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە بەرامبەر خواستو ئیرادەی نزیک بە نیوەی حەشیمەتی تورکیە ڕاەستاوە، داتەپێنن‌و ڕەخنە لە دەرکەوتنی تورکیە وەک ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ناوچەکە بگرن.

## ئاکامەکانی ئەو ناڕەزایەتی‌یانە

١- ئەو ناڕەزایەتی‌یانە پێگەی ئەردوغان لە نێو پارتی دادوگەشەپێدان‌دا دادەبەزێنێ. لەو دوو هەفتەیەدا هەرچەند ئەردوغان بە لووتبەرزی‌یەوە ڕووبەڕووی ناڕازی‌یان بۆتەوە، بەڵام عەبدوڵڵا گول بە هێمنی‌و بەرپرسیارەتی لەگەڵ کێشەکە هەڵسوکەوتی کردوە. چەند کەسێک لەو ناڕازی‌یانە گیانیان لە دەست داوەو خەڵکانێکی زۆریش بریندار بوون یان گیراون. هەر بۆیە ئەوە سووژەیەکی میدیایی درێژخایەن لە دژی ئا کە پەو بە تایبەتی لە دژی ئەردوغان دەبێ. دابەزینی ئۆتۆریتەی ئەردوغان ئەگەری زیاترکردنی دەسەڵاتی سەرکۆماریش کەم دەکاتەوەو هەروەها ئەو ناڕەزایەتی‌یانە کارنامەی ئابووری ئاکپارتی لە نێو بیروڕای گشتیی نێوخۆیی کەمڕەنگ دەکاتەوە.

٢-مۆدێلی دێموکراسیی تورکی‌و دەوڵەتی ئیسلامیی دێموکرات نەک شکست بەڵام ڕووبەڕووی گۆمانێکی گەورەی ناوچەیی دەبێتەوە. بەشێک لەو خەڵکەی ڕژاونەتە سەر شەقامەکانی ئانکاراو ئیستانبووڵ، لە سیاسەتی دەستتێوەردانی تورکیە لە سووریە لە پێناو جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی سوننی ناڕازین. ئەو کەسانە هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل‌و وڵاتانی دیکەی ناوچە بە نادروستو خەسارهەڵگر لە قەڵەم دەدەن‌و داوای کارکردنی زیاتر بۆ ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپادا دەکەن. لەو چەند ڕۆژەدا دەوڵەتی تورکیە لەلایەن ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاوە ڕەخنەی توندی لێ‌گیراوەو لەوەش گرنگتر بیروڕای جیهانی ئەو سەرکوتانەی بە دژی خەڵکی مەدەنی مەحکووم کردوە. لە ڕاستی‌دا ئایدیای مۆدێلی ئیسلامی‌و دێموکراسیی تورکیە نەک هەر بە تەنیا بە هەوڵی خۆی، بەڵکوو بە پشتگیری‌یەکی میدیایی‌و سیاسیی ڕۆژئاوا لەو شوناسە ناوچەیی‌و جیهانی‌یە بەهرەمەند بووە. هەر چەند خوێنی زیاتر بڕێژرێ ئەو ئایدیایە لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا سیمایەکی ناشیرینترو ناپەسندتر پەیدا دەکا.

کوردەکان و ناڕەزایەتییەکانی تورکیە

لە حالێکدا ئەو نائارامییانە بۆتە هۆی ئەوەی میدیای جیهانی زووم بکاتە سەر تورکیە، پارلمانتارانی BDP بە شێوەیەکی سەمبۆلیک بەشداریان لەو ناڕەزایەتییانە کردوە، وەک خەڵکانێکی دێموکرات کە ئەنجامدانی توندڕەوەی بەرامبەر بە نارازیانی تورک بە نادروست دەزانن و مەحکوومی دەکەن. بەڵام لە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەدا تا ڕادەیەک کەمتەرخەم و بێ پلان جووڵاونەتەوە. دەکرا هەموو توانای کوردەکانی دانیشتووی ئانکارا و ئیستانبۆل ڕێکبخەن تاکوو لە هەر وێنەیەک و مێژوویەک کە ئەو ناڕەزایەتییانە دروستی دەکەن کورد پشکێکی هەبێ. ئەوە دەکرێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی سایکۆلۆژی تاک و کۆمەڵگەی تورک بە نیسبەت کوردەوە بگۆردرێ. هەر چەند قورسیایی ئوردووغان لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا لاواز بێ، قۆرسیایی کورد لەو بەینەدا زیاتر دەردەکەوێ و کاریگەری دەبێ.

**تەها ڕەحیمی: ئەگەر لە سەرەتای شەڕەوە گومانی دەستێوەردانی ئێران‌و حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریە دەکراو چەندین جار ئەم دوو هێزە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یە هۆشیار کرانەوە کە دەست لە کاربارەوی سووریە وەرنەدەن، ئێران‌وحیزبوڵڵا حاشایان لێ‌دەکرد. بەڵام لەم ماوەیەی ڕابردوودا شایەتی گۆڕانی باڵانسی هێزیان لە سووریەدا بووین**

**منداڵان نەوەکانی داهاتوون‌و کۆمەڵگەی داهاتوو دروست دەکەن‌و دەبنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەویش بە مەرجێ کە بە شێوازێکی مودێڕن‌و زانستی پەروەردە بکرێن. ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو سیستەمە نوێیە بۆ ئەوەی لانی‌کەم سەدەکانی داهاتووی خۆمان هی خۆمان بێ؟**

# ستراتیژیی زلهێزەکان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە



تەها ڕەحیمی

بێگومان شەڕی نیوخۆیی سووریە کە زیاتر لە دوو ساڵە بەردەوامەو، بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کوژرانی زیاتر لە ٩٣ هەزار کەسی لێ‌کەوتۆتەوە، جگە لە کاولکردن‌و ماڵوێرانی‌و خوێن‌و ئاوارەیی‌و .... دەیان‌و سەدان کارەساتی مرۆڤ‌هەژێنی دیکە هیچی بۆ خەڵکی لەداوکەوتووی سووریە نەبووە. ئەدی ئەگەر ئەم شەڕە جگە لە خاپووربوون‌و هەڵوەدایی دیاری‌یەکی بۆ ئەم خەڵکە نەبووە، بۆچی دانیشتووانی سووریە کەوتوونە گیانی یەکترو بە هیچ سوێندو قورئانێک لێک نابنەوە؟ یان بۆچی ئەم خەڵکە سەبرو ئارامیان لێ‌هەڵگیراوەو بەم‌جۆرە بە گژ یەکدا چوونەوە ، ئەدی تێچووی قورسی ماددیی ئەم شەڕە لە کوێوە دابین دەبێ‌و ئەگەر لەلایەکەوە دابین دەکرێ لە چ‌پێناوێک دایە، کێ ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکاو کورد گوتەنی فووی لێ‌دەکا؟ هەروەک ئاشکرایە ئەم شەڕە هۆکارو فاکتەری نێوخۆیی‌و ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی زۆری هەن‌و لێکدانەوەی هەر کام لەم ڕەهەندانە پێویستیی بە شی‌کردنەوەو لێکدانەوەی زۆر هەیەو دەبێ زۆر بەوردی لێک بدرێنەوە. یەکێک لەو بۆچوونانەی لە سەر ئەم قەیرانە باس دەکرێ ئەوەیە، کە کارناسان ئەم شەڕە بە شەڕی ڕاستەوخۆی ئەمریکاو ئێران دەزانن. چونکە ئێران تاکە وڵاتە لە جیهان‌دا کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و بە تاڵان چوونی ئەم شۆڕشە لە لایەن هێندێک بن‌ئاژۆخوازی ئیسلامی‌یەوە بە ئاشکراو بە توندی دژایەتیی ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە ئاستی جیهانی‌و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین کردوە، کە بە مەکۆی وزەی جیهان دێتە ئەژمار. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی داوە وڵاتانی ناوچەکە لە هاوپەیمانی‌کردن لەگەڵ ئەمریکا دوور بخاتەوەو بە ناوی ئیسلامەوە دژایەتی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکای کردوە. ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیکی دەوڵەتەکەی بەشار ئەسەدو میلیشاکانی لوبنان‌و فەلەستین دێتە ئەژمار کە ئەوانیش لە لایەن ئەمریکاوە ماوەیەکی زۆرە بە تیرۆریست ناسراون. هەر بۆیە ئەمریکا زۆر لەمێژەو لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەوە کە دەوڵەتەکەی بووشی باوک هێنایە گۆڕێ هەوڵی داوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی ناوچەکەو لاوازکردنی ئەو دەوڵەتانەی لە لایەن خۆیەوە بە نەیارو دیکتاتۆر ناسراون‌و ئەگەر بۆی بکرێ دەیەوێ پارچە پارچە ببن. شەڕی شاراوەی ئەمریکاو ئەم بەرەیە دژی یەکتر ڕابردوویەکی دوورودرێژی هەیەو ئەگەر بە تەمەنی سێ دەیەی کۆماری ئیسلامی‌دا بچینەوە، دەبینین پشتیوانیی دارایی میلیشاکانی ناوچەکە بە تایبەت گرووپە توندڕەوە شیعەکان‌و کردەوەو چالاکی‌یەکانی لە ئاستی جیهانی‌و هەروەها خۆنزیک کردنەوە لە ئەمریکای لاتین بۆ ئەوە بووە؛ کە لە دوورەوەڕا ململانێی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا بکاو هەتا بۆی بکرێ نەیەڵێ شەڕەکە بکێشرێتە بن سنوورەکانی خۆی‌و هەروا بتوانێ فشارێک بۆ سەر ئەمریکاو هاوپەیمانانی دروست بکا تا بەرنامە ناوکی‌یەکەی خۆی بەرێتە پێش کە لە لایەنی کۆمەڵگەی جیهانی‌یەوە گومانی سەربازی‌و نائاشتی‌خوازانەبوونی لەسەرە. بەڵام بەهاری عەرەب‌و ئاڵۆزانی ناوچەی باکووری ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە کۆتایی‌دا ئەم دوو وڵاتەو بەرژەوەندی‌یەکانیانی بە تەواوەتی ڕووبەڕووی یەک کردەوەو ئەم دوو وڵاتە بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە شەڕی سووریەوە گلان‌و بە گوێرەی ڕووداوەکانی ئەم دوو ساڵ پێکدادانە، ئێران لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە ڕاستەخۆ شەری بەرەیەک دەکا کە پشتیوانی سەرەکیی ئەمریکایە.

ئەگەر لە سەرەتای شەڕەوە گومانی دەستێوەردانی ئێران‌و حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریە دەکراو چەندین جار ئەم دوو هێزە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یە هۆشیار کرانەوە کە دەست لە کاربارەوی سووریە وەرنەدەن، و ئێران‌وحیزبوڵڵا بەردەوام حاشایان لێ‌دەکرد ئێستا لەم ماوەیەی ڕابردوودا بە گۆڕانی باڵانسی هێز لە سووریەدا روون بۆوە کە بە هێرشی هەمەلایەنەی حیزبوڵڵاو سوپای پاسداران‌و هێزەکانی ئەسەد شاری ئەلقوسەیر گیرایەوە. هەروەها ئەگەرچی پێشتر دەمان‌بینی کە سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بەرچاو بوو، بەڵام دەگەڵ ئەم هێرشە هەمەلایەنەی حیزبوڵڵای لوبنان‌و سوپای پاسداران‌و ئەرتەشی ئەسەد بۆ سەر شاری ئەلقوسەیرو گیرانەوەی بەشار ئەسەدی چاوسوورتر بوو کە سووکایەتی بە بەرەی دژبەری بکاو ئاکامی کۆبوونەوەی ئاشتیی ژنێڤی دوو بە ناسەرکەوتوو لە قەڵەم بدا. لە لایەکی دیکەشەوە تورکیە کە یەکێک لە سەرەکیترین پشتیوانانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنە ماوەیەکە تووشی ئاڵۆزی هاتوەو زیاتر لە هەموو کاتێک وورەی شەڕڤانانی ئازادیخوازی سووریەی شکاندوەو لە ڕێگەی ڕایەگەیەنەکانەوە دەبیستین کە دەنگی گلەیی‌و گازەندەی ڕێبەرانی شەڕڤان بەرز بۆتەوەو هۆشداریی ئەوە دەدەن کە لە ئەگەری پشتیوانی‌نەکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌دا ڕەنگە بەرهەمەکانی ئەم دوو ساڵ شۆڕشە لە دەست بدەن‌و هەروەک لە هەواڵەکان‌ڕا دیارە بەشار ئەسەد دەیەوێ بە یارمەتی حیزبوڵڵای لوبنان بەرەو شاری حومس‌و حەڵەب هێرش بەرێ کە ئەمەش بە سەرنجدان بەم دوو ساڵ شەڕە گریمانەی کارەساتێکی گەورەی لێ‌دەکرێ.



ئەوەی گرنگەو دەبێ زیاتر لێکدانەوەی بۆ بکرێ ڕواڵەتی ئەو شەڕە نیە کە ڕوون‌و بەرچاوە بەڵکوو ئەوە، ئەم قەیرانانەن کە ئەوکی ئابووریی جیهانیان گرتوە کە ئەگەر لە ڕابردووش بڕوانین زۆربەی هەرە زۆری شەڕە گەورەکان هۆکاری سەرەکی‌یان کێشەی ئابووری بووە، وەک شەڕی جیهانی یەکەم‌و دووەم. ئێستاش دەبینین جیهانی ئابووری بە تایبەت ناوچەی سنووری یۆرۆ ڕووی لە داڕمانەو، ئەم نەخۆشی‌یە کە سەرەتا لە واڵ ئیستیریتەوە دەستی پێ‌کرد، ئابووریی گشتیی جیهانی تووش کرد. بۆیە گەورە وڵاتان پێویستیان بە شەڕێکە لە لایەک چەکو بەرهەم‌و کەلوپەلەکانی خۆیانی پێ ورد کەنەوە تا هێندێک لە بێ‌پارەیی‌و نەگەڕانی سەرمایەی نێوخۆیی‌یان کەم بکەنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی دژبەر لە سەر ئاستی جیهانی‌و ناوچەیی کورد گوتەنی خۆیان بە یەکتر لە سەر خاکی وڵاتێکی دیکە تاقی بکەنەوەو بە گشتی شەڕی هێژمۆنی خۆیان بە دەستو خوێنی خەڵکی سووریە بکەن. گریمانەیەکی دیکە کە لەم پێوەندی‌یەدا هەیە ئەوەیە، ئەمریکا بە باشی تێ‌گەیشتوە کە شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران دژوارەو وەک دوو شەڕەکەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (ئەفغانستان‌و عێراق) تێی‌دا زەرەرمەند دەبێ یان ئەوەی تێچوویەکی زۆری بۆ هەڵدەگرێ. کەواتە باشترین هەلە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی وڵاتانی ناوچەکەو شەڕڤانە هەڵخڕاوەکان لە سووریەوە هەوڵی کز کردن‌و لە نێو بردنی هێزی پاسداران‌و بە تایبەت سپای قودس بدا. ئایا شەڕی هێژمۆنی‌و بەرژەوەندیی وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر بڵێسە دەستێنێ‌و، ئەگەر ئەم بڵێسەیە هەروەک ئێستاش کوردو خاکی کوردی گرتۆتەوە لەوە زیاتر خۆ بە ناخی ئەم کۆمەڵگەیەدا بکا، سەرکردەو ڕێبەران‌و سیاسی‌یەکانی کورد دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن هەتا، هێلکەکان هەموو نەخەنە قەرتاڵەیەکەوەو دوای پاشەکشەو لاوازبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە سووریە کە بەشێکی خاکی کوردستانی بە سەرەوەیە؟ چونکی دەگەڵ گەڕانەوەو بەهێزبوونەوەی ئەسەددا هیچ شتێک بۆ چاوەڕوان‌کردن نابێ. بۆیە دەبێ هەتا ئێرە کورد چۆنی بە کۆڵ خۆی‌دا داوە، ڕاوەستێ‌و هەڵوەستەیەک بکا، ئەگینا لە ئەگەری وشیارنەبوون‌و یەکنەخستنەوە ستراتیژیی هەڵوێستی لایەنەکان، ڕەنگە داخی ئەم شۆڕشە بە کورد بڕێژرێ کە دیواری لە هەموو کەس نەویترە.

# جێگای ئێمەی کورد لە بواری پەروەردەی منداڵدا لە کوێیە؟



فەردین کەریمی

هەر کاتێ باسی منداڵان دەکرێ، یان نووسراوەیەک، گۆڤارێک لە سەر منداڵان دەر دەچێ، سەرەڕای نێوەڕۆکی باسەکە لە نەستی خۆمان‌دا دونیایەکی جوان‌و بێ‌گەردو ساف‌و سادە بەدی دەکەین کە بووکەشووشەو هەرجۆرە کەلوپەلێکی منداڵانەو ئەم تەمەنەمان بیردێنێتەوە کە هەر کەس بۆ چێژوەرگرتن لە وجوودی خۆی‌و دونیای دەورووبەری دەڕۆیشتە نێو بازنەی کایەوە. بە گشتی باس لە منداڵان مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی بە هەموو تاڵی‌و سوێری‌یەکانیەوە. ئەوە ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەر کەسەو لە دەلاقەی چاوی خۆیەوە بۆ منداڵان دەڕوانێ‌و بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە. کەوابوو ئایا منداڵان هەر ئەو بووکەشووشە ڕەنگینەن کە دەبێ قژی ڕێک دابهێنی‌و جلو بەرگی جوانی دەبەر کەی‌و کەرەستەی مۆدێڕن وەک لەپ‌تاپ‌و مۆبایل‌و شتی لەو جۆرەی بۆ بکڕی؟ ئایا دروستە هەمیشە بە منداڵان هەڵبڵێ‌و ئەوکارانەی دەتوانێ ئەنجامیان بدا یەک بە یەک هەڵدەیەوە؟ ئایا کاتێک دەڵێن ئەم منداڵە مێشکێکی باشی هەیە، زوو شت فێر دەبێ، لە کامپیوتەر باش دەزانێ، پێوەرێکی قایممان بۆ ئەم وتەیە هەیە؟ ئایا ئەو قسە خۆشانە کە زۆربەی جار منداڵانیش لەخۆبایی دەکاو تووشی لەخۆبایی‌بوونێکی نەشیاویان دەکا، قسەی دڵی خۆمانە کە دمانەوێ لە منداڵان‌دا بی‌بینین یان نامانەوێ کەموکوڕی‌یەکانیان ببینین؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارگەلەو هەزاران پرسیاری دیکەی لەم چەشنە بە چاوخشانێک بە دونیای دەوروبەری خۆمان‌و وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا زور شتمان بۆ دەردەکەوێ. لە زوربەی وڵاتان‌دا لە هەمبەر پەروەردەو بارهێنانی منداڵان‌دا هەوڵێکی زۆر دراوەو لە زۆربەی رانستگاکانی دونیادا سەدان لقی جۆراوجۆر، لە سەر منداڵان دەخوێندرێ‌و ساڵانە هەزاران کتێب‌و گۆڤارو بابەتی جوراوجۆری لەم بابەتە بڵاو دەبێتەوە.

هەروەها دەرچوونی هەزاران پسپۆڕی شارەزای ئەم بوارەو وەرگرتنی بڕوانامە لە زانستگا بە ناوبانگەکانی دونیادا هۆیەکی بەرچاوە بۆ بایەخدان بەم زانستە نوێیە (لێکۆڵینەوەو خوێندن لە سەر گەشەی منداڵان لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا هێشتا دەستی پێ‌نەکردبوو). بە پێداچوونەوەیەکی خێرا لە سەر گەشەی منداڵان‌و لە نێو فیلسووفەکان‌دا کەسانێکی وەک ڕۆسۆ ، جان لاک ، هابز و هتد کە ڕاستەو خۆو ناڕاستەو خۆ دەورێکی باشیان بووەو لە درێژەی ئەوانەدا فرۆید ، پیاژە ، ئێریکسۆن،..... دێنە بەر چاو کە ژیانی خۆیان بۆ پەروەردەو بارهێنانی دروست تەرخان کردووەو بارەگایەکی قایمیان دامەزراندوە. کە وابوو جێگای ئێمەی کورد لەم بوارەدا لە کوێیە؟ ئایا پرۆسەی گەشەو پەروەردەو بارهێنانی ئێمە دروستە؟ لەوەدا هیچ جێگای گومان نیە کە منداڵان نەوەکانی داهاتوون‌و کۆمەڵگەی داهاتوو دروست دەکەن‌و دەبنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەویش بە مەرجێ کە بە شێوازێکی مودێڕن‌و زانستی پەروەردە بکرێن. ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو سیستەمە نوێیە بۆ ئەوەی لانی‌کەم سەدەکانی داهاتووی خۆمان هی خۆمان بێ؟ لە نێو نووسەران‌و ئەدیبانی کورددا شێرزاد حەسەن چیرۆکنووسی بەناوبانگی کورد بەوردی باسی لە کێشەوگرفتەکانی منداڵ کردوەو دەستی لە سەر ئەو گریمانانە داناوە کە لە سەردەمی منداڵی‌و لە نێو بنەماڵەدا بۆ منداڵ دێنە پێشەوەو هەتاهەتایە لە گەڵی‌دا دەمێننەوە. ئەو نووسەرە لە «حەسارو سەگەکانی باوکم»، «کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی»، «تەمی سەرخەرەند» و ...دا دەستی داوەتە شیکاری‌یەکی دەروون‌ناسانەو زانستی‌و بە وریایی‌یەوە ئاشکرای کردوە کە تا چەندە ئەم بابەتە گرنگەو دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ. رەنگە دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش هەر لە سەرەتاوە هەستیان بەم بابەتە هەرە گرنگە کردبێ‌و مەترسیی منداڵانیان بۆ دوارۆژی خۆیان بینیبێ‌و هەر بەم بۆنەشەوە بە شێوازێکی زۆر زانستی‌و ئەکادێمیک لە سەر منداڵان کار دەکەن‌و لە بەرنامەیەکی درێژخایەن‌دا ئەرکی لە نێوبردنی هەستو بیری کورد بوونیان لەئەستۆیە.

بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکی قەدەغەیە. لە باخچەی منداڵان‌و قوتابخانەکان‌دا هیچ مامۆستاو قوتابی‌یەک بۆی نیە بە زمانی خۆی بدوێ، چۆنیەتیی کاریگەریی ئەم شێوە دەرس‌خوێندنە لە سەر بیرو مێشکی مرۆڤ لە زۆر جێگادا باس کراوەو دەوری نێگاتیڤی حاشاهەڵنەگرەو لێرەش‌دا بۆ باشتررۆون‌بوونەوەی باسەکە ئامازەیەکی خێرا دەکەمە تیۆریی زاتی‌بوونی زمانی، زمانناسی بە ناوبانگ نوام چامسکی مەبەستی لەlanguage سیستەمێکی زاتی‌و زیستی‌یە کە کۆمەڵێک قاعیدەو دەستووری هاوبەش لە گشت زمانەکان‌دا لەبەردەگرێ ئەم کەرەستەیە ئەو هەلە بۆ منداڵ دەڕەخسێنێ کە بێ لەبەرچاوگرتنی زمانێک کە دەیبیسێ هەر کات وشەی هەبێ بە شێوازی چوارچێوەدار دەتوانێ زمان بزانێ‌و قسە بکا. بە گشتی چامسکی دەڵێ زمان بە شێوازی زاتی (زیستی) لە مرۆڤدا دروست بووە . ئەگەر چی لە ساڵەکانی دوای چامسکی‌دا لە (١٩٩٧) بەم لاوە تێوری (تعاملگرا) لە سەر توانا زاتی‌و دەروونی‌یەکان لە گەڵ کاریگەریی دەوروبەر بۆ پێکهاتنی زمان پێداگری دەکا. لە هەر دوو جۆردا پێداگری لە سەر زمانێکە کە منداڵان دەبێ فێر بن ئاخافتنی پێ‌بکەن . هەم شێرزاد حەسەن‌و هەم چامسکی‌و هەم دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە تایبەت ڕژێمی دیکتاتۆری ئێران زۆر بە وردی لە دونیای منداڵیان کۆڵیوەتەوەو حەساسییەتێکی زۆریان لە سەر ئەم قوناغەی ژیانی مرۆڤ هەیە. بۆ نموونە لە کەناڵە بەناو کوردی‌یەکان‌دا کە ڕێژیمی ئێران تەنیا بۆ پڕوپاگەندەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا دای‌ناون ئەگەرچی لە چەند بەرنامەدا بە زمانی کوردی قسە دەکرێ، بەڵام لە بەشی منداڵان‌دا لە سەداسەد هەمووی بە زمانی فارسی‌یە. لە یەکێک لە بەرنامەکان‌دا کە جێگەی باسە هەموو ڕۆژێک لە دەنگوڕەنگی ناوەندی سنە بڵاو دەکرێتەوە، تاقمێکی پەنجا کەسی لە منداڵانی هاوتەمەن کۆدەکەنەوە کە زۆربەیان کوردن‌و هەموویان جلوبەرگی کوردی‌یان دەبەردایە بە ئانقەست چەند منداڵی فارسیش دێنن، بەڕێوەبەرەکە بە زمانی فارسی کە پرسیارێک دەکا منداڵە کوردەکە ناتوانێ بە باشی وەڵام بداتەوە دەستبەجێ لە فارسێک دەپرسێ‌و ئەگەر وەڵامەکەش نەزانێ چۆنکە بە فارسی‌و بە ڕەوانی دەدوێ وا هەست دەکرێ کە باشترە لە کوردەکەو چەپڵەشی بۆ لێ‌دەدرێ. ئەم کارە دوو قازانجی بۆ دوژمن هەیە یەک ئەو منداڵە کوردە رادەی بڕوابەخۆبوونی دادەبەزێ‌و چونکە تەمەنی ژێر دوانزدە ساڵانە کاریگەریی نێگاتیڤی تا قۆناغەکانی سەرەوەی تەمەنیش دەڕواو بۆ چارەسەرکردنی پرۆسەی دەرمانیی درێژخایەنی دەوێ‌و ڕەنگە قەت چارەسەریش نەکرێ. دووهەمین قازانجی ئەوەیە کە دایک‌وباوکەکانی دیکە هان دەدا کە بۆ سەرکەوتوویی منداڵەکەیان لەو جۆرە بەرنامەگەلەدا زۆرترلە گەڵیان‌دا بە فارسی بدوێن‌و زۆربەی جاریش بە تەواوەتی بیکەن بە فارسی. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە چەندە حەساسییەت لە سەرمنداڵان زۆرەو دوژمنیش دەزانێ کە هەر کات زمان‌و فکری منداڵان لە نێو بچێ بەئاسانی میللەتێکیش لە نێو دەچێ. دەزانین ئەمەش لە درێژەی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن یان تواندنەوەی لە سەرخۆدایە.

کەوابوو لێرەدا ئێمە وەک دایک‌وباوکان‌و ئەو کەسانەی ئەرکی پەروەردەی منداڵانمان لەئەستۆیەو لە شوێنە پەروەردەیی‌یەکان کار دەکەین دەبێ چبکەین؟ ئایا ئێمە تەنها بە دەرکردنی گۆڤار، ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە منداڵان، یان بەڕێوبردنی چەند کۆرس لە هاوینان دا، یان فستێڤاڵی جۆراوجۆر لە بۆنەکان‌دا ئەرکی سەرشانی خۆمان لە هەمبەر منداڵان‌دا بە جێ‌هێناوە؟ دیارە ئەو جۆرە چالاکی‌یانە گرنگن‌و کاریگەری‌یان دەبێ‌و لە جێگای خۆی‌دا پێویستن‌و زۆریش بە قازانجن، بەڵام باس لە سەر ئەوەیە کە جیا لەم کارانە دەتوانین هەندێ بەرنامەو پرۆگرامی بنەڕەتی دابین بکەین بۆئەوەی منداڵان بە ئاستێک بگەن کە لە گشت تواناکانیان کەڵک وەر بگرن‌و هەموو منداڵێ وەک خۆی ببینین بە هەموو زەعف‌و تواناکانی‌و لە درێژخایەن‌دا ڕادەی هۆشی کۆمەڵگا بگاتە ئاستێک کە لە خۆی‌دا نوخبەپەروەر بێ.

**قادر وریا: سەرکوتکردنی راپەرینی کوردی رۆژهەلات بۆ ریژیمی ئێران، کارێکی هاسانە، ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەتی لە تاران، کۆماری ئیسلامی لە گەڵ راپەڕین و بەرخۆدانی خەڵک بەرەوروو نەبێ.**

**باشبوونی ژیان و بەرێچوون لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوە نەبەستراوەتەوە کە بەرپرس بی یان نا. دەکرێ کەسێک بەرپرس نەبێت، بەڵام ژیان و بەرێچوونی باش بێت . هەشمانە بەرپرسە و پۆستیکی بەرزی حیزبیی هەیە، بەلام باری ژیان و بەرێچوونی باش نییە.**

### قادر وریا : لە وتووێژ لە گەڵ گۆڤاری «شەقام»دا

# حکوومەتی هەرێم و حیزبەکانی باشووری کوردستان، بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی بەشەکانی دیکە، ئەرکیان لەسەر شانە

دیمانە: زامدار ئەحمەد

**شەقام:لاوازی ئۆپۆزسیۆن لە ئێران بۆچی دەگەرێتەوە؟**

**قادر وریا:** هۆی جۆراوجۆر هەن کە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیان لێکەوتۆتەوە. دەتوانم بەم جۆرە پۆلینیان بکەم:

یەکەم: جۆراوجۆریی ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسۆنی ئێران لە باری سیاسی و فکری، لە باری ویست و داخوازەکانەوە، لە باری نەتەوەیی و ئایینی و لە باری جۆری روانین بۆ خەبات لە گەل رێژیمی دەسەلاتدار و نیزامی داهاتوو و هتد، جۆراوجۆری و جیاوازیی زۆر لە نێوانیان داهەیە، رێککەوتن و یەکدەنگی لە نیو ئەو هەمووە جۆراوجۆرییە، کاریکی بە زەحمەتە.

دووهەم: رووبەڕووبوونی بەردەوام لە گەل سەرکوت و لە نیوبردنی فیزیکی، لە بیرمان بێت کە کۆماری ئیسلامی لەو رۆژەوەی هاتۆتە سەرکار خەریکی لە نیوبردنی رێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لە ریگای بەندکردن و ئێعدام و کوشتن بە ئەشکەنجە، بە هۆی تێرۆری فیزیکی و دەمکوت و دەستبەسەرکردنەوە، نەیهێشتوە ئەو کەسایەتییانەی دەشێ رۆڵی رێبەریکردنی ئۆپۆزیسیۆن ببینن، لە ژیان دا بمێنن.

سێهەم: یەکگرتوونەبوون و بێبەشیی ئۆپۆزیسیۆن لە هاوبەندییەکی بنکەفراوان. ئەمە کە خۆی بەرهەمی زالبوونی عەقڵییەتی پاوانخوازی و خۆبەتەوەرزانینە، وای کردوە هەر بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت هەر حیزب و رێکخراوێکی سیاسی بۆ خۆی بە جیا کار بکا و هیزوتواناکان، لە جیاتی وەسەریەککەوتنەوە، پرژو بڵاو ببن.

چوارەم: سەرکوتی توند لە نێوخۆی ولات لە لایەک و سەرقاڵکردنی خەڵک بە گیروگرفتەکانی ژیانەوە (گرانی، بێکاری و نەبوونی)، کە ئەمەش وای کردوە خەلک نەتوانن بەو جۆرەی پێویستە بە پیر بانگەوازی ئۆپۆزیسیۆنەوە بێن.

**شەقام:ئێوە وەک و حیزبی دیموکرات بۆچی چالاکیتان کەمە؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لە هیزە چالاکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام لە روانگەی هێندێک کەسەوە، چالاکیی تەنیا چالاکیی چەکدارانەیە! بۆیەش پێیان وایە ئێمە چالاکیمان کەمە. حیزبی ئێمە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی پێوەندیدار بە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان و پرسی نەتەوەیی لە ئێران، حوزووری هەیە. لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی، لە ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیا لە گەڵ کەسایەتییە پارلمانییەکان، کۆڕ و کۆمەلە مرۆڤدۆستەکان و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، لە پیوەندی دایە. رێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەلاتی کوردستان حوزوور و چالاکیی هەیە. تێکۆشەرانی حیزب (کادر و پێشمەرگەکان) ناوبەناو لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان، ئامادە دەبن کە دیارە ئەم جۆرە جموجۆڵانەمان لایەنی تەبلیغییان پێنادەین، مەگەر ئەو کاتەی کە حوزوورەکەمان بۆ شاردنەوە نەبێ. دیارە لە بواری کاری راگەیاندن و فێرکردن و پێوەندییەکان رێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانیش، هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات، بەردەوام چالاکی و تیکۆشانمان هەیە. بەڵام راست دەکەی هەمووی ئەوانە بە قەرا تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە، لە لایەن میدیاکانەوە بایەخ و گرنگیان پێ نادرێ، بۆیە وا هەست دەکرێ کە چالاکیمان کەمە.

**شەقام:پاش چەندین ساڵ خەبات لەلایەن حیزبی دیموکرات ئێستا دەبینین زیاتر باس لە چالاکبوونی پژاک دەکرێت بۆچی؟**

**قادر وریا:** وەک وتم جۆری چالاکی و هەڵوێستگرتن و سیاسەتکردن، دەتوانێ لە سەر راکێشانی سەرنجەکان، کاریگەریی هەبێت. چالاکبوونی پەژاک لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی پارتی کریکارانی کوردستان خەباتی تێدا دەکا، و جۆری پێوەندی و هەڵسوکەوتی پ.ک.کا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و دەرەتانێک کە بۆ جێگیربوونی هیزەکانی لە سنوورەکانی نیوان ئێران و هەریمی کورد ستان هەیە، دەبێ ببیینین. لە بارەی پەژاکیشەوە، ئەو قسەیە راستە کە ئەو کاتانەی تووشی تێکهەڵچوون لە گەڵ هیزەکانی کۆماری ئیسلامی دێت، چالاکییەکانی دەنگدانەوەی زیاتریان هەیە. واتە لە پیوەندی لە گەڵ پەژاکیشدا،چالاکی، ئەگەر ناچەکداری بێت ، بە داخەوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت.

**شەقام:لە ئێستادا کێشەی ناوخۆیی لە ئێران زیاتر بووە، سەرەرای ئەوەی کێشەی دەرەکییش روو لەزیادبوونە. بۆچی ئێوە لەگەڵ حیزبەکانی تر هەوڵ نادەن ئەو کێشانە بقۆزنەوە بەمەبەستی دەستپێکردنی راپەرین، ئەگەراپەرینیش نەبێت بتوانن فشارێک دروست بکەن بتوانن دەسکەوتێک هەبێت وەک ئەوەی لە تورکیا بەدیدەکرێت.**

**قادر وریا:** وەرێخستنی راپەرین لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، جگە لەوەی کارێکی زۆر سەختە، زۆریش هەڵەیە. زۆر سەختە چونکە لە گەڵ ئەوەی حەشیمەتی کورد لە ئێران زۆر زیاترە لە حەشیمەتی کورد لە عێراق، بەڵام کورد لە ئێران نەتەوەی دووهەم و تەنانەت سێهەمیش نییە. واتە ئەگەر هەموو رۆژهەلاتی کوردستانیش راپەرێ ، ئەو قورساییەی نابێ کە کورد لە عێراق و لە تورکیا لە سەر دەوڵەتی ناوەندی هەیانە. چونکە کورد لەو دوو ولاتە نەتەوەی دووهەمە. لە لایەکی دیکەوە، سەرکوتکردنی راپەرینی کوردی رۆژهەلات بۆ ریژیمی ئێران، کارێکی هاسانە، ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەتی لە تاران، کۆماری ئیسلامی لە گەڵ راپەرین و بەرخۆدانی خەڵک بەرەوروو نەبێ. بۆ ئەوەی هەلومەرجی راپەرینی خەڵک پێک بێت هۆکاری جۆراوجۆر پێویستن کە هەستکردن بە لاوازبوونی دەسەلاتی کۆنترۆلکردن لە لایەن دەوڵەتەوە، یەکێکیانە. لە ئێران راستە کێشە و ململانێ لە نیوان تاقم و باڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات دا هەیە، بەڵام ئەم ململانێیە نەبوون بە هۆی ئەوەی دەسەلاتی سەرکوتکردنی رێژیمەکە تووشی لاوازی و کێشەیەکی گەورە بێتەوە.

دیارە ئەگەر ئەو هەولانەی بۆ پێکهاتنی جۆرێک یەکگرتوویی و هاوهەنگاوی لە نیوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی ولات لە گۆرێ دان بگەنە ئاکام، ئەو کات دەکرێ قەیرانە نیوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقینەوەی نارە زایەتییە جەماوەرییەکان، بقۆزرێنەوە بۆ ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بە پاشەکشە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە جارێ نە هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ ئەو یەکگرتنە بەدی دەکرێ و نە کۆماری ئیسلامییش، دەولەتی تورکیایە کە لە گەڵ نارازییانی خۆی، بە نەرمی بجووڵێتەوە.

**شەقام: رەخنەی ئەوە دەگیرێ کە بەرپرسەکان لە ژیانێکی خۆشدان لەبەرانبەردا ئەو بنەماڵانەی کە پێشمەرگەیان لە ناو حیزبی دیموکراتە و بەهۆی ترسەوە ئێرانیان جێ هێشتوە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێن بەڵام لە ژیانیکی ناهەموار دان. بۆ ئەمە دەڵێیت چی؟**

**قادر وریا:** باشبوونی ژیان و بەرێچوون لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوە نەبەستراوەتەوە کە بەرپرس بی یان نا. دەکرێ کەسێک بەرپرس نەبێت، بەڵام ژیان و بەرێچوونی باش بێت . هەشمانە بەرپرسە و پۆستیکی بەرزی حیزبیی هەیە، بەلام باری ژیان و بەرێچوونی باش نییە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ هەموو بنەمالەکانی خۆی (دیارە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە کە تەواوکات لە خزمەت حیزب دان)، کۆمەڵێک پیداویستی و ئیمکاناتی دابین کردوە. ئەوەندە ئیمکاناتە، ئەگەر چی لە ئاست توانای دارایی حیزب، کەم نییە بەڵام بە بەراوەرد لە گەڵ ئاستی ژیان لە هەرێمی کوردستان، زۆر کەمە. لێرەش دا گرنگ نییە کە بنەماڵەکە هی بەرپرسێکە یا هی پێشمەرگەیەکی سادە. ئەو یارمەتی و ئیمکاناتەی بۆ نیشتەجێبوون، خویندن، دوکتور و دەرمان، ئاو و رووناکی، هاتوچۆ و هتد دیاریی کردوە، بۆ کادر و پێشمەرگە و رێبەری یا وەک یەکە،یا جیاوازییەکی زۆر کەمی تیدایە. یارمەتیی تێکۆشەرانی حیزبییش، لە گەڵ ئەوەی بە بەراوەرد لە گەڵ حوقووق (معاش)ێک کە لە هەریمی کوردستان مووچەخۆران هەیانە بۆ بەراورد نابێ، بەڵام بە پێی هێندێک بنەمای مەنتیقی دیاری کراوە. وەک رابردووی تیکۆشان، زۆر و کەمیی ئەندامانی بنەماڵە،پلە و پایەی تەشکیلاتی، کاری قورس وخۆ ماندووکردنی زیاتر لە رادەی دیاریکراو وهتد. دەتوانم بڵێم حیزبی ئێمە هەوڵی جۆراوجۆری داوە بۆ ئەوەی باری ژیان و گوزەرانی تیکۆشەرانی خۆی باشتر بکا، بەڵام بە داخەوە ئەوەی بۆ کراوە زۆر لەوە کەمترە کە ئارەزووی دەکەین.

بە تازەیی حیزبی ئێمە لە وڵامێکی کۆمەڵێک قسە و دەنگۆی لەم بابەتە کە لە حەوتوونامەی «ئاوینە«دا بڵاوببۆوە، وڵامدانەوەیەکی هەبوو. پێم خۆشە هەر کەس لەو بارەوە پرسیار و گومانی هەیە روونکردنەوەکە بخوینێتەوە. دەمەوێ وەک کەسێک کە زیاتر لە ٣٠ سالە لەم حیزبە دام و ئاگام لە ئێستا و رابردووەکەی هەیە، ئەم قسەیە کە لە روونکردنەوەکەش داهاتوە، بە مەسئولیەتەوە دووپات بکەمەوە:

« بە دڵنیاییەوە و ئەگەر رۆژێک پێویست بکا بە بەڵگەوە دەڵێین پێراگەیشتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تێکۆشەرانی خۆی و بنەماڵەکانیان لەچەند سالی رابردوودا، بە سەرنجدان بە ئیمکاناتی مەوجوود و بە بەراوەرد لە گەڵ هەموو سەردەمەکانی پێشوو، لە هەموو کات دادپەروەرانەتر و ئینسانیتربووە.»

**شەقام:بەشێکی زۆری گەنجەکانتان رویان لەدەرەوەی وڵات کردوە،ئەمە مانای بێ ئومێد بوون نیە لە حیزبەکان؟**

**قادر وریا:** حیزبەکان ئەگەر لەوبارەوە رەخنەیەکیان لە سەر بێت ئەوەیە کە نەیانتوانیوە بیروباوەرێکی ئەوتۆ لە لاوەکان دا دروست بکەن کە خۆشییەکانی خۆیان و بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان نەخەنە سەرووی بەرژەوەندەی بزووتنەوە و نەتەوەکەیان. ئەوە کە بەشێک لە لاوەکان لە جیاتی رووکردن لە حیزبەکان و مانەوە لە نێو حیزبەکان دا روو دەکەنە هەندەران، چەند هۆی هەیە. هۆی یەکەم ئەوەیە ژیان لە ولاتانی رۆژاوا، خۆشترە لە ژیان لە نێو بنکە وبارەگا و کەمپەکانی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان و وا بیر دەکەنەوە لە دەرەوەی وڵات دەتوانن داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دروست بکەن. ناشیانهەوێ بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆیان بە فیدای بەرژەوەندێکی گەورەتر بکەن.

هۆی دووهەم یا لانیکەم پاساوی دووهەمی هێندێک لە لاوەکان ئەوەیە، کە خەبات، هەر خەباتە. ئێستا کە کار لە نێو تۆرە کۆمەلایەتییەکان و کاری میدیایی، بەشێکی سەرەکی لە کاری تێکۆشەرانی حیزبەکان پێک دێنێ، ئەو خەباتە لە دەرەوەی وڵاتیش را دەکرێ و باشتریش دەکرێ! دیارە من پاساو بۆ کەموکوڕیی نیو حیزبەکان و ئەو نەخۆشی و دیاردانە ناهێنمەوە کە خۆشەویستی و بایەخی حیزبایەتیان خەوشدار کردوە. بەڵام ناشمهەوێ هەموو وەبالەکە بدەمە پاڵ حیزبەکان. تاکی ئەمرۆ و نەوەی ئەمرۆ، لە گەڵ نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان، جیاوازیی زۆری هەیە. لە پێشوو دا تاک، هەموو شتی خۆی بە قوربانی بیروباوەرەکەی و بەژەوەندی گشتی، بۆ وێنە حیزبەکەی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی و هتد دەکرد و هەموو داوا و چاوەروانیی خۆی بۆ داهاتوویەکی دوور کە خەباتەکە سەردەکەوت، هەڵ دەگرت، بەڵام تاکی ئەمرۆ، ماف و چاوەروانییەکانی بۆ داهاتوو هەڵناگرێ و بە نەغدی و دەم و دەست دەیهەوێ.

کردنی ئەم قسانە بۆیە بە پیویست دەزانم تا حەقی خۆیم دابی بە کەسانێک لە نێو حیزبەکەی خۆم و لە نێوهەموو حیزبە تیکۆشەرەکان دا، کە لە قۆناغە سەختەکانیش دا مەیدانیان چۆل نەکردوە و پشتیان لەو ئەرکانە نەکردوە کە خەبات و بزووتنەوە خستوویەتە سەرشانیان. هەر لە هەریمی کوردستان ئەگەر هەموو تیکۆشەران لە کاتی تەنگانە دا مەیدانیان چۆل کردبا، و بە بیانووی جۆراوجۆر روویان کردبا ئوروپا،چۆن دەیانتوانی لە دوای شەری کەنداو، وەزعەکە بقۆزنەوە و رێبەرایەتیی راپەرێن بکەن؟

**شەقام: پێشتر کادیرتان لە باشوری کوردستان رووبەرووی تیرۆر دەبوونەوە. ئێستا ئەم مەترسیانە ماون؟ چەند کادیرتان لە هەرێم تیرۆر کراوە؟**

**قادر وریا:** بە داخەوە لە دەیەی ٩٠ دا، ژمارەیەکی زۆر نەک هەر لە کادیران و پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە و حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە کەسانێکیش کە وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنابوو و لە هەرێمی کوردستان گیرسابوونەوە، بەرەوڕووی تیرۆر و رفێنران و تەحویلدرانەوە بە رێژیمی ئێران بوونەوە. لەم ساتە دا ئامارەکەیم لە بیر نییە، بەلام دەتوانم بڵێم بە سەدان کەس، گیانیان لێ ئەستیندرا، یا بریندار و نەقوستان کران. بە خۆشییەوە لە مێژە رووداوی ئاوا تاڵ روویان نەداوەتەوە کە هۆیەکی سەرەکیی ئەو راستییە دەگەرێتەوە بۆ نەمانی شەڕی نیوخۆیی و براکوژی لە هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی هێمنی و بەرەوپێشچوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە، چونکە لە نەتیجەی بارودۆخی خراپی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان دابوو کە دەوڵەتانی دەوروبەر و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی، بواری دەستیوەردان لە کاروباری ئێرە و وەرێخستنی رایەڵکەی تیرۆر و گوشار هێنان بۆ سەر حیزبەکانی هەرێمیان بۆ پێک هاتبوو و دەیانتوانی بە هاسانی زەبر لە نەیاران و ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان بوەشێنن.

**شەقام:بۆچونی ئێوە سەبارەت بە دیارنەمانی رۆژنامەنوس مەولود ئافەند چیە؟**

**قادر وریا:** لە گەڵ ئەوەی بە داخەوە هیچ لایەنێکی رەسمی تا ئێستا هیچ زانیارییەکی لە بارەی چۆنیەتیی بێسەروشوێنبوونی ئەو رۆژنامەنووسە رانەگەیاندوە و کۆماری ئیسلامییش کە دەگوترێ ئافەندی رفاندوە وئیستا لە بەندیخانەکانی ئەو رێژیمە دایە، هیچی لەو بارەوە نەدرکاندوە، بەڵام بێسەروشوێنبوونی هەر مرۆڤێک، بە تایبەتی ئەگەر پەنابەر بێت و کاری سیاسی بکا، دژی هەموو پێوانە و رێوشوێنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤە و مایەی داخ و پەرۆشییە. ئارەزوو دەکەم راستییەکان لە بارەی بێسەروشوینبوونی مەولوود ئافەند ئاشکرا ببن. هەر وەها کار کردن لە پێناوی پارێزرانی گیانی ئەو بیسەروشوێنکراوە و روونبوونەوەی راستییەکان، بە ئەرکیکی ئینسانی و ئەخلاقی و پیرۆز دەزانم.

**شەقام:ئێران لە رێگای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم گوشار بۆ ئێوە ناهێنێت؟**

**قادر وریا:** ئێمە هەستمان بە گوشاری رێژیمی ئێران بۆ سەر خۆمان لە رێگای حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە نەکردوە. حکوومەتی هەرێمیش وەک هەموو حکوومەتەکانی دیکە بەرامبەر بە ولاتانی دراوسێی خۆی هێندێک ئەرکی هەیە کە ئیمە ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانە دەرک دەکەین. هەر لەو کاتە دا ئەم حکوومەتە وحیزبەکانی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی نەتەوەیی، بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەرکیان لە سەر شانە. هەم ئێمە حیزب و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەم حکوومەتی هەرێم و حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان، لە نیوان ئەرکەکانمان و چاوەروانییەکانمان بەرامبەر یەکتر دەبێ باڵانس رابگرین. ئەوە دەتوانێ بەرپەرچدەرەوەی ئەو جۆرە گوشارانە بێت کە بۆ وینە لەلایەن رێژیمێکی وەک ئێران دەخریتە سەر هەرێمی کوردستان.

**شەقام:کادیرانی حیزبی دیموکرات پارێزگای هەولێر یاخود سلێمانی بە ئارامتر دەزانن؟**

**قادر وریا:** ئیستا، مەبەستم لە دوای٢٠٠٠وە هەموو هەرێمی کوردستان بە نیسبەت تیکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێمنی و ئاسایشی تێدا هەیە. لە هەر دوو شار و پارێزگەی هەولێر و سلێمانی، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی ئێمە و لایەنەکانی دیکەش هەن و بە خۆشییەوە بەرەورووی ئەو رووداوانە نەبوونەوە کە لە نەوەدەکان دا، هەرەشە بوون بۆ سەرگیانی کوردانی ئاوارەی رۆژهەڵات. ئەو کاتەی لێرە نائەمنی هەبوو و دامودەزگاکانی تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی، لە هەرێمی کوردستان، کەوتبوونە راوی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسۆنی کوردی رۆژهەڵات، سلێمانی بایە یا هەولێر، هەلەبجە بایە یا دیانا، باسرمە وجیژنیکان بایە یا بازیان و تانجەرۆ،فەرقیان پێ نەدەکرد. ئێستاش کە ئەمنییەت هەیە، بە خۆشییەوە لە هەمووی هەرێم هەیە. بەو حاڵەش، بە باوەری خۆم نە تێکۆشەرانی کوردی رۆژهەڵات و نە دام و دەزگا پیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ، هیچ کات نابێ وا بیر بکەنەوە کە دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر بۆیان هەڵ بکەوێ، ئەم جۆرە کردەوانە لە هەریم دووپات ناکەنەوە.

**شەقام:خوێندنەوەتان بۆ رەوشی سیاسی باکوری کوردستان روژئاوای کوردستان چۆنە؟**

**قادر وریا:** هەم باکووری کوردستان و هەم خۆراوای کوردستان لەم ١-٢ ساڵەی دواییدا بەرەورووی گۆڕانی سیاسیی گرنگ بوونەتەوە. لە باکووری کوردستان دەوڵەت و حیزبی دەسەلاتدار، هەنگاوی ئازایانەیان ناوە بۆ ئەوەی بە عەقڵیەتێکی نوێوە بەرەورووی پرسی کورد ببنەوە و کەوتوونە وتووێژ و دیالۆگ ر گەڵ رێبەران و نوێنەرانی سیاسیی ئەو پرسە. من بۆ خۆم لە نەورۆزی ئەمساڵ دا لە چوارچێوەی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بەشداری متینگی نەورۆزیی ئامەد بووم و لە چەند دانیشتن و دیداری تایبەت دا، لە گەڵ هاوسەرۆکەکانی پارتی ئاشتی و دێمۆکراسی و کۆنگرەی جەڤاکێن دیموکراتیک وسەرۆکی شارەدارییەکانی ئامەد دا، رەوشی ئەمرۆی پرسی کورد و دوورە دیمەنی ئاشتی و چارەسەری کێشەی لە مێژینەی دەولەتی تورک لە گەڵ نەتەوەی کوردمان باس کرد. دیارە هەم لەمەیداندابوون و کۆڵنەدان و خەباتی رۆژبەرۆژجەماوەریتر و مەدەنیانەی خەلکی باکووری کوردستان، رۆڵی خۆی هەیە لە دروستبوونی ئەم وەزعە نوێیە دا کە هاتۆتە ئاوراوە، هەم سەرهەڵدان و جێگیربوونی عەقڵییەتێکی نوێ لە نێو دەوڵەت و پارلمان و هتد لە رووبەروو بوونەوە لە گەڵ پرسی کورد. بۆ خۆم پێم وایە ئەو رەوتە گەرانەوەی بۆ نییە، بەڵام چوونە پێشەکەی، گرفت و هەوراز و نشێوی دەبێ و دەبێ هەر دوولا لە بردنە پێشی دا،پشوویان لە سەرەخۆ بێت.

لە بارەی خۆراوای کوردستانیش، جێگای خۆشحاڵییە کە لە ئاکامی لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی و پاشەکشەی دام و دەزگا حکوومەتییەکان، ئەو بەشەی کوردستان، پاش دەیان ساڵ و لە راستیدا بۆ یەکەم جار،خەریکی تاقیکردنەوەی ئازادی و خۆبەرێوەبردنە. دڵنیام نە رێژیمی بەشار ئەسەد و نە هیچ رێژیمێکی دواتر، بۆیان ناکرێ کورد لەو ولاتە بۆ دواوە بگەرێنەوە. دیارە وەزع لە سووریە بە گشتی و بە تایبەتی لە خۆراوای کوردستان، گۆرانی زیاتری بە سەر دا دێت، بەڵام پێم وا نییە گۆرانەکانی داهاتوو لە زەرەری کورد بن، ئەگەر لایەنە کوردییەکان لەو ولاتە یەکگرتوو بن و بەوریاییەوە هەلسوکەوت لە گەڵ ئالوگۆرەکان بکەن.




**ئەو کاتەی لێرە نائەمنی هەبوو و دامودەزگاکانی تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی، لە هەرێمی کوردستان، کەوتبوونە راوی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵات، سلێمانی بایە یا هەولێر، هەلەبجە بایە یا دیانا، باسرمە وجیژنیکان بایە یا بازیان و تانجەرۆ،فەرقیان پێ نەدەکرد**

کوردستان
ژمارە: ٦١٠
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣

**بیرو رای ئازاد**

**ڕەحمان پیرۆتی: ئەگەر ئایین وەکوو دەسەڵاتی سیاسییش لەبەین بچێ، وەکوو نۆرمی کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێ، بە تایبەت ئەگەر لەسەر بنەمای پێویستیو بە شێوەیەکی گەڵاڵەدارێژراوو مەبەستدار کاری بۆ نەکرێ.**

**سیستمی دیموکراسیدا تاکەکان خاوەن مافی مرۆییو هاونیشتمانینو بەشێوەیەکی ڕەها لە ئایینو کەلتوور ناڕوانن، چونکە ئازادیی ئایینو ئازادیی بیرورا بەرقەرارە. بوونی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ئایین لە کۆمەڵگاکانی دیموکراتیکدا بوارێکی لەبار دەڕەخسێنی بۆ تاکەکان کە پێداچوونەوەیەک بەسەر بەها ئایینیو کەلتوورییەکانیاندا بکەن.**

# جێگیربوونی دیموکراسی، باوەڕی ئایینیو یەکگرتوویی نەتەوەیی

## بەشی یەکەم



ڕەحمان پیرۆتی

پێداچوونەوەیەکی گشتی بە هەڵسوکەوتو مەیلی سیاسیی نەتەوەی کورد، دەریدەخا کە ئەم نەتەوەیە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا، جگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن هیچکات چ لە دارشتنی ئامانجو ستراتێژیو چ لە ڕەفتاردا، جێگورکێی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی نەکردووەو هەردەم وەک نەتەوەیەکی مافخواز پێناسەی ڕوو بەدەرەوەی هەبووەو لەنێو خۆیدا بە دروستی تێبینیی ئەوەی هەبووە کە کێشەو گیروگرفتە ئایینییەکانی بە وەدیهاتنی ئامانجە گشتییەکانی چارەسەر دەبنو تەنانەت زۆر دەرفەتی ئایینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی کەڵکی بەوەجی لێوەرگیراوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان وەدیهێنانی مافی نەتەوەییو دیموکراسییە کە لەم سیستمە سیاسیو کۆمەڵایەتییەدا ڕێز لە بیروڕای جیاوازو باوەڕی تاکەکەسی دەگیرێ. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا گرنگییەکی تایبەتیی هەیە کەشێکی نوێی تەبلیغاتییە کە دوای سەرهەڵدانی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان لە هەندێک ناوچەی کوردستان، هاتۆتە ئاراوە. پشتگریی سەرەکیی فکریو ئیمکاناتیی ئەم کەشە تەبلیغاتییە کە دژبەرانی ئازادیو دیموکراسیو مافی نەتەوە ژێردەستەکانن، لە هەوڵی ئەوەدان کە بەشێک لە خواستە ڕەواکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ناتەباو نارێک پێشان بدەن. وردبوونەوەی زیاتر لەم باسە، هۆی سەرەکیی نووسرانی ئەم وتارەیە. بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی گشتی باس لە دیموکراسیو بایەخەکانی، ئایینو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیو دواتر شێوەی هەڵسوکەوتی ئایینو دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان دەکرێ کە زۆرینەی باوەڕیان بە ئایین هەیە، بەڵام خواستی سەرەکییان گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیموکراتیکو نەتەوەییە. بە دڵنیاییەوە باسکردن لە هەرچەشنە نیسبەتێکی (نەرێنی، ئەرێنی یان توانای پێکەوەهەڵکردن) لەنێوان ئەم دووانەدا پێویستیی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە دیموکراسیو ئایین هەیە، چونکە خوێندنەوەو پێناسەی جیاو جۆراوجۆر لەهەر کامیان کراوە.

هەوڵدان لە پێناو جێگیرکردنی سیستمێکی سیاسیی خەڵکسالار، کراوەو بەرابەر بەدرێژایی مێژوو خواستی مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی مافەکانی بووە. بەشێک لەم هەوڵانە کە لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا بەشێوەیەکی تایبەتی پێناسە کراون، دەرەنجامی ئەرێنییان لێکەوتۆتەوەو سەقامگیربوونی سیستەمی گونجاویان بەخۆیانەوە بینیوە. ئەمەش بۆتە فاکتۆرێکی پێناسەی سیستمە جیهانییەکانو لە دابەشکردنێکی سیاسیی- کۆمەڵایەتیدا دەکرێ بە دیموکراتیک، نادیموکراتیک، یان بەرەو دیموکراتیکبوون لێک جیا بکرێنەوە. سیستمی دیموکراتیک هێمایەکی دڵخوازە بۆ بەڕێوەبەریی سیاسیی وڵاتو بە تایبەت لە ڕای گشتی جیهانیدا وەک چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان پێبەپێ جێگەی خۆی کردۆتەوە. بێگومان بەرقەراربوونی بنەماکانی دیموکراسی دەرفەت بە سیستمێکی سیاسی دەبەخشێ کە بە دیموکراتیک پێناسە بکرێ.

### دیموکراسی و بایەخەکانی؛

وەک زۆربەی چەمکو دەستەواژەکانی زانستە مرۆییەکان، پێناسەیەکی یەکدەست لە دیموکراسی بە وێنەی سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەکراوە کە هەموو بیرمەندان لەسەری کۆک بن. «لۆری دیامۆند»، مامۆستای زانکۆی ستانفۆرد، دیموکراسی وەک سیستمێکی حکوومەتی لەبەر چاو دەگرێو چوار بنەمای بۆ دادەنێ:

١- بەشداریی چالاکانەی هاونیشتمانان لە تێکۆشانی سیاسیو ژیانی مەدەنیدا.

٢- هەڵبژاردنو جێگورکێ پێکردنی دەوڵەتەکان بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە.

٣- پاراستنی تەواوی مافە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم هاونیشتمانان.

٤- سەروەرییو کارپێکردنی بێلایەنانەی قانوونەکانو پرۆسەکانی لەهەمبەر هاونیشتمانان.

بە بڕوای دیامۆند خەڵک جگە لە مافی هەڵبژاردن، مافی ئەوەشیان هەیە کە چاوەدێریی چۆنیەتیی حکومەتکردنیش بکەنو لەهەمبەر کەموکوڕییەکان بێدەنگ نەبن.

هەروەها، لە ناسراوترین پێناسەکانی دیموکراسی، ئەم پێناسەیەی « ئابراهام لینکۆڵن»ە کە بریتییە لە: حکوومەتی خەڵک، لە لایەن خەڵکو بۆ خەڵک.

دیموکراسی لە دژایەتیکردنی حکوومەتی سەرەڕۆو دیکتاتۆرەوە سەری هەڵداوە. ئەم سیستمە بە تایبەت لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەری، وەک بەدیلێک بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە لایەن لایەنگرانییەوە خراوەتە ڕوو. هەر چەند دەربارەی ئامانجی دیموکراسییش لەنێو خاوەنڕایاندا ناکۆکی هەیە. هەندێک بەتایبەت بە پێی خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک ئازادی بە مەبەستی سەرەکیی دیموکراسی دەزاننو هەندێکی دیکە بەرابەری بە ئامانجی کۆتایی دیموکراسی دادەنێن.

بنەما فکرییەکانی دیموکراسی بەرابەریی مرۆڤ، ڕەسەنایەتیی تاکو قانوون، دەسەڵاتداریێتیی خەڵک، جەخت کردنەوە لەسەر مافی سروشتیو کۆمەڵگای مەدەنیو سیاسی لەخۆ دەگرێ. بەم پێیە فاکتۆرە سەرەکییەکانی دیموکراسی بریتین لە: جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان، کۆمەڵگای مەدەنی، چاوەدێریکردنی خەڵک، پێشخستنی ئازادیی تاکەکەسی بەسەر یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا، جیاوازیدانان لەنێوان کەرتی گشتیو تایبەتی، پێکەوەهەڵکردن و هەڵسوکەوتی دیموکراتیک و مافی موڵکدارێتی تایبەتی.

لەبەر چاو گرتنی بایەخو مافەکانی مرۆڤ، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو دەورەیی، حکوومەتی زۆرینەو هاوکات پاراستنی مافەکانی کەمینە، بەکارهێنانی کۆمەڵە میکانیزمێک بۆ ئەوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان ناچار ببن لە بەرابەر خەڵکدا وەڵامدەر بن، ئازادیی چالاکیی حیزبەکانو قبووڵکردنی فرەییو جیاوازی لە کۆمەڵگادا، لەئارادابوونی ئۆپۆزیسیۆنو دەرەتانی قانوونی بۆ چالاکبوونی، ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی نووسین، بێلایەنیی دەوڵەت لەبواری ئایینیو ئیدئۆلۆژیکیدا، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، حکوومەتی قانوونو بەرابەریی هەموان لەهەمبەر قانووندا، پێکەوەهەڵکردنو کەلتووری سیاسیی دیموکراتیک و هتد، بەشێکن لەو کۆمەڵە پێوەرو بنەمایانە کە متمانە بە سەقامگیربوونی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەبەخشن.

دیموکراسی، بەر لە هەر شتێک دەرەنجامی هەوڵدانی مرۆڤگەلێکی دیموکراتە کە پشت بە کەلتووری سیاسیی دیموکراتیک دەبەستن. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕەفتاری دیموکراتیک وەک باوەڕ جێگیر نەکرابێو دیموکراسی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا جێگیر نەبووبێو پشتیوانییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی بەدواوە نەبێ، ئەگەری سەرکەوتنی زۆر لاوازەو ئەمە ڕادەی پێویستیی کەلتووری سیاسی- دیموکراتیک بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی دەردەخا. لە پێناسەیەکی گشتیدا، کەلتووری سیاسیی کۆمەڵگایەک، بە واتای گشتی بوونی شناخت، باوەڕو گرۆیی بەهاکانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بە نیسبەت سیستمی سیاسیی زاڵە.

دیموکراسیی نوێ کە بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردەی سیاسیو دەرەتانێک بۆ بەردەوامبوونی دیموکراتیک هەیە. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا، هاونیشتمانان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ کە لە هەر ئاستێکو لە هەر بارودۆخێکدا هەست بە بەرپرسیارەتی، هاوپشتیو پێویستیی هاوکاری بکەنو ڕێز لە قانوونو هاوچەشنەکانی خۆیان بگرن. بە پێچەوانە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەم فاکتۆرانە لە لایەن خەڵکەوە لەبەر چاو نەگیرێن، ئەوە شانسی سەرکەوتنی دیموکراسی یەکجار زۆر لاوازە.

### ئایینو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی؛

ئایین لە پێناسەیەکی گشتیو سەرەتاییدا بریتییە لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو هێز یان هێزانەیە کە لەو دیوی ژیانی ڕۆژانەدا بەجێگیریان لە قەڵەم دەدا. ئەم پەیوەندییە بەشێوەی کۆمەڵێک ڕێساو بایەخی ئەخلاقیو مێژوویەکی تایبەت یان بەشێوەی کۆمەڵێک ئەزموونو ئامۆژگاری باسی لێدەکرێ. واتە بەم پێناسەیە ئایین بریتییە لە بەدامودەزگاییکردنی کۆمەڵایەتییانەی،و دواجار بە پیرۆزکردنی، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە جەوهەرێک کە لەودیوی سروشتو ژیانی ڕۆژانە دایە. ڕاستە ئایین وەکوو کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقیو نۆرمی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا کاری خۆی دەکا، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە زۆربەی ئایینەکان دەزگایەکی ڕەسمی وەک مزگەوت، کەلیساو کەنیسەیان هەبووەو هەیە، کە لەڕێی زانا ئایینییەکانیان لێکدانەوە بۆ ئەو بنەما ئەخلاقییانە دەکەن. لەم نێوەدا ئەوەی گرنگییەکی تایبەتیی هەیە ئەوەیە کە دامودەزگا ئایینییە ڕەسمییەکان لەڕێی شرۆڤەو خوێندنەوەی خۆیان بۆ نووسراوە پیرۆزەکانیانو گەڕانەوە بۆ هەڵسوکەوتو ئاخاوتنەکانی پێشڕەوانی ئایینییان هەوڵ دەدەن هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دیاری بکەن.

ئایین وەک هەر سیستمێکیدیکەی فیکری خاوەن مێژوویەکی تایبەت بەخۆیەتی، ڕابردوویەکی هەیە کە زۆر وەک شوناسو کارکردەکانی ئێستای ناچێ، هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە کە داهاتوویەکی جیاوازیشی هەبێ. واتە ئایین بە گوێرەی بارودۆخو هەڵکەوتەی شوێنو کات، چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە لایەن پێشەواکانی ئایینیو هەڵکەوتوانی سیاسیو هەروەها شێوازی هەڵسوکەوتکردنی لە لایەن خەڵکەوە نەخشی تایبەتیی خۆی دەبێ. لەو کۆمەڵگایانەدا کە هێشتا تاکەکان بەشێوەیەکی چالاک ناتوانن داکۆکی لە مافو ئازادییەکانیان بکەن هەڵکەوتووانی سیاسی- ئایینی ئاسانتر دەتوانن تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی بەکارهێنانی سێمبولو هێمای ئایینی بۆ مەرامی خۆیان تەیار بکەن.

ئەگەر ئایین وەکوو دەسەڵاتی سیاسییش لەبەین بچێ، وەکوو نۆرمی کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێ، بە تایبەت ئەگەر لەسەر بنەمای پێویستیو بە شێوەیەکی گەڵاڵەدارێژراوو مەبەستدار کاری بۆ نەکرێ. ئایین لە هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک تا ڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی کەلتووری ئەم کۆمەڵگاو نەتەوەیە دەبێ، بۆیە لێکجیاکردنەوەی ئەو دووانەو دیاریکردنی ئەوە کە کامە نۆرم یان بایەخ پەیوەندیی بەئایینەوە هەیەو کامەیان بە کەلتوور، کارێکی ئاسان نیە. بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئایین ناتوانێ بەشێک یان لانیکەم بەشێکی بنەڕەتی بێ لە کەلتووری نەتەوەیەک ئەگەریش خۆی بەباشی لەگەڵ ئەو کەلتوورە گونجاندبێو تەنیا دەکرێ کە سنوورەکانی ئاوێتەبوون کەمڕەنگتر ببینرێن. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی باوەڕمەندانی ئایینی لە کوردستان پێڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن، وردتر ئاوڕ لەم ئایینە دەدرێتەوە.

لە کۆمەڵگایەک کە خەڵکی موسوڵمانی تێدا دەژین، تەنانەت ئەگەر ئایینی نەبێ کەسانێک هەن کە کۆمەڵێک نەریتو ڕێوڕەسمی ئایینی پەیڕەو دەکەن. ئەمانە زیاتر لە چوارچێوەی تاکەکەسیو کۆمەڵێک نەریتی گشتیدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئایین دەکەنو زۆربەیان هەوڵ نادەن کە لە ڕەفتاری سیاسییاندا پێناسەی ئایینییان کاریگەریی جیدیی هەبێ، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی گشتگیر نیە. هەر لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا کەسانی دیکە هەن کە یان وەک ئێلیتی ئایینی یان وەک ئەکتیڤیستی ئایینی هەوڵ دەدەن کەشی ئایینی زاڵ لە چوارچێوەی مامەڵەی تاکەکەسیدا بۆ بەستێنێکی سیاسی یان کاریگەری کۆمەڵایەتی بخەنە گەڕ. ئەمانە زیاتر لەژێر کاردانەوەی ڕەوتە ئیسلامییە توندئاژۆکان بەشێوەیەکی توندڕەوانە پەیڕەویی بنەماکانی ئیسلام دەکەن یان خوێندنەوەی توندئاژۆیانەیان هەیەو لەحاڵێکدا کە زۆرکات نکووڵی لە خواستی سیاسی بە تایبەت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەکەن، بەڵام خوێندنەوەو ڕێکارو هەنگاوەکانیان بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنانەت تەکفیری گشت خوازیارانی جیایی ئایینو دەسەڵات یان خود نەیارانی ئیسلامو ئەو هێزو دەسەڵاتانە دەکەن کە ڕێگرن لە بەردەمیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیو دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی. دژایەتیی ئەمانە زۆر کات خۆی لە قۆناغی کردەوەییدا دۆزیوەتەوەو بەشێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ سەردەمی دیالۆگو لۆژیک مامەڵەیان کردوە.

دامەزراوەی دیموکراسی، وەک هەر سیستمێکی دیکەی خۆبەڕێوەبردنو پیادەکردنی دەسەڵات، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دادەنێ، بۆ نموونە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتو تێڕوانینیان بەرامبەر ئایینو کەلتوور. لە سیستمی دیموکراسیدا تاکەکان خاوەن مافی مرۆییو هاونیشتمانینو بەشێوەیەکی ڕەها لە ئایینو کەلتوور ناڕوانن، چونکە ئازادیی ئایینو ئازادیی بیرورا بەرقەرارە. بوونی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ئایین لە کۆمەڵگاکانی دیموکراتیکدا بوارێکی لەبار دەڕەخسێنی بۆ تاکەکان کە پێداچوونەوەیەک بەسەر بەها ئایینیو کەلتوورییەکانیاندا بکەن. ئەمەش ئاستێکی بەرچاوی کاریگەریی دیموکراسی بەسەر ئایینو کولتووردایە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئایینو نۆرمەکانی کۆمەڵگاش لە جێگەی خۆیدا کاریگەرییان لەسەر شێوازو فۆرمی دیموکراسی هەیە.

بەڵام ئەو پرۆسانەی کە پێگەی ئایینو کەلتووری باو دادەبەزێننو سەرەوژێریان دەکەنەوە، بریتین لە پرۆسەی ڕۆشنگەریو مۆدێرنیزم، هەروەک پرۆسەی چاکسازی ئایینیو سێکولاریزم لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا. ڕۆشنگەریو مۆدێرنیزم سیستمی فیکری ئایینیو کەلتووری دەگۆڕن، بەو مانایە کە پیرۆزییەکان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، لەکاتێکدا سێکولاریزمو چاکسازیی ئایینی سیستمی خۆبەڕێوەبردنو حوکمکردن دەگۆڕن بەو مانایەی کە ئایین دەبێتە مەسەلەیەکی شەخسیو لە کاروباری خۆبەڕێوەبردن دوور دەکەوێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئایین لە دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە. هەموو ئەو پرۆسانە پێگەی تاک بەهێز دەکەن بەو مانایە کە مافو ئازادییەکانی تاک، هەروەها ئەرکەکانیشی، دەبن بە بەشێکی گرنگ لە کارو ئەرکەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت. بارودۆخێکی لەم شێوەیە، لەکاتێکدا کە بایەخە هاوبەشە ئایینییەکان لاوازدەبن، هەندێ بایەخو نۆرمی نوێ دەکا بە پێویستی بۆ باشبەڕێوەچوونی دامودەزگاکانی وڵاتو کۆمەڵگا بەگشتی، بۆ نموونە هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکانی کۆمەڵ یان هاونیشتمانان بەرامبەر بە یەکترو بەرامبەر بە کۆمەڵگا، هەروەها گیانی بەشداریکردن لە پرسە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا. ئەمەخۆی لەخۆیدا لایەنێکی گرنگی ژیانی دیموکراسیی ئەم سەردەمەیە.

ئەگەر پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی کوردستانو پێگەی ئایینو کەلتوور لەو نێوەدا ببەستینەوە بەو مۆدێلە ڕۆژئاواییەوە، تێدەگەین کە کێشەکان لەچیدان. بەر لە هەمووشتێک پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا زەحمەت دەبێ ئەگەر دەوڵەتێکی سەقامگیر لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە لە ئارادا نەبێ. نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی سەقامگیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکە لە قەیرانەکە. لە بارودۆخێکی ئاوادا ناکرێ چەمکی هاونیشتمانبوون پیادەبکرێو ببێتە بنەمای کاروباری ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵو دامودەزگاکان. هاونیشتمانبوون کە کۆڵەکەیەکی بنەمایی دیموکراسیی ئەم سەردەمەیە، مافو ئەرکەکانی هاونیشتمانان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکترو لەنێو کۆمەڵگادا دیاری دەکا. جگە لەمانەش، کۆمەڵێک بایەخی ئایینیو کەلتووری لەو نێوەدا ڕێگرن لە کوردستانو هەم لە دنیای ئیسلامیش هێشتا چاکسازی ئایینی بەمانای دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆبەڕێوەبردنی خەڵکو دەسەڵات ڕووینەداوە، هەر بەوشێوەیە کۆمەڵێک پەیوەندیی خێڵەکیو نۆرمی کۆمەڵایەتی هێشتا باڵادەستن کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی بە دیموکراتیبوون. سەردەمی ڕێنێسانس بە ڕەخنەگرتن لە ئایین دەستی پێکردو بە جیابوونەوەی ئایین لە دەسەڵات کۆتایی هات.

ڕاستگۆییو واقیعبینیو بێلایەنی لە ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوە سیاسی- ئیسلامییە بناژۆخوازەکاندا کە گەلانی جیهانی تووشی کێشەیەکی قووڵو جیدی کردوە، یارمەتیدەر دەبێ تا مێژووی سیاسیی چالاکیی هەنووکەیان هەر یەک لە بازنەی خۆیدا بکەوێتە بەرباس. لە درێژەی ئەم باسەدا هەڵسوکەوتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە قەوارەی خۆیاندا هەڵدەسەنگێندرێ.

---

درێژەی:

## خەباتکاری گەورە، نەمر عەزیز یۆسفی لە دەلاقەی وتووێژێکی نێو بەندیخانەوە

تووسەن: ئەدی پاشان؟

یۆسفی:پاشان ڕاگوێزرام بۆ زیندانی «قەسر»

تووسەن: ئێستا چ ماوەیەکە لە زیندانی «ئێوین»ی؟

یۆسفی: لە نەتیجەی شکایەتێکی کە کردم ... سێ نامەم بۆ دادستانی نیزامی و سەرۆکی سازمانی ئەمنییەت و سەرۆکی زیندانی «قەسر» نووسی، منیان بردە «کۆمیتە« و لەوێوە هێناویانمە ئێرە.

تووسەن: بۆ شکایەتت کرد؟ ئایا هەلومەرجی زیندان ناخۆش بوو؟

یۆسفی: هەلومەرج نا، ئاکاری زیندانەوانەکان خراپ بوو سووکایەتیان بە زیندانی دە کرد.

تووسەن: لە کەنگێوە لە زیندانی «ئێوین» ی؟

یۆسفی:ماوەی ٨ مانگە لێرەم.

تووسەن: لێرە هەل و مەرجی زیندان چۆنە؟

یۆسفی: لێرە زیندانەوانەکان سووکایەتی بە زیندانی ناکەن.

تووسەن: دەکرێ باسی چێشت و خواردەمەنیی زیندانمان بۆ بکەی؟

یۆسفی: بەگشتی زیندان چەشنە خواردنێکی هەیە کە بە هەموانی دەدەن.

تووسەن: تۆ نەخۆشیی گورچیلەت هەیە ئایا چێشتی زیندان لە نەخۆشیەکەتدا تەئسیری هەیە؟

یۆسفی: تەنیا سوێر بوونەکەی تەئسیری هەیە چونکوو خوێ یەکەی دەنیشێ و بەرد ساز دەکا هەروەها دەبێ بڵێم ئاوی خواردنەوەی ئێرە قسڵی دەگەڵە و ئەوەش لە نەخۆشی یەکەی مندا وەنەبێ بێ تەئسیر بێ.

تووسەن: ئایا تاکوو ئێستا پزیشک سەری لێداوی؟

یۆسفی: بەڵێ پزیشک هاتۆتە لام نەخۆشییەکەم ژانی زۆر نییە بەڵام گورچیلەکانم خیز هەڵدێنێ.

تووسەن: کاتی خۆت چۆن ڕادەبوێری؟

یۆسفی: هەتا ئەو کاتەی لە زیندانی «قەسر» بووم دەرەتانی ئەوەم هەبوو کتێب لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگێرم کە یەکێکیشان بە ناوی «سرزمین کف» چاپ کراوە و لەو دواییانەشدا کتێبێکی دیکەم بە ناوی «گوڵی زێرین» نووسراوی پاستۆوسکی، وەرگێراوە کە لە پشکنینی زینداندا دەستی بەسەردا گیراوە .

تووسەن: لێرە چ دەکەی؟

یۆسفی: هیچ، دەی گوزەرێنم. ئەو ڕۆژنامە و گۆوارانەی لە زینداندا بڵاوی دەکەنەوە دەیخوێنمەوە.

تووسەن: کەوا بوو لێرە کار ناکەی؟

یۆسفی: نا بە هیچ چەشنێک.

تووسەن: کەنگێ بە ئێوەیان ڕاگەیاند کە من دەمەوێ بت بینم؟

یۆسفی: هەر ئەو کاتەی هێنایانمە ئێرە و کوتیان کاربەدەستێکی دەرەوە هاتووە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ و قسەت لەگەڵ بکا.

تووسەن: ئایا یەکەم جارە کە ڕۆژنامە نووسێکی بێگانە دەبینی؟

یۆسفی: بەڵێ ئەوە یەکەم جارە.

تووسەن: ئایا خزم و کەس و کارت هەیە؟

یۆسفی: برایەک و دوو خوشکم هەیە، برایەکی دیکەم هەبوو کە لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد و پێنج منداڵی لە پاش بەجێماوە، کەسی دیکەم نییە.

تووسەن: خزمەکانت لە کوێ دەژین و ئایا دێن بۆ دیتنت؟

یۆسفی: ئەوان لە مەهابادن و لێرە دوورن لە زیندانی قەسر جار جار دەهاتن بۆ دیتنم بەڵام لێرە هێشتا نەهاتوون.

تووسەن: ئایا نامە دەنووسی بۆ خزمەکانت؟

یۆسفی: لە ماوەی ئەو هەشت مانگەی وا لێرەم نامەم نەنووسیوە.

تووسەن: بۆ؟ چونکە پێت خۆش نەبوو نامە بنووسی؟

یۆسفی: نا لە بەر ئەوەی کە لێرە هەلومەرج وایە کە بۆ نووسینی نامە ماوە دیاری دەکرێ بە هەر سێ مانگ یان هەر چوار مانگ جارێک بەڵام جارێ هیچیان بە من نەگوتوە .

تووسەن: بە گشتی لە زینداندا بوون خۆش نییە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا من وا بزانم زیاتر پێت خۆشە لەو زیندانەی ئێرە بی.

یۆسفی: نەخێر، بە هیچ چەشنێک پێم خۆش نییە لێرە بم، زیندانی «قەسر» بۆ من باشتر بوو هەڵبەت ئەگەر ئاکاری زیندانەوانەکان باش بێ، چونکە لەوێ مافی ئەوە هەبوو خەڵک بێن بۆ لام بەڵام لێرە ئەو مافەم نییە.

تووسەن: ئایا هیچ ئاواتێکت هەیە؟

یۆسفی: مەبەستتان چییە؟

تووسەن: شتێکی کە لە ژیانتدا بە ئاواتی دەخوازی و ئێستا لێی بێ بەشی؟

یۆسفی: بۆ کابرای زیندانی بەر لە هەموو شتێک ئازادی لە گۆڕێ دایە بەڵام من بەداخەوە ئازادیی خۆم بەو زووانە نابینم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئازادی بە پەشیمان بوونەوە و داوای لێبووردن بە ستراوەتەوە، بەڵام چونکوو من خۆم بە تاوانبار نازانم هیچ هۆیەک لە ئارادا نابینم کە لە کردەوەی خۆم پەشیمان بم و داوای لێبوردنیش هەر ناکەم، چونکوو تاوانبار نیم.

ئەوە بابەتە لە ڕۆژنامەی» کوردستان» ژمارە ٤٦ ڕەشەمەی ١٣٥٥- مارسی١٩٧٧وەرگیراوە.

# کوردستان

ژمارە: ٦١٠

٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢

٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٣




# سینەمای کوردستان!



عەلی لەیلاخ

له کۆتایی سەدەی ۱۹وە، بەرەبەرە هونەری سینەما که پێی دەگوترێ هونەری حەوتەم، سەری هەڵداو لەڕێگای پەردەی نواندنو هەروەها تەلەڤیزیۆنەوە کەوتە بەر دیدەی بینەرانو له سەرانسەری دنیادا پێشوازییەکی زۆری لێکرا. دەتوانین بڵێین مێژووی تەمەنکورتی سینەما مێژوویەکی جەنجاڵو پڕبەرهەمو داهات بووەو تا ئێستا هەورازو نشێوی زۆری تێپەڕاندوە. هەڕەشەو مەترسیی زۆریشی به خۆیەوە بینیوەو هەرلەو کاتەشدا تەئسیری زۆری لەسەر مێژوو داناوە.

سینەما ئێستا که به سەنعەتێک ناسراوە هەم دەتوانێ



داهاتی ئابووریی باشی هەبێ هەمیش هەر وڵاتێک دەتوانێ خاوەنی مۆری سینەمایی خۆی بێ، وەکوو سینمای» ئەمریکاو، رووسیاو فەرانسەو... بێجگه لەمانه به هۆی کاریگەریی زۆری ئەم هونەره لەسەر کۆمەڵگا له مێژه دەسەڵاتدارانو سیاسەتوانان هەوڵیان داوه ئەم هونەره بخەنه ژێر ڕکێفـو چاوەدێریی خۆیانو وەک تریبۆنێک بۆ گەیاندنی بیرۆکەی فیکریو سیاسیی خۆیان کەلکی لێوەرگرن. وەک دەڵێن: سێبەری «مۆسولینی»و بیرۆکەی فاشیسم بەتەواوی بەسەر سینەمای ئەوکاتی ئیتالیادا زاڵ بوو، دەبووایه سیناریۆی فیلمەکان له ڕەهەندی فاشیسمو به پێی بەرژەوەندیی حیزبیو فیکریی ئەوان دەرچووبا که بتوانن بەم شێوەیه که باشترینو بەکەڵکترین ڕێگایه بیرۆکەی خویان بەسەر جەماوەری خەڵکدا بسپێنن.

نەتەوەی «یەهوود»یش له درێژەی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتو وڵاتی سەربەخۆدا له باری کەڵکوەرگرتن له سینەمادا هەوڵێکی زۆریان داوه تا ئێستایش بەپشتیوانیی کۆمپانیا گەورەکانی فیلمسازی له دنیادا، توانیویانه ستەمو ژینۆسایدی گەلەکەیانو هەروەها بەرنامەو ڕوانگەی خۆیان به جیهان بناسێنن. چۆنکه سینەما سەلماندوویەتی که کاریگەریی زۆری لەسەر مرۆڤ هەیه، باشترینو بەربڵاوترین ڕێگایه بۆ ناساندنی هەر چەشنه بیرو فەرهەنگو پێناسەیەک. هەروەها چەند ساڵێکه دەبینین که

زۆربەی وڵاتەکانی جیهان وەکوو «هیند»، «کوریای باشوور»و «تورکیا» بۆ بەدنیاناساندنی فەرهەنگو کەلتوورو شوێنه مێژوویی‌و سروشتی‌یەکانی وڵاتی خۆیان له ڕێگای سازکردنی فیلمو بەرهەمی سینەمایی‌یەوه ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووه.

ئەگەر ئەمه قەبووڵ بکەین که هەر وڵاتو نەتەوەیەک له دنیای ئەمرۆدا، دەتوانن له ڕێگای سینەماوه دەنگو ڕەنگی ژیانو ڕووداوه خۆشو ناخۆشەکانی مێژووی خۆیان به گوێی دنیا بگەیێنن، تەنانەت ڕوانگەی خەڵک به نیسبەتی خۆیان بگۆڕن که زۆر جار له ڕێگای نەیارانو دوژمنانەوه ڕواڵەتێکی ناحەزو بەپێچەوانەی لێ





نیشان دراوه، سینەما دەتوانێ دەرفەتێکی هونەریو بەقازانج بێ لەم بارەیەوه. هەربۆیه نەتەوەی کوردیش به لەبەرچاوگرتنی ئەم دووخاڵه سەرەکی‌یه، نیازی جیددیی به هونەرو سەنعەتی سینەما هەیه:

۱-ناساندنی میژوو، فەرهەنگو هونەرو کەلتووری کورد به جیهانی دەرەوه.

۲-ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی دیکه بۆلای بەسەرهاتو بێبەشی‌یه نەتەوایەتی یەکانی.

ئاوردانەوەیەک بۆ سەر سینەمای کوردستان

ئەگەرچی کورد به هۆی نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆ تائێستا نەی‌توانیوه له باری سینەماوه ئەوجۆره که پێویستو شیاوه خۆی دەربخا، بەڵام سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان به خوشحاڵی‌یەوه دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوته هونەری‌یه دەستی پێکردوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەدەرکەوتنی دەرهێنەرو نووسەرو ئاکتەرەکانی ئەم بواره له پارچه جیاجیاکانی کوردستان، مزگێنیی داهاتوویەکی پڕشنگدار دەدا. سەرەتا له کوردستانی باکوور لەسەر دەستی کەسانی وەکوو «یەڵماز گۆنەی» که یەکێکه له ناسراوترینو بەناوبانگترین سینەماکارانی کورد دەستی پێکرد.

«یەلماز گۆنەی» ساڵی ١٣١٦ی هەتاویی له گوندی»یەنیجه»ی سەربەشاری»ئەدەنه»له باکووری کوردستان له دایک بووه. یەڵماز فیلمسازێکی گەورەی کورد بوو که زیاتر له ٦٠ فیلمی ساز کردو له زۆربەیان‌دا بۆخۆی وەکوو ئەکتەر ڕۆڵی گێڕا. خاڵی بەرچاو له ژیانی هونەریی ئەم هونەرمەندەدا ئەوەیه که «یەڵماز» به گیرفانی بەتاڵو به کەم ئیمکاناتی کاری گەورەی دەکرد. بێجگه له دەستتەنگی‌و هەژاری له پاداشی هەر سەرکەوتنێکی هونەری‌دا به چەشنی دزو جنایەتکاران دەخرایه زیندانو دەکەوته ژێر ئەشکەنجەو سزادان. تەنانەت له بەندیخانەش‌دا سیناریۆی فیلمەکانی خۆی دەنووسی‌و کاری دەرهێنەری (کارگردانی) ی فیلمەکانی ئەنجام دەدا. سەرجەم ساڵانی براوەوەی زیندان بۆ «یەڵمازگۆنەی» به هۆی تاوانی سازکردنی فیلم گەیشته١٠٠ساڵ. هەتا له ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی‌دا هەڵاتو خۆی گەیانده وڵاتی فەرانسەو لەوێ چەند کاری گەورەی سینەمایی به ئەنجام گەیاندنو خەڵاتی جیهانیی وەدەست هێنا. یەڵماز له فەڕانسه بەهۆی سەرکەوتنی فیلمەکانی داهاتێکی زۆری دەست کەوت که هەمووی به نەتەوەکەی بەخشی‌و تەرخانی کرد بۆ پێ گرتنی «ئەنستیتۆی کورد». بەداخەوه ئەم هۆنەرمەنده ساڵی ١٣٦٣ له پاریس کۆچی دوایی کردو له گۆڕستانی « پێرلاشێز»تەسلیمی خاک کرا.

سینەما له ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئێستا سینەماکارانی کورد له ڕۆژهەلاتی کوردستان به نیسبەت پارچەکانی دیکه، نەخشی بەهێزترو بەرچاوتریان هەیه. نموونه بەهمەن قوبادی که توانی به ماوەیەکی کورت له ئاستی نێونەتەوەیی‌دا خۆی بناسێنێ.

«بەهمەن قوبادی» به کورته فیلمەکانی خۆی که زۆربەیان خەڵاتیان وەرگرت هەر زوو نیشانی‌دا سینەماکارێکی به توانایه. یەکەم فیلمی درێژی قوبادی‌و یەکەم فیلمی کوردی «ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان» بوو که توانی خەڵاتی کامێرای زێڕینی فستیڤاڵی «کان» وەربگرێ‌و ناوبانگی جیهانی بۆ خۆی‌و سینمای کوردستان وەدەست بێنێ.

به دوای بەهمەنی قوبادییش‌دا کەسانێکی دیکه هاتنه بواری هونەری سینما. دەرهێنەرانێک وەکوو «جەمیل ڕۆستەمی» به فیلمی «ژانی گەل».. هەوەها هونەرمەندانێک وەکوو» شارام عەلیدی» و»بەتین قوبادی»و ..، تا دەگاته هونەرمەندی جوانەمەرگ «تەها کەریمی» که ئەگەرچی تەمەنی هونەریی ئەم هونەرمەنده زۆری نەخایاند بەڵام چەندین بەرهەمی بەنرخی پێشکەش به سینەمای کوردستان کرد.

له کوردستانی باشووریش کەم نین ئەو کەسانەی له بواری سینەمادا خەریکی چالاکیی هونەرینو سەرکەوتنیان بەدەست هێناوه کەسانێک وەکوو « مەهدی ئومید»و «هونەر سەلیم»و زۆرکەسی دیکه..

ئەگەرچی به هۆی نەبوونی وڵاتو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ناکرێ چەمکی سینمای کوردستان به گشتی بەکار بهێنین، بەڵام هیچ شک وگومانێک لەوەدا نیه که سینەماکارانو دەرهێنەرانی کورد خاوەنی پێناسەو شوناسی هونەریی تایبەت به خۆیانو کوردو کوردستان له بەرهەمو سەرکەوتنەکانی ئەو هونەرمەندانه، شادو سەرفرازن. جێگای خۆیەتی که ئاماژه بەو خاڵەش بکەین که پێویسته هونەرمەندانی سینەماکار ئەوەنده نەچنه نێو چوارچێوەی خواستو ویستی فستیڤاڵەکانو تێبکۆشن له ڕێگای هونەری جادوویی سینەماوه، به جوانترین شێوه فەرهەنگو هونەرو مێژووی وڵاتەکەیانو، خەمو مەینەتی نەتەوەکەیان به جیهانی‌یان بناسێنن.

ژێدەر:

ماڵپەڕی سینەمای جیهان، «دانشنامەی رشد»

هەڵەپچێنی

# عەمەلیاتی جوانکاریی لووت



مستەفا شێخه

داوای لێبووردن له خوێنەری بەڕێز دەکەم که ئەمجاره ناپەڕژێمه سەر هەڵەچاندن له زمانی کوردی‌دا. به هۆی زەروورەتو ئورژانسی‌بوونی عەمەلیاتی گشتیی جوانکاریی لووت، زیاتر لەسەر ئەم بابەته هەڵوێسته دەکەم.

عەمەلیاتی جوانکاریو ڕێکوپێک کردنی لووت، له ڕۆژهەڵاتی ناوینو به تایبەت له ئێرانه خۆشەکەی خۆمان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورەی بەدوای خۆی‌دا هێناوه. کاک کەیوانی کۆنەبرادەرم، لەم دوایانەدا بەپەله خەریکی نوێبوونەوه و پۆستمۆدێرن‌بوونه. کەیوان، پێشتر ناوی بایز بوو. ئەم ناوەی دوای کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی عەمەلیاتی جوانکاریی لووتی بۆخۆی هەڵبژارد.

کاک بایز، ببوورن کاک کەیوان، دوای عەمەلیاتکردنی لووتی، تەنیا ناوی خۆی نەگۆڕیوه، زۆر گۆڕانی دیکەشی بەسەردا هاتووه. جله کوردی‌یەکانی به کەواو پانتۆڵی مرادخانی‌و ڕانکوچۆغەو هەموو شتێکەوه بۆ خالۆزاو پلکەزاکانی ناردوونه گوند. هەموو پشتێندەکانیشی ڕەپێچەک داون له گەڵ جلەکان ئاخنیونیه نێو کیسه نایلۆنێکی ڕەشو ناردوونی. ئێستا بەردەوام تیشێرت دەکاته بەر. ئەگەر له کۆڵانەکەشیان کەس دیار نەبێ، جاروبار به پانتۆڵی سێچارەگەوه سەرێک به کۆڵان‌دا دەگرێ. ئەم پانتۆڵه سێچارەگەی دەڵێی شەڵواری جینه، لەپشت ئەژنۆیان‌ڕا بڕیویەتەوه. باکەیوان دەڵێ هەست دەکەم دوای عەمەلیاتکردنی لووتم شۆڕشێکی قووڵ لەمن‌دا ڕووی داوه. باکەیوان دەگێڕێتەوه کاتێک بۆ عەمەلیاتکردنی لووتی چووەته لای دکتۆری پسپۆڕی قیتوکورت کردنی لووتی زلو نووکدرێژو خواروخێچ، له ژووری چاوەڕوانیی نۆڕینگەی پزیشکەکه چاوی به کۆمەڵێکی زۆر ژن کەوتوه. ژنەکان له نۆرەی جوانکردنی خۆیان‌دا بوون. باکەیوان دەڵێ ئەو قەیرەکچانەی له ژووری چاوەڕوانیی دکتۆری پسپۆڕ دانیشتبوون، ئەوەندی به لووتی قەپۆزبەرانی‌و دەنووکدرێژەوه تووڕەبوون، چەند ئەوەنده بیریان له گۆڕینی ناویان دەکردەوه. بەڵام کچه کەمتەمەنەکان ئەوەیان پێوه دیار نەبوو. قەیرەکچەکان زۆر له ناوەکانی مێرێو ئەسمەرو خەجێو ڕابی بێزار بوون. هێندێکیان کەیفیان به ناوەکانی وەک گوڵاڵەو بێریڤانو ستران‌و نەرمینو شتی واش نەدەهات. ئەوەندەی خولیای عەمەلیاتکردنی لووت بیستبووی، حەزیان له ناوەکانی وەک دلاراو کەتی‌و شتی وا بووه.


ئەمن زۆر خۆشحاڵم که لووتی کاکه باکەیوان زۆر کورت کراوەتەوەو ئیدی لەمەودوا کاتێک پەرداخی ئاو بەرز دەکاتەوەو لووتی بۆ هەڵدێنێ، ئەم لووته جوانو تیفتیفەدراوه له گەڵ لێوی پەرداخەکه کێشەی بۆ دروست نابێ‌و تڵپاتی تەڕیش لەبنی پەرداخەکەدا ناهێڵێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، کەیوان ڕاسته نەک باکەیوان، بەڵام ئەمن که دەمهەوێ ناوی بێنم، هەر ناوه کۆنەکەی واته بایز دێتەسەر زمانم. دوای ئەوەی نیوەی وشەی بایزم لەدەم دەردەپەڕێ، کەیوانم وەبیر دێتەوه. جا هەر لەبەر ئەمەیه تا دەمهەوێ بڵێم کەیوان، بایز تا نیوەی دێته سەر زمانم.


باکەیوان دەڵێ نەک هەر له ژووری نۆڕینگەی پزیشکەکانی تایبەت به کورتکردنەوەو قیت کردنەوەی لووت، بەڵکوو ماوەیەک لەمەوبەر لەنێو بازاڕو له فرۆشگاکانو له چێشتخانەو نێو پاسەکانیش‌دا دەمدی خەڵک هەموویان لووتیان هەڵبەستوه. بەوەڕا دیار بوو که ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لووتیان عەمەلیات کردوه. جا ئەگەر خەڵک ئاوا به کۆمەڵ لووتیان عەمەلیات کردبێ، دیاره گۆڕانکاری‌یەکانی دوای عەمەلیاتی جوانکاریی لووتیش به کۆمەڵ ڕوو دەدەن.

باکەیوان بەوەوه نەوەستاوەو خووی داوەته هێندێک کار که تا ئێستا خۆی لێنەدابوون. له ڕاپرسی‌یەکدا که له نێو دەیان کەسی لووتهەڵبەستراودا ئەنجامی داوه، بەم ئاکامه گەیشتوه که ئەوانەی لووتیان کورت کردووەتەوه، باشتر پێش خۆیان دەبینن. دەڵێ زۆربەی لووتهەڵبەستراوەکان باسی ئیسلاحات و چاکسازی‌یان کردوه. ئەوی ڕاستی بێ، باکەیوان نەیگوت چاکسازی، گوتی ئیسلاحات، ئەم وشەیەی دیکه خۆم زیادم کرد. ئەو گوتی لووتهەڵبەستراوەکان گوتوویانه، تەنیا ئەوانەی لووتمان هەڵبەستوه، عەمەلیاتی جوانکاریی لووتمان بۆ نەکراوه، بەڵکوو له سەتا نەوەتونۆو کەمێک زیاتریش ئەو کەسانەی لووتیان قیتو بچووکه، ئەم عەمەلیاتەیان بۆ ئەنجام دراوه. به قسەی باکەیوان، پاساوی لووتهەڵبەستراوەکان ئەوه بووه ئەوانەی لووتیان عەمەلیات کراوه، هەموویان له هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایی‌یەی ئێران‌دا بەشدار بوون.

ئۆباڵی ڕاستی‌و ناڕاستیی ئەم قسانەی باکەیوان به ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەوەی من ئازار دەدا ئەو فشارەیه که بایزی دوێنێ‌و کەیوانی ئەمڕۆ بۆ منیان هێناوه. ئەم کاک کەیوانه که بەردەوام لێم دەبێتەوه به بایز، وازم لێناهێنێ‌و داوام لێدەکا ئەمنیش ئەم لووته جوانەم بدەمه بەر چەقۆی دکتۆری جوانکاری‌و کەمێکی دیکەی قیت بکەمەوه. ئەمنیش نه له عەمەلیاتەکه دەترسمو نه پێشمخۆشه دڵی باکەیوان بشکێنم، بەڵام دەترسم لووتم لەوه قیتتر بێتەوەو هەرشتێک بەردەستی خەڵک بگرێ، خێرا له جیاتی سینگوولکەی نێوقەدی دیوار، بەلووتی منیەوه هەڵواسن.



# بۆ مەرگی خەباتکاری ناکام، عەزیزی یوسفی



عەزیز گیان!
خۆشەویستیی تۆ
له ناو قووڵایی دڵمانە،
به مەرگی وا له ناکاوت،
هەموو کەس چاو به گریانە.
ئەوەندەی بیر دەکەم دەڕوانمە ئاکار و بڕوات
به موو تێی دا نییە ناشیرینی و چەوتی
هەمووی جوانە.
به سەر بەرزی ژیاوی بۆ گەلت بۆیە
له بیر ناچی،
مەرامی بەرز و بروات تێکەڵاوی خوێنی لەشمانە
به تاڵ و سوێری تێپەر بووژیانی پڕ له ناسۆرت،
بەڵام هەرچی بوو مەردانە،
سەرت ناوە له گۆرخانە
سەرت هەڵ بێنە کاکە! تاوێ دەوروبەر تەماشا کە
بزانە چۆن له دەورەت شین دەگێرن هەرچی ئینسانە.

ڕەحمەتی مەلا غەفوور دەباغی (حافیزی سابڵاغی)

(جۆزەردانی ١٣٥٧له سەر گڵکۆی شەهید له کاتی بەخاکسپێرانی دا خوێندوویەتەوه)

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 610 20 june 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان به بۆنەی ۳۳ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان

ئەمڕۆ ۲۷ی جۆزەردان سی‌وسێیەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانە. لە ۲۷ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۵۹دا بزووتنەوەی نەتەوەیی_ دیمۆکراتیکی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هەستکردن بە گرنگیی میدیاو گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەو حەقخوازانەی نەتەوەی کوردو هەروەها بەرپەرچدانەوەی میدیای چەواشەکاری کۆماری ئیسلامی ئەم ڕادیۆیەی دامەزراند.


ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەرچەند بە کەمترین ئیمکاناتو لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دامەزراو درێژەی بەکار دا، بەڵام هەر زۆر زوو توانی ببێتە ئەو ڕاگەیەنەی کە خەڵکی کوردستان تامەزرۆی بوون. هەر بۆیە ئەم ڕادیۆیە توانی لە چەند بواری گرنگدا دەوری کاریگەر ببینێ.ڕ ئامانجو سیاسەتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، گەیاندنی زانیاری لە بارەی چالاکیو تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو سەرەنجام بەرپەرچدانەوەی بانگەشەی چەواشەکارانەی میدیای کۆماری ئیسلامی لەو ئامانجانە بوون کە ئەم ڕادیۆیە توانی سەرکەوتووانە بە ئەنجامیان بگەیەنێ.

لە ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا ڕێز دەگرین لە سەرجەم ئەو تێکۆشەرانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم ڕادیۆیەدا کاریان کردوەو بەتایبەتیش ڕێز دەگرین لە یادی ئەو تێکۆشەرانەی لە دامەزراندنو گەشەپێدانی ئەم ڕادیۆیەدا زەحمەتو شەونخوونیی زۆریان کێشاوە.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**۲۷ی جۆزەردان ۱۳۹۲**
**۲۰۱۳/۰۶/۱۷**

## کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کارگێڕانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەبۆنەی ۳۳ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕادیۆیە








لە کۆبوونەوەیەکی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا لەگەڵ کارگێڕانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ڕێز لە ۳۳ ساڵ خەباتو تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرا.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ۲۷ ی جۆزەردان لە بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان کۆبوونەوەیەک بۆ یادی ۳۳ ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، ئەندامانی ناوەندی ڕاگەیاندنو ڕاگەیەندکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەڕێوە چوو، یادی ۳۳ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەرز ڕاگیراو باس لە گرینگیی تێکۆشانی ڕادیۆو کاریگەریی هەمەلایەنەی دەنگی ئەو ڕادیۆیەیە لە بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی ساڵرۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان گوتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەرچەند بە کەمترین ئیمکانات و لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دامەزرا و درێژەی بەکار دا، بەڵام هەر زۆر زوو توانی ببێتە ئەو ڕاگەیەنەی کە خەڵکی کوردستان تامەزرۆی بوون. هەر بۆیە ئەم ڕادیۆیە توانی لە چەند بواری گرنگ دا دەوری کاریگەر ببینێ. ڕوونکردنەوەی ئامانج و سیاسەتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، گەیاندنی زانیاری لە بارەی چالاکی و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرەنجام پەرپەرچدانەوەی بانگەشەی چەواشەکارانەی میدیای کۆماری ئیسلامی لەو ئامانجانە بوون کە ئەم ڕادیۆیە توانی سەرکەوتووانە بە ئەنجامیان بگەیەنێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب وێڕای پیرۆزبایی لە کارگێڕانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، کورتە باسێکی لەسەر ڕۆڵو چالاکیی گرینگی ڕادیۆ کوردستان لە مێژووی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

شایانی باسە کە لە دوایین بەشی ئەو کۆبوونەوەیەدا کارگێڕانی ڕادیۆ هەندێک بیرەوەریی خۆشو ناخۆشی کارکردنیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان‌دا بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە گێڕایەوە.




بەر لە ماڵاوایی

## خەباتکاری گەورە، نەمر عەزیز یۆسفی لە دەلاقەی وتوویژێکی نێو بەندیخانەوە

ئەگەر لە باشووری ئەفریقا « نێلسۆن ماندێلا»مان هەیە کە لە پێناوی خەبات بۆ ئازادی دا ۲۷ساڵ لەتەمەنی خۆی لە بەندیخانەدا تێپەڕکردوە لە نێو ئێمەی کوردیش‌دا کەسایەتییەکی وەک نەمر عەزیز یۆسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان هەیە کە پتر لە ۲۵ ساڵی تەمەنی خۆی لە زیندان‌دا بە سەر برد و بووە مایەی شانازیی نەتەوە بەشخوراوەکەیەتی. ئەو مرۆڤە لە خۆبردووە و ئەو تێکۆشەرە سیاسییە ڕووناکبیرە، شایانی ئەوەیە بە نەسلەکانی ئەمڕۆی کوردستان بناسێندرێ و بە تایبەتی و بەو جۆرەی شایانی گەورەیی ئەو کەسایەتییە، ئاوڕی لێبدرێتەوە.

ئەو تێکۆشەرە خۆشی بە خۆ نەدیوە لە ساڵەکانی ۱۳۳۰ بەولا وە سێ (۳ ) جاران زیندانی دەکرێ. تا دواین جار بۆ ماوەی نزیک ۲۰ساڵ لە زیندانەکانی ئێران دا ڕاگیراوە و هاوکات خۆشی بە وەرگێڕانی چەند کتێبی باش ماندوو کردوە. کاک عەزیز ئەو قارەمانە ورە پۆڵایینە کە پاشی زیاتر لە ۲۵ ساڵ لە بەندیخانەکانی پەهلەوی دا زیندانی کرابوو، شای ئێرانی بە چۆک دا هێنا و ئازاد کراو، بەڵام تەمەنی دوای هاتنەدەر لە زیندانی بە داخەوە زۆر کورت بوو. بە هۆی کاریگەریی ئەو نەخۆشییانەی لە ماوەی ۲۵ سال دیلی دا تووشی ببوو، چەند مانگ دوای هاتنەدەر لە زیندان، لە ۱٦ی جۆزەردانی ۱۳۵۷ کۆچی دوایی کرد. ڕێورەسمی بەخاکسپاردنو پرسەی ئەو نەمرە، بوو بە گەورەترین و حەماسیترین کۆبوونەوەی جەماوەریی خەڵک دژی ڕێژیمی پاشایەتی کە دوای جووڵانەوەی نیشتمانیی سەردەمی موسەددیق، نموونەی نەدیترابوو.

لەم وتووێژەی خوارەوەدا کاک عەزیز زۆر قارەمانانە وڵامی ئەو هەواڵنێرە بەلژیکی‌یە دەداتەوە کە لە زیندان‌دا چۆتە سەردانی و دەسەڵاتی پاشایەتی تۆمەتبار دەکا کە بێ‌گوناح دەستبەسەری کردوە. بە هۆی ئەوە کە ئەم وتووێژە گرنگیی خۆی هەیە، پێمان باش بوو جارێکی دیکە و بە بۆنەی ۳۵ ساڵەی کۆچی دوایی کاک عەزیز بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و هەموو تێکۆشەران و خەمخۆرانی کورد با لە ئاگاداری گۆشەیەک لە ژیان و خەباتی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕە بن.

ئەم وتووێژە لە ڕۆژنامەی «کوردستان «ژمارە ٤٦، ساڵی ۱۳۵۵ وەر گیراوە

برایم قەرزاق – ئاڵمان

عەزیزی یۆسفی ڕێژیمی شا ریسوا دەکا

وتووێژی ڕۆژنامەنووسی بەلژیکی تووسەن دەگەڵ کاک عەزیز یۆسفی

تووسەن: ئاغای یۆسفی! هۆی ئەو چاو پێکەوتنە ئەوەیە کە لە بەلژیک کەسانێک هەن عەلاقەیان بە چارەنووسی ئێوە هەیە بە تایبەت پرۆفسۆر لووشار لە دانشگای بروکسێل، کە چەند جار حەولی داوە پێوەندیتان پێوە بکات.

یۆسفی: من دەگەڵ ناوی پرۆفسۆر لووشار ئەوە بۆ یەکەمین جارە ناسیاوی پەیدا دەکەم. ئەوان سەرۆکی کام لێژنەن کە چارەنووسی من بۆ وان ئەوەندە گرینگە؟

تووسەن: ئەوان لە دنیادا لە بیری ۳ زیندانیی سیاسی دان و چارەنووسی وانیان بۆ گرینگە، کە یەکێک لەو ۳ کەسە ئێوەن.

یۆسفی:بەڵێ زۆر باشە، فەرموون کەوابوو هەر پرسیارێکی هەتانە فەرموون با وڵامتان دەمەوە.

تووسەن: بۆ لە ساڵی ۱۹۵۸ (۱۳۳۷) بۆ جاری ئاخر گیران؟

یۆسفی: لە ساڵی ۱۳۳۷ بە هۆی ئەندام بوون لە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گیرام و هەر وەها لە پێشیش جارێک ٤ ساڵ و جارێکی دیکەش بۆ ۲ ساڵ هەر بەو تۆمەتە زیندانی بووم. لە ڕاستی‌دا ئەوە ۲۵ ساڵە بە تۆمەتی ئەندام بوون لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زیندانیم .

تووسەن: لە ساڵی ۱۳۳۷( ۱۹۵۸ ) هەر کە گیران بە دەستی مەئموورانی سازمانی ئەمنییەت کەوتنە بەرلێپرسینەوە، ئایا ئاکاریان خراپ بوو؟ ئەشکەنجەیان کردن؟

یۆسفی: بەڵێ ئەشکەنجەیان کردم، شەلاقیان لێدام و هەروەها دەسبەندی قەپانیان لێدام و هەروەها بەردیشیان پێوە هەڵ داوەسی، ئەو کارانەیان چەندەها جا ر دووپاتە کردۆتەوە.

تووسەن: ئایا لەو دەمەوە دیسان ئەشکەنجە کراوییەوە؟

یۆسفی: ناچونکە تاوانێکی سیاسیی تازە وەپاڵ من نەدراوە ئەشکەنجە نەدراوم.

تووسەن: لە کاتی پێراگەیشتن لە دادگادا ئیعتیرافت کرد کە تاوانباری؟

یۆسفی: من ئیعتیرافم نەکرد کە ئەندامی حیزبم بەڵام دوو بەندی قانوونیان بۆ من لەبەر چاو گرت کە یەکیان بەندی ۳۱۷ یە کە دوو بەشە و تێی‌دا باسی هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن دەکرێ و لە بەشی دووهەمیشی‌دا باسی نیازی کوشتنی شا هاتوە. لە مەر یەکەمینیان کە بریتی‌یە لە هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵ گرتن، کاتێک ئێمەیان گرت ۱۵۰ کەس بووین بەڵام لە لای هیچکامێکمان چەکیان نەدۆزییەوە و خەباتەکەی ئێمە خەباتی چەکدار و بە زۆر نەبووە و خەباتی سیاسی بێ وەکارهێنانی زۆر بووە و بەم پێیە بە نەبوونی چەک و خەباتی بە تۆبزی نەکردن ئەو بەشەی بەندی ۳۱۷ نەدەبوو لە مەڕ من دەکار بکرێ و بەشی دووهەمیشی کە بریتی‌یە نیازی کوشتنی شاو دەبێ بڵێم ئێمە لە مەهاباد بووین کە ناوەندی تێکۆشان و نفووزی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و لەوێش ئێمە مووشەکمان نەبوو کە بیکەین بە ئامرازی کوشتنی شا، کە وابوو هیچ کامێک لەم دوو بەشەی ئەو بەندە لەمەڕ من ناگونجێ. بەندێکی دیکە کە بە گوێرەی ئەو من تاوانبار کرام بەشێکی بەندی شەستە کە باسی جونحە و جینایەتە کە بۆ پێکهێنانی حیزبێک بە ئامانجی ئیشتراکی‌یەوە دەکار دەکرێ. ئەگەر وای دانێین کە من دامەزرێنەری حیزبێکی واش بووبم بە گوێرەی ئەو بەندە من دەبوو بە دە ساڵ زیندام مەحکووم کرا بام. چونکە تاوانەکە دووپاتە کراوەتەوە با پێنج ساڵیشی لێ‌زیاد کرێ لە سەر یەک دەکا پازدە ساڵ، بەڵام ئێستا من ئەوە ۱۹ ساڵە لە بەندیخانە دام. بەندی ۳۱۷ لەمەڕ من نە دەگونجا و هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبوو مەحکووم بە مەرگ کراباەو لەمەڕ بەندەکەی دیکەش هەروەک کوتم من ئەگەر دامەزرێنەریش بووبام دیسان دەبوو بە ۱۵ ساڵ زیندان مەحکووم کرا بام نەک بە ئێعدام .

تووسەن: ئایا لە داگا وەکیلت هەبوو؟

یۆسفی:وەکیلی تەسخیریم هەبوو .

تووسەن: دوای ئەوەی بە مەرگ مەحکووم کرای دەسبەجێ ئەو حوکمە هەڵوەشاوە و کرا بە بەزیندانی ئەبەد؟

یۆسفی: نەخێر دوای سێزدە مانگ دەرەجەیەکیان کەم کردەوە .

تووسەن: دادگاکەت لە تاران بوو؟

یۆسفی: بەڵێ لە تاران بوو.

تووسەن: لەو کاتەوە کە مەحکووم کراوی لە کام زیندان بووی؟ یۆسفی: لە سەرەتای گیرانم دا ۱۸ مانگان لە « قزل قەلعە « بووم، پاشان بردیانم بۆ زیندانی «قەسر»، دوایە ماوەی هەشت ساڵ تەبعیدیان کردم بۆ زیندانی «بورازجان» و سەرەرای ئەوە جارێک شا دەستووری‌دا کە زیندانییە سیاسی‌یەکان لە «بورازجان»ڕا بنێرنەوە شوێنی خۆش ئاو و هەوا هێندێکیان ناردن بەڵام منیان هەر لە «بورازجان» ڕاگرت و ئەم ماوەیە هەشت ساڵی خایاند. هەتاکوو سەرای نیزامی هاتە وێ و من شکایەتم کرد و ئەوانیش فەرمانیان‌دا و لە «بورازجانەوە« بۆ زیندانی « بابوول « تەبعید کرام، سێ ساڵیش لە زیندانی «بابوول»دا بووم .

تووسەن: کەوا بوو لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا کە لە زیندانی بورازجان‌دا بووی هەلومەرجی زیندانەکە لەوێ بە تایبەتی لە باری ئاو و هەواوە زۆر ناخۆش بوو؟

یۆسفی: دیارە.

تووسەن: چەند لە «بابوول» مایەوە؟

یۆسفی: سێ ساڵ.

بۆ لاپەڕی ۱۰